# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - زریان محەمەد

2015

پرۆژەی (100) نامایلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە دیکارت

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 39 )

# ئاشنابوون بە دیکارت

پۆلستراتێرن
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕێباز مستەفا

**پێشەکی:**

لەکۆتاییەکانی سەدەی شانزەدا فەلسەفە لەجوڵە کەوتبوو، ئەوە دیکارت بوو، کە دوبارە خستیەوە جوڵەو گیانی وەبەرداهێنایەوە فەلسەفە یەکەمجار لەسەدەی شەشەمی پێش زاین سەریهەڵدا.

دووسەدە دواتر لەگەڵ دەرکەوتنی کەسانی وەک سوکرات، دوای ئەویش ئەفلاتون و ئەرستۆ، فەلسەفە گەیشتە چاخی زێڕینی خۆی .

دوای ئەوە تادوو هەزار ساڵ رووداوێکی گرنگ لەو بوارەدا رووی نەدا بەواتایەکی تر، لەو ماوە دوورو درێژەدا، کارێکی بایەخدارو رەسەن ئەنجام نەدرا .

هەڵبەتە لەو ماوەیەدا چەندین فەیلەسوفی بەرجەستە دەرکەوتن. لەسەدەی سێیەمی زاینیدا (فلوتین)ی خەڵکی ئەسکەندەریە، چەند گۆڕانێکی لەفەلسەفەی ئەفلاتوندا ئەنجامداو لەو میانەدا، فەلسەفەی نوێ ئەفلاتونی لەدایکبوو. دواتر نۆرە گەیشتە (سێنت ئەگوستین)ی خەڵکی هیپۆ، کەتوانی فەلسەفەی نوێ ئەفلاتونی، لەگەڵ پێوەرە پەسەندکراوەکانی یەزداننا سیی مەسیحیدا بگونجێنێ. ئیبن روشد بیرمەندی موسوڵمانیش، چەند چاکسازێکی لە فەلسەفەی ئەرستۆدا کردو (تۆماس ئاکویناس)یش بەنۆرەی خۆی، ئەو فەلسەفەیەی لەگەڵ یەزدانناسیی مەسیحیدا هەماهەنگ کرد. ئەو چوار کەسایەتیە جیایە، هەریەکەو بەچەشنێک کاریان لە پێشکەوتنی فەلسەفەدا کرد، بەڵام هیچیان فەلسەفەیەکی تازەیان دانەنهێنا. کاری ئەوان زیاتر

پەراوێز نوسین و شرۆڤەو روونکردنەوەی فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستۆ بوو. بەمشێوەیە فەلسەفەی ئەو دووفەیلەسوفەی سەردەمی شیرک و بتپەرستی، بووە بەردی بناغەی فەلسەفەی مەزهەبی کڵێسای مەسیحی. هەمان ئەو گۆڕانی ماهیەتی فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستۆ بووە، بنەمای سەرەکیی دروستبوونی فەلسەفەی مەدرەسی (سکۆلاستیک) و ئەمە ناوێکە لەسەر چالاکیە فەلسەفیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست نراوە.

فەلسەفەی مەدرەسی هەمان فەلسەفەی کڵێسا بوو، کەشانازی بەدانەهێنان و نوێ نەبونەوەی خۆی دەکرد. لەو سەردەمەدا دەربڕینی هەمەجۆرە بیرو باوەڕو تێڕوانینێکی نوێی فەلسەفی، تەکفیر، لێپێچینەوەو سەرەنجام بەحوکمی کڵێسا سوتاندن و خستنە نێو ئاگری لێدەکەوتەوە. وردە وردە هزرو ئەندێشەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ لە دووتوێی کتێبە زۆرو زەوەندە شرۆڤەییەکانی شیکەرەوە مەسیحیەکان و مایەی پەسەندی کڵێسا کپکران و نێژران و بەمشێوەیە رەگ و ریشەی ئەندێشەی فەلسەفی وشک بوو. لەناوەڕاستەکانی سەدەی پانزەیەم، ئەو رەوشە ناهەموارە، دەتوانین بڵێین لە هەموو بوارەکانی چالاکیی هزریدا زاڵ بوو، لە سەرانسەری ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەسەڵاتی رەهاو بێ چەند و چوون لەدەستی کڵێسادابوو، بەڵام لەهەمانکاتدا یەکەم درزی ئەو چەقبەستنە بەرد رێژەی فەلسەفە دەرکەوت. ئەوەی سەرەنج راکێشە ئەوەیە، کە شوێنگەی سەرەکیی دەرکەوتنی ئەو درزە هەمان دنیای کلاسیک (واتە یۆنان و رۆم) بوو کە ئەفلاتون و ئەرستۆی تێدا هاتبوونە دنیاوە. زۆر لەو چەمک و رێنماییانەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەدەست چووبوون، یان لە بیرکرابوون، دوبارە زیندوبوونەوە و بوونە ئیلهامبەخشی رێنیسانس (نوێگەری)ی زانستی مرۆڤایەتی.

رێنیسانس ئێڕوانینێکی نەرم و نیانی مرۆڤانەی لەگەڵ خۆدا هێنا. بەرهەم و دەرەنجامی ئەو ئێڕوانینە چاکسازی ئایینی (RTEOMATION) بەدواداهات، کە کۆتای بە باڵادەستی و هەژمونی کڵێسا هێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئێپەڕینی نزیکەی سەد ساڵ بەسەر ئەو گۆڕانکارییە لە ئەوروپادا، فەلسەفە هێشتا لەکۆت و بەندی مەدرەسەگەریدا گرفتار مابووەوە. ئەو رەوشە تەنها بەدەرکەوتنی دیکارت کۆتای هات، کەفەلسەفەیەکی گونجاوی بۆ چاخی نوێ بنیات نا. زۆری پێنەچوو کە ئەوسیستەمە فەلسەفیە لەسەرانسەری ئەوروپادا پەرەی سەندو بڵاوبووەوە، تەنانەت بۆ ڕێزنان لەو بە دیکارتگەریی(CARTESIANISM–CARTESIUS) ناوزەدکرا.

## ژیان و بەرهەمەکانی دیکارت

دیکارت لەماوەی ژیانی خۆیدا، هەرگیز خۆی بەپیشەیەکی جێگیر گرێ نەدا. ئەو لەبۆنەی جیاجیادا خۆی بە سەرباز، ماتماتیکزان، بیرمەندو ئەرستۆقرات دەناساند. هەڵبەتە ئەمەی دوایی لەهەمووان زیاتر، لەگەڵ رەوشی ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەودا دەهاتەوە. مەیلی بۆ لای ژیانێکی ئاسودەو حەساوە لە قۆناغی لاوێتیدا هەر زوو بووە خوێک. ئەو لەشوێنگەی دەرامەتی تایبەتی خۆیەوە، بژێوی ژیانی خۆی دابین دەکرد، نیوەڕۆیان لەخەو هەڵدەستا و هەرکاتێک حەزی لێبا سەفەری دەکرد و هەموو ژیانی ئەو لەومەدا تەواو دەبوو- نەڕوداوێکی گرنگ، نەهاوسەرێک و نەسەرکەوتن (یان شکست)ێکی کۆمەڵایەتی گەورە، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان دیکارت داهێنەرترین فەیلەسوفێکە، کەتا پانزە سەدە دوای مەرگی سوکرات هاتبێتە مەیدانی ژیان و بوونەوە.

(رێنە دیکارت-RENE DESCARCES) لە(31)ی مارسی(1596)ی لە شارۆچکەی (لاهای - LAHAAYE)، سی مایلی باشوری شاری(تور) لەدایکبووە. ئەو شوێنە ئێستا بەناوی دیکارت ناونراوە، ئەگەر سەفەرێک بۆئەوێ بکەین دەتوانین ئەو خانووەی کە دیکارتی تێدا هاتۆتە دنیا، هەروەها کڵێسای ( سێنت جۆرج)ی سەر بەسەدەی دوانزەش کە دیکارت دوای ئەوەی لەدایکبوو، لەوێ ئاوەمۆرکرا، هێشتا لەوشارەدا هەر ماوەتەوە و نەڕوخاوە.

رێنە چوارەم منداڵی ئەو خێزانە بوو، دایکی ساڵێک دوای لە دایکبوونی، کاتی هێنانە دنیای منداڵی پێنجەم، کۆچی دوایی کرد. باوکی(ژواکیم) لەدیوانی باڵای بەریتانیا دۆزگەر بوو. شوێنی دادگاکە لەشاری(رێن) لە (140) کیلۆمەتری زێدی دیکارتەوە بوو، بۆیە ژواکیم کەمتر لەنیوەی ساڵ لەماڵەوە دەبوو. ژواکیم ماوەیەک دوای مردنی هاوسەرەکەی، دوبارە ژنی هێنایەوەو رێنە لەماڵی داپیرەدا پەروەردە بوو. لەوسەردەمەدا، ئەو لەهەموان زیاتر حەزی لە پەرستارەکەی خۆی دەکردو ئەو ڕێزو خۆشەویستییەی بەباشترین شێوە پاراست و ئەو ڕۆژەی لەژیاندامابوو، خەرجی ژیان و بژێوی ئەوی دابین دەکرد.

تەمەنی منداڵیی دیکارت لەگۆشەگیریدا تێپەڕی، مەزاجی لاوازیشی ئەو گۆشەگیریەی بەهێزترکرد، بەمچەشنە فێری ئەوە بوو، کەچۆن لەنێو تەنیاییدا بژی. واپێدەچێ ئەو لەساڵەکانی هەوڵی ژیانیدا، کەسێکی کپو کەم دوو بووبێ: منداڵێکی ڕەنگپەڕیوو بەقژێکی رەش و چاوانی گەورەو بەقوڵداچوو، کەبەچاکەتێکی رەش و پانتۆڵ و کڵاوێکی شەبقەیی پانەوەو ملپێچێکی درێژی خوری بەدەوری ملیدا لەنێو باخەکاندا پیاسەی دەکرد.

دیکارت لەتەمەنی هەشت ساڵیدا، نێردرایە خوێندنگەیەکی شەوانەو ڕۆژی یەسوعیەکان، کەتازە لە لافلش کرابووەوە، ئامانج لەکردنەوەی ئەو خوێندنگەیە، فێرکردن و پێگەیاندنی منداڵی ئەرستۆقراتە، خۆجێییەکان بوو، کەتا پێشکردنەوەی ئەو خوێندنگەیە راوکردن و چاودێریکردنی بازو ئەو سەرگەرمیانەی کە لە ماڵەکەیاندا ئەنجامیان دەدا لەفێرکردن و خوێندن بە باشتریان دەزانی. بەڕێوبەری خوێندنگەکە یەکێک بوو، لەدۆستەکانی بنەماڵەی دیکارت، بۆیە لەخوێندنگەدا رێنەی لاو و گۆشەگیر بووە خاوەنی ژوورێکی تایبەت، هەروەها بۆشی هەبوو بەکەیفی خۆی لەخەو هەستێ. وەکو هەموو ئەو کەسانەی کەئەو بوارەیان هەیە، هەڵبەتە دیکارت تا نزیکەی نیوەڕۆ لەخەو هەڵدەستا - خەسڵەتێک کەتا لەژیاندا مابوو، هەر پێیەوە پابەندبوو، لەکاتێکدا کەخوێنکارەکانی تر لەژێر دەستی یەسوعیە بەدخوو لەخۆباییەکان، کە نقومی نێو ئاڵۆزیەکانی فەلسەفەی مەدرەسی بوون، زۆر وەتەنگ دەهاتن و هەراسان دەکران، دیکارتی ژیرو لاو توانی لەفەزایەکی ئاسودەدا درێژە بەخوێندن بدات، نیوەڕۆ لەخەو هەستێ و دوانیوەڕۆ کاتی خۆی بەئەسپ سواری، شمشێربازی و فلوت بگوزەرێنێ. کاتێک کە وەختی پشووی خوێندنگە دەهات، روون بوو کە دیکارت لە هەموو خوێندکارێکی تری ئەو خوێندگەیە، زانست و زانیاری بەدەستهێناوە و تەنانەت رەوشی دەروونی و مەزاجیشی تەواو باش ببوو (گەرچی هێشتا کەسێک دووچاری خۆبە نەخۆش زانی بوو، کە لەماوەی هەموو ژیان سەلامەتی ساڵەکانی داهاتووی، هەر پێوەی گیرۆدەبوو).

ئەگەرچی دیکارت لە سەردەمی خوێندگادا خوێندکارێکی نمونەیی بوو، بەڵام واپێدەچوو هەردەم لە خوێندنی خۆی ناڕازی بێ. ئەو شتانەی کەلەخوێندنگە فێریان دەبوو، لە تێڕوانینی ئەودا بەگشتی بێ بەها دەیان

نواند: ڕێنوێنەکانی ئەرستۆ، کە قـەوارەی سـەدان ساڵی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی توێژەرو لێکۆڵەرانی جیاجیاش هاتە سەرو یەزدانناسی ئاکویناس کەبۆنی کۆنینەیی لێدەهات، بۆ هەر پرسیارێکی وەڵامێکی هەبوو، بەڵام وەڵامی هیچ پرسیارێکی نەدەدایەوە - بەواتایەکی تر زۆنگاوێک بوو لە میتافیزک. لەروانگەی دیکارت، هیچ یەک لەو شتانەی فێری بوو، هیچ یەک لەچەمک و تێگەیشتنەکان، بیرکاری لێدەرچێ، دڵنیاکەرەوەو یەقین نەبوون و ئەو لەماوەی ژیانی خۆیدا، کەژیانی بێ شتەتایبەتەکان، وەکو ماڵ و خێزان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ماناداربوو، هەوڵیدا لێبڕاوی و دڵنیایی تەنها لە زەمینەیەکدا کەخۆی خووی پێوەگرتبوو، واتا لەدنیای هزردا بگرێتەبەر. خوێندنگەی بەناڕەزاییەوە بەجێهێشت. وەکو سوکرات، گەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی کەهیچ نازانێ. تەنانەت بیرکاریش تەنها دەتوانێ دڵنیاییەکی جیا لەبوونی مرۆڤ فەراهەم بکات. تەنها شتێک، کەجگە لەپرسە بیرکاریەکان کەلێیان دڵنیابوو، بوونی خواوەند بوو.

ئەو کاتەی کە دیکارت لەتەمەنی شانزە ساڵیدا خوێندنگەی لافنشی بەجێهێشت باوکی بۆ درێـژەدان بەخوێندن، ناردیە بەرخوێندنی یاسا لەزانسنگەی (پواتیە). ژواکیم دیکارت پێی خۆشبوو کوڕەکەی لە پیشەی داوەریدا بگاتە پلەیەکە بەهادار، وەک چۆن برا گەورەکەی تری ڕێنەنی، هەرئەو ڕێگایەی گرتبوو . ئەوەی دەمی، کارو پۆستی داوەری زیاتر، لەڕێی پەیوەندیە خێزانیەکان بەدەست دەهات و ئەو سیستمی دانانی دادوەرییە، بەهەمان ئەندازەی کە ئەمڕۆ کەدەیبینین، دادوەری ناشایستەی پێدەگەیاند، بەڵام ئەو دوای دووساڵ خوێندن لەرشتەی یاساییدا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەئەندازەی پێویست فێری ئەو زانستە بوو. لەو کاتەدا چەند موڵکێکی گوندێکی بچوکی لەدایکییەوە بە میرات مایەوە، ئەو موڵکانە داهاتێکی

دەستت دەکەوت، کە بۆ ئەو جۆرە ژیانەی کەئەو حەزی لێبوو بەس بوو، بۆیە بڕیاریدا ((بەدواداچوونی بیرو هزرەکانی خۆی)) بۆ پاریس بگوازێتەوە، لەبەرئەوەی کە بنەماڵەی دیکارت لەئەرستوکراتەکان دەژمێردرا، چاوەڕێی نەدەکرد کاتی خۆی بە بیرکردنەوە بەڕێ بکات، بەڵام ئیتر کارێک لەدەستی ژواکەدا نەدەهات - کوڕەکەی ئیدی بە مرۆڤێکی ئازاد دەژمێردرا .

دوای تێپەڕینی دووساڵ، دیکارت لەژیانی رەبەنی و خۆشگوزەرانی خۆی لەپاریس ماندوو بوو، سەرباری سەرقاڵبوونی بە خوێندنەوەی فراوان و جۆراوجۆرو نوسینی چەندین بابەت دەتوانین بڵێین هونەرەکانی، وردە وردە گیرۆدەی ژیانی کۆمەڵایەتی پایتەخت دەبوو، بەبڕوای ئەو ژیانێکی زۆر ماندوکەر بوو، هەڵبەتە پێناچێ ئەو تێڕوانینەی ئەو هەر تایبەت بێ بە کۆمەڵگەی پاریس، بەڵکو واپێدەچێ کەدیکارت هەموو جۆرە ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئاوا ماندوکەر دەبینی، بۆیە ئەو ماندوکەریە هەر تەنها تایبەت نەبوو بەپاریس. دیکارت ژیانێکی ئارامی لەفوربورگ سەن ژەرمەن گرتە پێش، دوور لە هەراو زەنا، جێگایەک کەکەس کەسی هەراسان نەدەکرد. لێرە لەگۆشەگیری تەواودا دەبردە سەرو دەیتوانی ئاوا بەدواداچوونی بۆ هزرو ئەندێشەکانی خۆی لە ئارامیدا درێژەپێبدا. رەنگە دیکارت حەزی لەوە بووبێ تاماوە ئەو شێوە ژیانە درێژەپێبدا، بەڵام دوای چەند مانگ مانەوە لەوێ لەپڕ بڕیاری سەفەرکردنیدا، لەڕاستیدا ژیانی دیکارت لەژێر کاریگەری دوو ڕەوتدا بوو: گۆشەگیری و سەفەر. دەتوت هاوسەنگێکی جوان لەهەموو تەمەنیدا لەنێوان ئەو دوو بوارەدا هەبوو. ئەو هەرگیز هەستی بەنزیکایەتی لەگەڵ دۆستەکانی خۆیدا نەدەکرد، حەزیشی نەدەکرد لەگەڵیان بێ، هەرگیز هەوڵی نەداماڵێکی بنەجێ و جێگیر بۆخۆی پێکبێنێ. ئەوەتا کۆتایی تەمەنی، هەر بێ ئۆقرەو تەنیا بوو.

به لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە، بڕیاری دواتری دیکارت سەیر دێتە بەرچاو، بەڵێ بڕیار دەداتێ بچێتە ڕیزی سوپاوە! ساڵی (1618) چووە هۆڵەندا و وەک ئەفسەری بێ موچە، لەسوپای شازادەی ئورانژ ناوی خۆی نوسی. سوپای پرۆتستانی شازادەی ئورانژ، خۆی بۆ داکۆکیکردن لە سەربەخۆیی یەکێتی هۆڵەندا، لەبەرامبەر ئیسپانیای کاسۆلیکدا ئامادە دەکرد، دەیویست سەرزەمینی هۆڵەندای کۆڵۆنی پێشووی خۆی، بگرێتەوە بەڕاست ئەو ئەرستۆقراتە خوێن ساردە کاسۆلیکە، کە هیچ ئەزمونێکی سەربازی نەبوو، وەک خۆی دەیوت تەنها کەمێک شمشێربازی و ئەسپسواری لەخوێندنگە فێرببوو، بەکەڵکی چی دەهات لەناو سوپای هۆڵەندا؟ داوەریکردنی ئەمە ئاسان نییە، ئەوکات دیکارت هۆڵەندای هەر نەدەزانی و لەسەر رەوشی دێرینەشی تا نیوەڕۆیان لەخەو هەڵنەدەستا. ڕەنگ بێت هۆڵەندیەکان هەرتێبینی ئەوەشیان نەکردبێ و ئەویش لەوپەڕی ئارامیدا لە ناو خێوەتەکەی خۆیدا، خەریکی نوسینی بابەتێک لەبارەی مۆسیقا، یاداشتێکی لەو چەشنە دەبوو (ئەگەر ئەمڕۆ دەبوو دیکارت بەتۆمەتی سیخوڕی تاوانبار دەکرا، بەڵام پێدەچێ لەو سەردەمانەدا، سوپاکان تێگەیشتنێکی دروستیان لەبارەی گرنگی سیخوڕی نەبووبێ و ئامادەی وەرگرتنی هەر سەربازێک دەبوون، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ناسنامەی نەتەوەیی، رادەی وەفاداری و تەنانەت عیلاقەشیان لەبەشداریکردنی مەراسیمی سەربازیدا).

لەبەڵگەکاندا وادەردەکەوێ، کە ئەو لەناو ژیانی سوپادا دوچاری بێتاقەتی بووبێ، بەبڕوای ئەو ژیانی لەوێداو پڕاوپڕ بوو لەبێکاری و بەهەدەردانی کات، واتە لەسوپادا ئەفسەرانێکیش هەبوون، کەدرەنگتر لەو لەخەو هەڵدەستان؟ ئەگەر وابوبێ، سوپای ئیسپانیا پەلامارێکی لەناکاوی بکردایەتە سەر هۆڵەندایەکان، بێگومان ڕووبەڕووی کۆمەڵە خەڵکێکی مەست و خەواڵو دەبوونەوە کەبەرەو

خەوگەی خۆیان دەچوون و ئەفسەرێکی فەرەنسی بەتوڕەیی داوای لێدەکردن، دەست لەپەلامار هەڵبگرن و نەبنەمایەی خەو زەڕاندنیان!

ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ دیکارت دوای ئەوەی نان و چای، بە ێشوازی هەمیشەیی خۆی خوارد بڕیاریدا پیاسەیەک بەناو شەقامەکانی (بردا- دیکارت) بکات. لەوێ تێبینی بڵاوکراوەیەکی کرد بەدیوارێدا هەڵواسرابوو. لەو سەردەمەدا واباوبوو کە پرسیارە حەلنەکراوە بیرکاریەکان وەک ڕاگەیاندنێک بەدیوارەکاندا بچەسپێن و بڵاویان بکەنەوە، ڕێبواران بانگێشتی کێبڕکێ بکەن بۆ حەلکردنیان.

دیکارت زۆر لە شنەکە نەگەیشت (چونکە بەزمانی هۆڵەندی نوسرابوو)، بۆیە لە پیاوێکی ڕێزداری هۆڵندی کەلەتەنیشتیەوە وەستابوو، داوای کرد کەشنەکەی بۆ وەربگرێ. پیاوە هۆڵەندییەکە هێندە نەکەوتە ژێر کاریگەری ئەو ئەفسەرە فەرەنسیە لاوە نەزانە و پێیوت تەنها بەشێوەیەک ئامادە دەبم بۆتی وەربگێڕمە سەر زمانی فەرەنسی، کە ئەگەر بیەوێ پرسیارەکە شیکار بکات دەبێ وەڵامەکەی بێنێتەوە لای ئەو. دوانیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، ئەفسەری لاو چووە ماڵی پیاوە هۆڵەندیەکەو کابرا بەسەرسوڕمانەوە بۆی دەرکەوت، نەک هەر پرسیارەکەی شیکارکردووە، بەڵکو شێوازێکی زۆر داهێنەرانەشی بۆ شیکارکردنەکە بەکارهێناوە.

لـەزاری (ئادرین بایە)ی یەکەم ژیاننامەنوسی دیکارت، چۆنیەتی یەکتربینینی لەگەڵ(ئایزاک دیکمان)ی فەیلەسوف و ماتماتیکزانی بەناوبانگی هۆڵەندی ئـاوابـووە. ئـەو دووانـە تاچەندین سـاڵ دواتـر دۆستی نزیکی یەکتربوون، بۆ مـاوەی دوو خولەک بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بـەردەوام نامەگۆڕینەوەیان لەنێواندا هـەبـووە(گـەرچـی چەندین جـار مشتومڕی تـونـدی نێوانیان لـەسـەر پرسیارە بیرکاریەکان، بۆتە مـایـەی پچڕانی پەیوەندی نێوانیان).

جارێک دیکارت بۆ بیکمانی نوسی، ((من خەوتبووم، تا ئەو دەمەی نۆ لە خەوت هەستاندم)).

هەر ئەویش بوو کە حەزوو خولیاو مەیلی دیکارتی بۆلای بیرکاری و فەلسەفە کە لەو دەمـەی لافلشی بەجێهێشتبوو کوژرابۆوە، دیسان وروژاندەوە.

دیکارت دوای بەڕێکردنی پتر لەساڵێک لەناو سوپای هۆڵەندیدا، سەفەرێکی هاوینەی بۆ ئەڵمانیاو باڵتیک کرد. لەو سەفەرەدا، دوبارە بڕیاریدا ژیانی سەربازی تاقیبکاتەوە. خۆی گەیاندە شارۆچکەی (نۆبۆرگ) لەباشوری ئەڵمانیاو لەوێ پەیوەندی کرد بە سوپای ماکسیمیلیان، دوک باڤاریا، کەئوردوی زستانەی خۆی لەکەنارەکانی سەرووی دانووب هەڵدابوو، وەک دەردەکەوێ ژیانی ناو سوپا لەو ناوچەیەش، وەکو پێشتر بۆ دیکارت ماندوکەر بووە- وەک خۆی نوسیویەتی لەجێی گەرم و نەرمدا جێگیر دەبوو، وەک سروشتی خۆی دەسەعات خەو لەشەوداو نیوەڕۆ لەخەو هەستان و ئیدی لەگەڵ هزرەکانیدا خەڵوەتی دەکرد.

ڕەوشی ئەوروپا هێواش هێواش بەرەو قەیران دەڕۆیشت، ئەگەرچی ئەو پرسە ناتوانین لە ڕەفتاری دیکارتدا هەڵبهێنجین. خەڵکی (باڤاریا) دژی (فرید ریک)ی پێنجەم، فەرمانڕەوای پالاتین و پاشای پرۆتستانت چوونە جەنگەوە. سەرتاسەری کیشوەری ئەوروپا بەرەو شەڕو جەنگە دوورو درێژو نەهامەتبارەکان دەچووەپێش، کە دواتر بەشەڕی سی ساڵە ناویان دەرکرد. ئەو شەڕانە کەدەرەنجامە ناهەموارەکانی وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا لە سوید بگرە، تا ئیتاڵیای خستبووە ژێر کاریگەریەوە، تاکۆتای ژیانی دیکارت، هەروا درێژەیان هەبوو و کۆمەڵێک ناوچەی فراوانی ئەوروپای بەتایبەت ئەڵمانیای بەرەو لەناوچوون و وێرانی ڕاکێشا، لەگەڵ ئەوەشدا واپێدەچێ کاریگەری

ئەو جەنگانە لەسەر دیکارت، تەنانەت ئەو کاتەی لەناو سوپادا بووە، هێندە مایەی سەرەنج نەبووە. هەرچەندە رەنگە ئەو ناجێگیریە سیاسیەی ئەو سەردەمەو بێ متمانەی دەروونی خودی دیکارت، بەجۆرێک یارمەتی ناخی ئەوانەی دابێ بۆ گەیشتنی بەلێبڕاوی و دڵنیایی کەسیمای بەرجەستەی سیستمی فەلسەفی ئەو بووە. لەو سەروبەندەدا، زستانی ساردی باڤاریا دەستی پێکردو بەفر هەموو جێیەکە داپۆشی. هەوای ناوچەکە هێندە بۆ دیکارت سارد بوو، ناچار بڕیاریدا لەژوورێکی بچوک و لەبەردەم ئاگردانێدا بگوزەرێنێ. بەگشتی مەبەستی دیکارت لە (ئاگردانێک) هەر ژوورێکی بچوک بوو، کە بەهۆی ئاگردانێک کە لەناوە ڕاستی ژووروکەدایە، گەرمایی باتە ناویەوەو نمونەی ئەو جۆرە ژوورانە، لەناوچەی باڤاریا زۆربوو، بەڵام دیکارت لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنوسێ لە (ئاگردانێدا) دەژیام.

ڕۆژێک دیکارت لەبەردەم ئاگردانەکەی خۆیدا دانیشتبوو، وێنایەک بە زەینیدا هات. بەتەواوی روون نییە، کەئەو چی بینی، بەڵام پێدەچێ کە ئەو وێنایە، وێنایەکی بیرکاریانە بووبێ لەجیهان. بەم چەشنە، دیکارت گەیشتە ئەو بڕوایەی دەشێ هەموو پەیوەندیەکانی جیهان بەسوود وەرگرتن، لە بیرکاریەکی گشتگیرانە بدۆزرێتەوە. ئەو شەوە کاتێ کە دیکارت چووە سەر نوێنگەی خۆی، سێ خەوی شەفافی بە هزریدا تێپەڕین، لە خەونی یەکەمدا خۆی دەبینی لەبەردەم گەردەلولێکی بەهێزدا لە ململانێدایە و هەوڵیدەدا بەرەو خوێندنگە کۆنەکەی خۆی لەلافلشی بچێ. تاوێک دەگەڕێتەوە، تا ئەحواڵپرسی لەگەڵ یەکێک بکات، لە پڕ باو بۆران بەتوندی بەدیواری کڵێسایدا دەکێشێ، ئینجا لەناو حەوشەی کڵێسادا، دەنگێک پێی دەڵێ، کە یەکێ لە دۆستەکانی دەیەوێ کاڵەکێکی پێبدا. لەخەونی دیکەیدا، ترس هەموو بوونی دیکارت دادەگرێ و((دەنگێکی وەکو هاڕەی بروسکە)) دەبیستێ و

دوای ئەوە هەزاران بڵێسە، تاریکی ژوورەکەی روناک دەکەنەوە. خەونی سێیەم هێندە روون نییە: ئەو فەرهەنگێک و کتێبێکی شیعریی لەسەر مێزی خۆیدا دەبینێ، بەدوایدا چەند رواوێکی جیاجیاو لە هەمانکاتدا بنچینەیی روودەدەن، کە بۆ ئەو زۆر خۆشحاڵکەرو بۆ بیسەر زۆر ماندووکەرن، ئینجا دیکارت (لەخەونی خۆیدا) بڕیاردەدا هەموو ئەو بوێرانە شرۆڤە بکات. خستنەڕووی ئەو شرۆڤانە دەینوسی چۆنیەتی دیدو ناسینی دیکارت لەخۆی بەباشی ڕونبکاتەوە، بەڵام بەداخەوە (ئادین بایە)ی ژیاننامەنوسی دیکارت لەو بارەیەوە سودی لە بڕگەو ڕستەی زۆر ناڕۆشن وەرگرتووە.

رووداوەکانی ئەو شەوە زستانییەو شەوی دواتریشی (واتا مانگی نۆڤەمبەری 1619) کاریگەرێکی زۆر قوڵیان بەسەر دیکارتەوە بەجێهیشتووە. خۆی لەو باوەڕە دابوو، کە ئەو وێناو خەونانەی لەدوای ئەوە، لە هزری ئەودا جێگیربوون، ئەو پەیامەیان ئاشکراکرد، کە خواوەند خستبوویە سەرشانی ئــەوەوە. بەم شێوەیە دیکارت متمانەی بەئەرکی خــۆی، هەروەها ئەو دەستکەوتانەی کەهەموو جارێ و لەو هەموو بوارانەدا، بەڵگەی پێویستیان لەگەڵ نەبوو، پەیداکرد- متمانەیەک کەزۆر پێویستی پێهەبوو. ئەگەر ئەزمونی ئەو ڕۆژە نەبووە، ئەو لاوە نمونەییەی ئێمە کە تا ئەو دەم لەوچڵ بۆ ئەوچڵ دەفڕی، هەرگیز پەیامی خۆی کەشف نەدەکرد. ئەوە مایەی سەرنجە کە فەیلەسوفێکی عەقڵگەرای گەورەی وەک دیکارت، ئیلهام لە وێنایەکی خەیاڵی و چەند خەونێکی ناعەقڵانیەوە وەربگرێ، ئەگەرچی ئەولایەنە لەتێڕوانینی دیکارت هەمیشە لە خوێندنگە فەرەنسیەکاندا نادیدە دەگیرێ و ئەو قارەمانە گەورەو خەیاڵبازە فەرەنسییە وەکو نمونەیەکی بەرجەستەی عەقڵگەرای پێناسە دەکرێ، بێگومان خەونەکانی دیکارت شرۆڤە گەلێکی جیاجیایان بەخۆوە گرتووە.

(هویگنس)ی فەیلەسوف و ئەستێرە ناسی هۆڵەندی، کەدواتر لەگەڵ دیکارتدا نامەگۆڕینەوەی هەبووە پێیوایە، ئەو خەونانە بەرهەمی گەرمبوونی لەئەندازە بەدەری مێشکی دیکارت بووە، لەکاتێ کەلەئاگردانەکەدا دەژیا؟ هەندێکی تریش هۆکار گەلێکی وەک خراپی هەرسکردن کاری لەڕێژە بـەدەر، کەمخەوی، ئەزمونی عیرفانی، یان تەنانەت تەڤیلبوونی ئەو بەکۆمەڵەی (رۆزیکروسین)ە کان (ROSICRUCIARS) کە گروپێکی جیهانی بەمەیل و تێڕوانینی عیرفانی بوون، وەک هۆکاری سەرەکیی ئەو خەونانەی ئەو ناودەبەن. کاڵەک کەپەراوێزی خەونی یەکەمدا ئاماژەی پێدەدرێ، بەمسۆگەری بۆتە مایەی پێکەنینی خوێنەرانی ژیاننامەی دیکارت لەسەدەی هەژدەدا، بەڵام بەدەستپێکردنی چاخی گەشەکردوی زانستی رەوانناسی، هەر ئەو کاڵەکە دەگۆڕێ، بۆ بابەتێکی جدی. بەنیازنیم لەوبارەیەوە زۆر بچمە نێو وردەکاریەکانەوە - تەنها ئاماژە دەکەم بە تێڕوانینی یەکێک لەبیر یاران فرۆید ((شرۆڤەیەکی تەواو نابەجێی لەمەڕ کاڵەک خستۆتەڕوو.))

لەئەنجامی وێنەی زەینی و خەونەکانی ئەو شەو و رۆژە، دیکارت سوێندی خـوارد کە لەمەودوا هەموو تەمەنی خۆی تەرخانبکات، بۆ خوێندنەوەی هزری و هەروا بۆ سوپاسگوزاری سەردانی پەرستگەی خاتوونی ((لورێتۆ)) بکات لەئیتالیا. بەم پێیە جێی سەرسوڕمانە، کە دیکارت پێنج ساڵی تریش لەئەوروپا بێ ئامانج و سەرگەردان بوو، تاسەرەنجام چووە سەردانی خاتوونی لورێتۆ و دووساڵی دیکەش درێژەی کێشا، تا خوێندنەوەی خۆی دەستپێکرد! وردەکارێکی ئەوتۆمان لەو قۆناغە حەوت ساڵیەی ژیانی دیکارت کەئەو خۆی ناوی ناوە ((قۆناغی سەرگەردامی)) لەبەردەستدا نییە. رەنگبێ لەسەرەتای ئەو قۆناغەدا تەڤلی سوپای پاشایی مەجارستان بووبێ، بەڵام شەڕە(سی) ساڵیەکان بەوپەڕی توندیەوە دەستیان پێکردبوو،

دیکارت ئەفسەری  ئەرستۆقراث لەو شەڕانەدا شایستەییەکی ئەوتۆی لەخۆ نیشان نەداوە. دوای بەجێهێشتنی سوپا دیکارت، ئەفسەری بۆ وڵاتانی فەرەنسا، ئیتالیا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، دانیمارک، پۆلۆنیا کرد لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بەهێمنی تەواو، بەدەوری ئەو ناوچانەیدا دەخولایەوە، کە هاوکارە ئەرکناسترەکانی ئەو تێیدا سەرقاڵی شەڕی سی ساڵە بوون! هەڵبەت دیکارت هەموو جارێ لە هەڵاتن لە دەست توندوتیژیدا سەرکەوتوو نەبووە. ئەو کاتەی سەفەری بۆ یەکێ لە دوورگەکانی (فڕیزیەن)– (FRISIAN) کردبوو ((ڕەنگ بێ دوورگەی (شیرمونیکوگ) بووبێ))، بەلەمێکی بەکرێ گرت، تا لەدوورگەکەی بباتە دەرێ. مەلەوانەکان ئەوەیان بە بازرگانێکی فەرەنسی زانی و نەخشەیان کێشا داراییەکەی لێ بدزن. لە کاتێدا دیکارت لەسەر سەکۆکە راوەستابوو و لێوارەکانی دوورگەکەی تەماشادەکرد، کە چۆن لەئاوە شینەکان دەریا دوور دەکەوێنەوە، مەلەوانەکان بەزمانی هۆڵەندی خەریکی پیلاندانان بوون لە دژی، پیلانەکەیان ئاوا بوو کە گورزێکی لەسەری بدەن و فڕێی دەنە ناو دەریاو ئەو زێڕانەی کە دڵنیابوون لەنێوجانتاکەی شاردونیەتیەوە بەتاڵان ببەن. لەبێ بەختی مەلەوانەکان، ڕێبوارەکەیان دوای چەندین ساڵ سەفەرو گەڕان بەدوایدا، چەند وشەیەکی زمانی هۆڵەندی فێرببوو. مەلەوانە بەخت ڕەشەکان لەپڕدا رووبەڕووی پەلاماری ئەرستوکراتە فەرەنسیەکە بوونەوە، کە شمشێری خۆی لە هەوادا تەکان دەداو دەهاتنەپێش و دەکشایەوە و سەرەنجام نەخشەی ئەوان توشی شکست بووەوە.

لەو سەردەمەدا، دیکارت جارێکیش رەنگ بێ ساڵی(1623) بوو بێ، گەرابێتەوە بۆ زێدی خۆی، واتە بۆ لاهای گەڕاوەتەوەو هەموو موڵک و ماڵی خۆی فرۆشتووە. ئەو بەو پارەیەی کە لە فرۆشتنی موڵک و ماڵەکەی بەدەستی هێنا، دەستی بەکڕینی پشکی هاوبەش کرد، کە داهاتێکی باشی

ناکۆتای ئەمەنی پێیبڕا. ڕەنگە وا لێکبدرێتەوە کەلەدرێژایی ئەو قۆناغە، زەمەنیە درێژەی سەفەرکردنەدا، دیکارت سەرێکیشی لەخێزانەکەی خۆی دابێ، بەڵام بەڵگەیەکی ڕاشکاومان بۆ سەلماندنی ئەمە لەبەردەست دانییە، دیکارت هەرگیز لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا شەڕو مشتومڕی نەکردووە، بەڵام هەمیشە خۆی لێ دوردەگرتن. وێڕایی گەیشتە ئازادیەکانی خۆی لەسەرانسەری ئەوروپادا، هەرگیز ئەو زەحمەتەی نەدایە بەرخۆی، بۆیە بەژداریکردنی ئاهەنگی زەماوەندی براکەی، یان خوشکەکەی بگەڕێتەوە ماڵێ، تەنانەت لەسەر مەرگی باوکیشیدا ئامادە نەبوو.

لەکۆتاییەکانی ئەو قۆناغەی سەفەرکردنەدا، دیکارت ماوەیەکی زۆری کاتی خۆی لەپاریسدا بردۆتە سەر. لێرەدا دیداری لەگەڵ یەکێ لەهاوڕێ دێرینەکانی خۆی لەخوێندنگەی لافلش، بەناوی(مارین مۆرسان) کرد، کە تەڤلی کڵێسابووبوو. باوکە مۆرسان پلەیەکی زانستی بەرزی هەبوو، پەیوەندی لەگەڵ گەورەترین بیرمەندانی بیرکاری و فەلسەفە لەسەرانسەری ئەوروپادا هەبووە، مۆرسان لە ژووره بچوکەکەی خۆی لەپاریس، نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ بەهرە دارانی وەک باسکال، فەرما و گاسندی داهەبووە. ژوورەکەی مۆرسان لەڕاستیدا ببووە گۆڕەپانی دواین ئەندێشەو هزرە بیرکاری، زانستی و فەلسەفیەکان. مۆرسان هەمان ئەو دۆستەبوو، کە دیکارت پێویستی پێهەبوو، لەبەرئەوەش تاکۆتای ئەمەنی پەیوەندی و نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ داهەبووە و پێش نوسی هزرو گەڵاڵەنامەکانی خۆی بۆ دەنارد، تادیدی مۆرسان هیچ لەبارەی بەهای ئەو هزرانەو و چ لەڕووی هاوجوتبوونیان لەگەڵ ڕێنوێنی و تەعالیمەکانی کڵێسا- لەو بپرسێ.

دیکارت زیاتر وەختی خۆی لەژوورەکەی لە پاریس بە خوێندنەوە بەڕێدەکرد، بەڵام جارجارەش هەندێ دۆستەکانی بۆ باس و وتوێژ دەربارەی

پرسە جیاجیاکان دەهاتنە لای و تەنانەت لەهەندێ بواردا، ناچاردەبوو لە ماڵێ بچێتە دەرو لە کۆڕو دانیشتنە رەسمیەکاندا بەشداری بکات. دەگێڕنەوە جارێک دیکارت لە شوێنی نیشتەجێی پاپا، پزیشکێک بەناوی (شاندۆ) لەمیانی وتارێکدا، کە لە بەرامبەر کۆمەڵێکدا پێشکەشیکرد، هەوڵیدا بنەماکانی ((فەلسەفەی نوێ)) بەئامادەبوان بناسێنێ. لە کۆتای وتاردانەکەدا دیکارت بە پشتبەستن بەکۆمەڵێک بەڵگەی دڵنیاکەری بیرکاری، کە شاندۆ هیچ وەڵامێکی لەبارەیانەوە پێنەبوو، فەلسەفەی نوێی ئەوی رەتکردەوە. (شاندۆ سێ ساڵ دواتریش تووشی ڕەوشێکی ئاوابووەوە، بەڵام ئەمجارە تۆمەتەکەی تەزویرکردنی هەندێ شتی هەستیار تری بیروڕا فەلسەفیەکان بوو و دواجار لەسێدارەدرا). کاردینال دوبرۆل دوای بیستنی بەڵگە وردەکانی دیکارت رایکێشایە گۆشەیەک بە سووربوونەوە، داوای لێکرد هەموو تەمەنی خۆی تەرخانی فەلسەفەبکات.

ئەو بوویەرە کاری لە دیکارت کرد. هەڵبەتە وێنا زەینی و خەونەکانی پێشتر متمانە بەخۆبوونێکی باشیان پێبەخشیبوو، بەڵام دواجار میتۆد و ڕێبازێکی عاقڵانی پێویست بوو تاوای لێبکات دەست بەکاربێ. ساڵی(1628) بەمەبەستی باکوری فەرەنسا پاریسی بەجێهێشت، تا لە گۆشەگیریی تەواودا خۆی تەرخانی هزرەکانی خۆی بکات، بەڵام بەداخەوە دۆستە پاریسیەکانی هێشتا هەر دەهاتنە سەردانی، بۆیە بڕیاری دا بۆ شوێنێکی دورتر کۆچ بکات و بەو مەبەستە چووە هۆڵەندا، تاتەواو تەنیابێ. ئەو تا ساڵێک بەر لە مردنی زیاتر لە دوو دەیە لە هۆڵەندا نیشتەجێ بوو .

هەڵبەتە وشەی((نیشتەجێبوون)) تا ئەو جێیەی پەیوەندی بەژیانی دیکارتەوە هەیە، مانایەکی درێژەی هەیە. بەگوێرەی زانیارە بەردەستەکان، دیکارت لەپانزە ساڵی یەکەمی نیشتەجێبوونی خۆی لە هۆڵەندا، لانیکەم

هەژدە جار ماڵگۆڕی کردووە، تەنانەت لەو سەردەمەدا، هەرکاتێک هەستی یەکرپێرەوی بەسەردا زاڵ بوایە، سەفەرێکی دەرەوەی دەکرد. تاکە کەسێک ئاگاداری ناونیشانی تـەواوی ئەو بوو، باوکە مۆرسان بوو، بەهەرحاڵ هیچ کەس نەدەبووە مایەی بێزارکردن و ڕێگری ئەو گۆشەگیریەی. ئەو جێگۆڕکێ پایەپایانە، تەنها دەخرێنە پاڵ گۆشەگیرخوازی دیکارت، بەڵام پێدەچێ لەپشت ئەو ماڵ بەکۆڵیەی ئەودا، بێ قەراریەکی قوڵ هەبوو بێ. لە میانەی سەفەرو تەنانەت ماڵ گۆڕکێشدا، ناتوانێ خۆت لە هەرچەشنە پەیوەندیەک لەگەڵ خەڵکیدا دوور بگرێ، تەنانەت ئەگەر ئەو پەیوەندیانە زۆر ڕاوڵەتی و تیژ پەڕیش بن. ئەو جێگۆڕکیە هەمیشەییانە نیشان دەدەن کەدیکارت لەگۆشەگیری تەواویشدا ئاسودە نەبوە ئەو تەنیابوو، بەڵام جگەلە پەیوەندی ئاسایی، پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵک، بۆ ئەو نامەی سەربوو. دیکارت هەمیشە لە ماڵدا خزمەتکاری هەبووەو پێدەچێ کەسێکی زۆر نەرم و ڕەفتار باش بوو بێ. ئەو وێنایەی کەلەومان هەیە ئەرستوکراتێک بووە ڕەنگ پەڕیو بەکڵاوێکی پەڕەداری ڕەش کەلەو ڕۆژگارەدا باو بووە. خاوەنی سمێل و ڕیشێکی باریک و درێژبووە، کەزۆر سەیر سەرنج راکێشی کردبوو . دەڵێن مرۆڤێکی جوان بووە و شەرواڵی کورت و گۆرەوی ساف درێژی ئاوریشمی ڕەش و پێڵاوی زیو نیشانی دەکردە پێ. عادەتی بوو هەمیشە ملپێچێکی ئاوریشمی بەدەوری ملیدا بئاڵێ، تا لەبەرامبەر سەرمادا بیپارێزێ، هەرکاتێ لەماڵ دەچووە دەر چاکەتێکی ئەستوروو ملپێچێکی پەشمینی لەبەردەکردو هەمیشەش شمشێرێکی بەنێکی هەڵدەواسی، دیکارت بەرامبەر بچوکترین گۆڕانی، کەشوهەوا، زۆر هەستیار بوو، وەک خۆی وتەنی سەرما وەک میراتێکی زیان بەخش بۆ ئەو بەجێمابوو، لەگەڵ ئەوەشدا، ساڵێکی زۆری لە تەمەنی خۆیدا لە سەرانسەری ئەوروپا لە ئیتاڵیا، تا ئەسکەندەناڤی

بەسەفەر بردە سەرو وڵاتێک کەدواجار بۆ نیشتەجێبوونی خۆی هەڵیبژارد هۆڵەندابوو، کە بەهۆی باران ئەمو مژو سەهۆڵبەندانی سەخت ناوبانگی دەرکردبوو، یەکێک لە فەرەنسییە هاوچەرخەکانی دیکارت لە بارەی ئاو هەوای ئەوێوە وتبووی ((چوار مانگ زستان و بەدوایدا هەشت مانگ سەرما!)) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆڵەندا خاوەنی تایبەتمەنیەکی مەزن بوو لە سەدەی حەڤدەی زاینیدا، ئەو ناوچەیەی ئەوروپا بەمەڵبەندی ئازادی هزرو رامان دەژمێردرا، بەپێچەوانەی هەموو وڵاتانی دیکە، لە هۆڵەندا هیچ کەس لەبری دەربڕینی هزری خۆی بەهایەکی نەدەدا. هۆڵەندییە نەرمونیانەکان، نێوانیان لەگەڵ کۆت و بەند خستنە سەر بیرو باوەڕ، تەکفیری و سوتاندنی خاوەن هزرەکاندا نەبوو، ئەمانە بەتایبەتمەندی گرنگ دەژمێردران، کە بیرمەندە نوێخوازەکانی لەسەرانسەری ئەوروپا بۆ هۆڵەندا ڕێژەکێشا، لەنێو چوار بیرمەندی گەورەدا لەسەدەی هەڤدەدا، هزرو ئەندێشەی فەلسەفەی نوێیان خستەڕوو، سێکەسیان - دیکارت، سپینۆزا، لۆک - ماوەیەک لە هۆڵەندا ژیانی خۆیان بردۆتە سەر. (چوارەمین بیرمەند، واتا((لایبنیتز)) لە نزیک سنوری هۆڵەندا، واتە لەهانۆڤەر دەژیاو چەندین جار سەفەری بۆ هۆڵەندا کردوە). تاڕێژەیەک بەهۆی هەمان ئەو کەشو هەوا ئازادییە هزرەیە، هۆڵەندا بووە یەکێ لە مەڵبەندە گرنگە پیشەسازیەکانی چاپ و بەرهەمی گەورە پیاوانی گالیلەو هۆبز لەوێ بەچاپ گەیەندران. لەو قۆناغەدا، هیچ شوێنێک لەئەوروپا هێندەی هۆڵەندا دەرکەوتنی هزرو ئەندێشەگەی تازەی بەخۆوە نەدیوە.

دیکارت ئەو قۆناغە پڕ بەرهەمەی ژیانی خۆی، بەوپەڕی ئومێدەوە دەست پێکرد لە ئاکامی ئەو خەونەی، کە لە ئاگردانەکەی باڤاریای بینیبوو، هزرێکی زانستی گشتگیری لە مێشکدا، کە سەرجەم مەعریفەی

مرۆڤایەتی لەخۆبگرێ. ئەو زانسنە دەیتوانی ڕێگای بەدەستهێنانی ڕاستی بەسود وەرگرتن لەعەقڵ دەستەبەر بکات. ئەو مەعریفەتە شتێک نەبوو، جگەلە شێوازێکی نوێ و شۆڕشگێڕانە. (لەزانست و کیمیاگەریی سەدەکانی ناوەڕاستدا، عەقڵ ڕۆڵێکی زۆر لاوەکی هەبوو). دیکارت سیستمێکی لەمێشکدا گەشەپێدا، کەنەک تەنها سەرجەم مەعریفەی مرۆڤ لەخۆ بگرێ، بەڵکو یەکیشی دەخست. ئەو سیستمە هیچ چەشنە پێدراوی و گریمانەی پێشوەختی تێدانەبوو، تەنها لەسەر بنەمای دڵنیابوون جێگیربوو. دیکارت لە هێنانەکایەی ئەو سیستمەدا کاری خۆی لە پرنیسیپگەلێکی بنچینەی دەست پێکرد، کە سەلمێنراو بوون و هیچ گەردوو گلێکیان بەسەرەوە نەبوو و لەسەر بنەمای ئەو پرنسپانە، سیستم بنیاتدەنرا .

دیکارت پێشبینی ئەوەی دەکرد، سیستمی فەلسەفی ئەو سودێکی زۆری لێبکەوێتەوە. ئەو بەدڵنیاییەوە پێشگۆیی ئەوەی دەکرد کەهەرکاتێک ئەو شێوازە زانستیە نوێیە لەزانستی پزیشکیدا پیادە بکرێ و بەکاربهێنرێ، دەتوانێ ڕەوتی پیربوون وە دوابخات. (ئەمە خولیایەکی هەمشەیی دیکارت بوو دەساڵ دواتر، بۆ ((هویگنس))ی بیرمەندی هۆڵەندی کە سەڕای ڕەوشی جەستەی لاوازی خۆی، چاوەڕێی هەیە زۆر زیاتر لەسەد ساڵ تەمەن بگات. هەچەندە لەکۆتا ساڵەکانی تەمەنی خۆیدا ناچاربوو چاو بەو تێڕوانینەی خۆی دابخشێنێتەوە و چەندساڵێک لە پێشبینیەکەی خۆی کەم بکاتەوە!)

دیکارت دەستی بەنوسینی (نامایلکەی دەربارەی بنەماکانی ڕێنوێنیی هـزر) (TREATISE AN RULES FOR THE DIRE CTION OF THE MIND)کرد. بەمەبەستی کەشفکردنی زانستێکی هەمەلایەنە یەکەم جار دەبوا میتۆدێک بۆ بیرکردنەوە دۆزرابوایەوە. ئەو میتۆدە لەڕاستیدا بریتی بوو لە ڕەچاوکردنی دوو پرەنسیپ لەپڕۆسەی هزردا: بەڵگەو

لەبەرکردنەوە. دیکارت بەڵگەی ئاوا پێناسەکرد: ((هەڵێنجانی دوور لەدوودڵی هزرێکی ڕۆشن و هۆشیار، کە تەنیا لەژێر ڕۆشنای عەقڵدا مەیسەر دەبێ.))، هەروەها لەبەرگرتنەوەش ئاوا پێناسە کرد کە ((ئەنجام گیری پێویست لەو ڕاستیانەی کەدروستبوونیان مایەی دڵنیاییە.)) شێوازو مینۆدی ناسراوی دیکارت کە دواتر بەشێوازی دیکارتی- CAR+ ESIAN ناوی دەرکرد، لەپیادەکردنی دروستی ئەو دوو پرنسیپەی بیرکردنەوەیە خۆی دەنوێنێ. دیکارت وردە وردە ناوبانگی زۆری لە بواری پرسە جیاجیا فەلسەفەیی و زانستیەکان بەدەستدێنێ. لە مارسی (1629)، پاپاو هەنێ لەکاردیناڵە گەورەکان، تێبینی بوونی چەند تەنێکی لەئاسمانی ڕۆما دەکەن. لەگەڵ ئاوابوونی خۆر، هالەیەکی نورانی لەئاسماندا دەردەکەوێ، کە زۆر خاڵی درەوشاوە لەدەوری هالەکە دەخولانەوە. چەندین نامە بۆ دیکارت و بیرمەندە ناسراوەکانی تر ڕەوانەکران، تاکو لەوبوارە ڕای خۆیان ڕابگەیەنن، دیکارت هێندە ئەو پرسە سەرەنجی بۆلای خۆی ڕاکێشا، کە بۆ ماوەیەک هەموو هزرو بیرکردنەوە فەلسەفیەکانی خۆی خستە لاوەو سەرقاڵی ئەو پرسەبوو.

ئەو سەبارەت بەهۆکاری ئەو چەشنە دیاریدانە گەیشتبووە بڕوایەک بەڵام چەندین ساڵی پێچوو، تا ئەو بڕوایانەی خۆی بڵاوکردنەوە. لەو سەردەمەدا دیکارت نوسراوێکی تەواوی دەربارەی دیاردە ئاسمانیەکان نوسی. (لەو ماوەیەدا، کڵێسای ڤاتیکانیش گەیشتبووە تێڕوانینێکی تایبەت: دەرکەوتنی ئەو دیاریدانە فریشتە گەلێک بوون فانتای ئاسمانیان بۆ دووەمین بە دەرکەوتنی حەزرتی مەسیح ئامادەکرد). دیکارت لەو بڕوایەدا بوو، کە ئەو ڕۆشناییە ئاسمانییە بەهۆی نەیزەکە بەردینەکانەوە دێنە ئارا. بەداخەوە زانایانی سەردەمی نوێ هەندێ ڕونکردنەوەو تێڕوانینی ئەوتۆیان لەبارەی

ئەو دیاریدانە خستۆتەڕوو، کەتەنانەت لەتێڕوانینی ڤاتیکانیش نالۆژیکیانەترە.
ئەو دیاریدانە ئێستا بەخۆە درۆینەکان (PARRETIAU) دەناسرێن، بەپێی تێڕوانینی نوێ، کاتێک دێنە ئارا، کە ڕووناکی خۆر لە ناو هەورێکی چڕو خەستی پێکهاتوو لە چلورەی سەهۆڵی شەش گۆشەیی، کە تەوەری تەریکبونیان بەشێوەیەکە، ستوونی هەڵکەوتووە، لەزەوی داوە.

ئەمڕۆکە زیاتر وا پێشبینیدەکرێ، کە چلورە گەلێکی لەحاڵەتی دروستبووندا، لەئاسمان دەبنە مایەی دەرکەوتنی ئەو دیاردانە، نەک فریشتە، شرۆڤەو تێڕوانینی سادەی وەک ئەوەی دیکارتیش هێندە بەجیدی لەبەر چاو ناگیرێ.

لە ئەستێرە ناسیشدا، وەک زۆرێک لەپرسەکانی تر، دیکارت بەدیکەری سەردەمێکی کورت و رەنگ بێ بێوێنەی هزری مرۆڤ بوو. ئەو ڕونکردنەوە نوێیانەی کە هزری وردترین بیرمەندانی زانستی و فەلسەفی ئەو سەردەم بۆ پرسەجیاجیاکان دەیان خستنەڕوو لە زۆر بابەتداهەم لۆژیکیانە بوون و هەم مایەی تێگەیشتن، هەروەها زۆربەی ئەو ڕونکردنەوانە لەسەر بنەمای عەقڵ بوون و دەرکردنیان ئاسان بوو- هەروا بەو ئامانجە دەخرانەڕوو، کە ڕێگا بۆ بیرکردنەوە لەبارەی ئاڵۆزترین نهێنیەکانی جیهان بکەنەوە. دوورە کەمرۆڤایەتی دوبارە ئەو جۆرە سەردەمە جارێکی تر تاقیبکاتەوە، دەرکردنی ڕاستی ڕۆژ دوای ڕۆژ دژوارتر بووە، مەگەر لە هەندێ بواری تایبەت و پسپۆڕی و سنوردار نەبێ کەکەسێکی بەتوانا دەرکیان بکات. لەو کاتەوە تا ئێستا زانیاریەکی هێندە زۆرمان سەبارەت بەپرسەکان وەرنەگرتوە.

دیکارت دوای خستنەڕووی بنەماکانی کارکردنی زەین، سەرەنجی خۆی خستە سەر جیهانی دەرەکی، بەم پێیە لەماوەی سێ ساڵدا (نامایلکەی دەربارەی گەردوون- TREATISE ON THE UNIVERSE)ی نوسی.

ئەو نوسینە لەخۆگری تێڕوانینەکانی ئەو بوو لەبارەی پرسی و بابەتگەلی زانستی زۆر جیاجیاو بەربڵاوی وەک نەیزەکەکان، ڕۆشنای ناسی و ئەندازە. دیکارت بەمەبەستی پەیگیری توێژینەوەکانی خۆی لەبواری (ئاناتۆمی) دا بڕیاریدا، سەر لەکوشتارگەی ناوچەکە بداث. ناوبراو نمونەی جیاجیای ئەندامی ئاژەڵە سەربڕاوەکانی لە ژێر جلەکانیدا دەیشاردنەوەو دەی هێنانە ماڵەوە تابێ ئەوەی کەس پێی بزانێ شیکارکردنیان لەسەر بکاث. لەئەنجامی ئەو شرۆڤەو شیکارکارییە بوو، کە دیکارث زانستی کۆرپەناسی بنیاث نا. (ئەفسانەیەک گێڕدراوەتەوە، کە بەگوێرەیەوە، ڕۆژێک دیکارت لەکوشتارگە لاوێکی تێکسمراو دەبینێ، کەخەریکی نیکارکێشانی لاشەی پێستدا ماڵدراوی مانگایەکە.

دیکارث لەلاوەکە دەپرسێ چییە ئەو بابەتەث هەڵبژاردووە، ئەو وەڵامیدەداتەوە، ((فەلسەفەی ئێوە ڕۆح لەمرۆڤ دەسێنێ و من لە نیگارەکانمدا پێی دەدەمەوە، تەنانەث بەئاژەڵە مردوەکانیش!)) (دەڵێن ئەو هونەرمەندە لاوە هەمان- رامبرانث بووە). دواى سێ ساڵ هەوڵی چڕوپڕ، دیکارث بڕیاریدا کۆپی یەکەمی (نامایلکەی دەربارەی گەردوون بۆ باوکە مۆرسان بنێرێ، تاکو لەپاریسدا چاپی بکاث، بەڵام لە ناکاو هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراو و سەیری لە ڕۆماوە پێگەیشث. گالیلە بەکوفر تاوانبار کرابوو، بۆ دادگای پشکنینی بیرو باوەڕەکان بانگکرابوو کە سوێند بخوا کە چالاکیە زانستەکانی خۆی بێنە لاوە، نەفرەتیان بکاث لێیان بێزارە! ئەو سوێندە ناچاریە زیاتر لەپای تێڕوانینی ئەو بۆ تیۆری کوپەرنیک بوو، کە بەگوێرەیەوە، زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە.

دیکارث یەکسەر داوای لە(بێکمان)ی دۆستی خۆی کرد، کە کۆپیەکی لەنوسینەکەی گالیلە بۆ بێنێ و بەوپەڕی نیگەرانیەوە تێبینی

ئەوەی کرد، زۆرێک لە بەرەنجام و هەڵێنجانەکانی کە گالیلە بەدەستی هێنابوون، لەو بەرەنجام و هەڵێنجانانەی خودی ئەو دەچن، دیکارت بێئەوەی لەو بارەیەوە هیچ شتێک بەکەس بڵێ، (نامایلکەی دەربارەی گەردون)ی خستە لاوەو مێشکی خۆی بۆ پرسیارانەوە خەریک کرد، کەکەمتر وروژێنەر بوون. (نامایلکەی دەربارەی گەردوون، تاچەندین ساڵ دوای مەرگی دیکارت بڵاونەکرایەوە، ئەو کاتیش تانها بەشێکی لێ بڵاوکرایەوە). ژیانی دیکارت ئاوێتەیەک بوو لەناکۆکیە جیاجیاکان. ئەو حەزی لێبوو لەنێو ئارامی تەنیایدا بژی، بەڵام هەر ئەو تەنیاییە ئەوی ناچار دەکرد، کە هەردەم لەسەفەردابێ. وەک بیرمەندێکی بوێرو نوێگەران سوێندی خواردبوو، پەیگیری بیرو هزرەکانی بکات تا ئەو جێیەی عەقڵی پێدەشکا، لە هەمانکاتدا وەک مرۆڤیش سوێندی خواردبوو، پەیڕەوی لەیاساکانی وڵاتی خۆی بکات، بەرامبەر ئاینی باوباپیرانی وەفادار بمێنێتەوەو پەیڕەوی لەدیدو تێڕوانینی عەقڵترین ئەو کەسانە بکات کەدەیان ناسێت. ئەو لەو بڕوایەدابوو ئەوەی کە لە(نامایلکەی دەربارەی)دا نوسیویە دروستە، بەڵام لە هەمانکاتدا باوەڕێکی پتەوی بەخوای کڵێسا هەبوو. دیکارت بەکەسێکی ترسنۆک ناوزەدکراوەو گۆتراوە، کە بەشێوەیەکی نهێنی (مولحید)بووە، لەگەڵ ئەوەشدا شیکردنەوەی زۆری لەبواری دەرونیدا هەبووە، کەچی تەنانەت سەبارەت بەبوونی خۆشی شارەزاییەکی تەواوی نەبووە، بەڵام هیچ یەک لەو تۆمەتانە پشت ڕاست نین. ڕەنگە دیکارت لەڕیزی قارەمانان نەبوبێ، بەڵام ئەمە بەمانای ترسنۆک بوونی ئەو نییە، ئەو گەیشتبووە ئەو بڕواییەی کە کڵێسا دەتوانێ بەپاراستنی بیروڕا حوێندنگاکانی خۆی، لەگەڵ هزرە تازەکانی ئەودا بسازێ و مەعریفەی ئەو لەخۆیشی قوڵتر لەهەر فەیلەسوفێکی تر لەسەردەمی سوقرات بەدواوەش قوڵتربوو، هەرچەندە هەندێ خاڵی کوێرانە

لەبواری دەروونناسیدا لەو مەعریفەیە بەرچاو دەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین دژبەری و ناکۆکی دەبێ لەخودی فەلسەفەی دیکارتەوە شوێن بگرین. دیکارت جیهانی پێکهاتووە لەدوو جەوهەردا، دەزانی ( هزر و مادە) هزر جەوهەری بێماوە (بێڕەهند)و لە دابەشبوون نەهاتوون، لە بەرامبەردا مادە خاوەنی ماوەو لە دابەشبوون هاتووە و پەیڕەوی لە یاساگەری فیزیکی دەکات، بەواتایەکی تر زەین ناماوەیی لەناو دەستەیەکی میکانیکیدایە، بەڵام زەین چۆن کە بێماوەیە، دەتوانێ لەگەڵ جەستەیەکی میکانیکیدا کە توانای ئەوەی هەیە پەیڕەوی لە یاساگەری زانستی میکانیک بکات، پەیوەندی بەرامبەرانە ببەستێت؟

دیکارت هەرگیز وەڵامێکی ڕازیکەرانەی بۆ ئەو پرسیارە نەدۆزیەوە- پرسیارێک کەبەشێوەیەکی سەیر ڕەنگدانەوەی ناکۆکیە دەروونییەکانی ئەوە کەژیانی ڕۆژانەی ئەویان ئاڵۆز دەکرد، بەڵام وەک هەمیشە هەوڵیدا ئەو پرسیارە بێ وەڵام نەهێڵێتەوە، بەپێی تێڕوانینی دیکارت، شوێنی پەیوەندی و کارتێکردنی بەرامبەرانەی هزر و جەستە لەنێو غودەی دواوەی مێشکدایە (ئەندامێکی سەیرکە لە نزیک ڕەگی مێشک هەڵکەوتووەو ڕۆڵی وردی تا ئەمڕۆکە بۆ ئێمە نەزانراوە). بەداخەوە دیکارت لێرە لەبابەتی سەرەکی لایداوە پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە، ئاخۆ زەین و جەستە لە کوێوە پێک دەگەن، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کەئەو دووانە ((چۆن چۆنی)) پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دروستدەکەن.

لەو بڕگەیەی ژیانی دیکارتدا، ڕوداوێکی سۆزداری بۆ دێتە پێش، کەلەژیانی ئەودا ئەو چەشنە ڕوداوانە زۆر دەگمەنن. ئەو لەگەڵ کچێک بەناوی (هێلین) کەڕەنگ بێ یەکێک لەخزمەتکارەکانیماڵی ئەو بوبێ، پەیوەندی دروست دەکات. بەری ئەو پەیوەنییە کچێکە کەناوی

دەنێن(فرانسین). دوای لەدایکبوونی فرانسین، هێلین لەگەڵ کچەکەیدا لە نزیک ماڵی دیکارت نیشتەجێ دەبێ، بەڵام بەردەوام دیکارت دەبینێ و لای خەڵکی دیکارت فرانسینی بەخوشکەزای خۆی دەناساند.

لەبەرچاوگرتنی ئەو کەمە بەڵگەنامانەی کەماون سەختە، کەبتوانین جۆری پەیوەندی نێوان دیکارت و هێلین بەوردی دیاری بکەین، بەڵام دەتوانین لەو ڕووەوە، هەندێ شت مەزەندە بکەین. هێلینی بێچارە چۆن دەتوانێ سەرنجی ئەو ئەرستۆقراتە ساردو سڕە بۆلای خۆی ڕابکێشێ؟ لەنیگا ساردو چاوە بەقوڵداچووەکانی ئەو چ شتێک دەسگیری ئەو ژنە دەکەوت؟... ڕەنگ بێ هێلین لەسەرنجراکێشانی دیکارت هێندە سەرکەوتوو نەبووبێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە فرانسیم لەو باوەڕەیەوە سەرکەوتنی زیاتری بەدەست هێناوە. کچۆڵە ڕاستگۆیانە دەستەکانی خۆی بۆ لای باوکی درێژ دەکردن و ئەویش وەڵامی ئەو میهرەی کچەکەی دەدایەوە. (لەوانەیە دیکارت بەبینینی کچۆڵەکە، منالێکی خۆی بەبیرهاتبێتەوە، کە تەنیا مابووەوەو لەپەرستارە پیرەکەی بترازێ هیچ کەس چاودێری نەدەکرد)، ئەگەر چی دیکارت لە سەرەتادا هەوڵیدەدا فرانسین بەخوشکەزای خۆی بناسێنێ، بەڵام هەزوو دڵبەستەی کچە بچکۆلەکەی خۆی بوو. ئەو ئەزمونە سۆزداریە لەژیانی دیکارتدا بێ وێنە بوو.

لەو ماوەیەدا، دیکارت دەستی بەنوسینی ئەو نوسینەکرد کە تا ئەمڕۆ، بەداهێنەرانەترین بەرهەمی ئەو دەژمێردرێ، واتا کتێبی(وتار دەربارەی میتۆد-discourse on method). سەیر ئەوەبوو کە ناوەڕۆی ئەسڵی ئەو کتێبە لەهەندێ بەشی کتێبی دەربارەی گەردوون پێکهاتبوو، کەوەک بەشە کەمتر مەترسیدارەکان دەسکەنە کرابوون، بەباتە گرنگەکان ئەوانە بوون کەسیمای بیرکاریان دەگۆڕی و گۆڕانێکی قوڵیان لەزانستدا

دێنایە ئارا. دیکارت لەو بەرهەمەدا بنەماکانی ئەندازەگیری نوێی خستنەڕوو، ئەوەرەی تایبەنمەنیەکانی پێناسەکرد ((کەدواتر لایب نیکس، ناوی نا دەزگای تایبەندمەنیەکانی دیکارت)). لە بواری ڕوناکناسیدا دیکارت و (یاسای شکاندنی ڕوناکی) خستەڕوو، هەوڵیدا هۆی دروستبوونی کۆلکە زێڕینە ڕونبکاتەوە، هەروەها هەوڵیدا تیۆرێکی زانستی عەقڵانی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەوشی ئاوهەوا، بخاتەڕوو (کە سەرەنجام وەک تیۆرێکی تازە، ئەویش کەوتۆتە ژێر گۆڕانکاری کاریگەرێکی چاوەڕواننەکراوەوە، بەدەر لە یاساو ڕێسای ئەو دیاریدەیە)، بەڵام بێگومان باشترین بەشی (وتار لەبارەی میتۆد)، پێشەکییە تارێژەیەک کورتەکەیەتی. ئەو پێشەکیە هێڵە سەرەکیەکانی بیرکردنەوەی ئەو، کەرەوتی فەلسەفەیان گۆڕی، وێنادەکان. لەو پێشەکیەدا، دیکارت لەبزاڤێکی بنچینەییدا لەنەرینەکان دوور دەکەوێتەوەو ئەو بیرکردنەوەو هزرانەی بەشێوەیەکە مایەی تێگەیشتن و مایەی خوێندنەوە دەخاتەڕوو.

چۆن توانی تێڕوانینی قوڵ و داهێنەرانە فەلسەفیەکان تا ئەو ڕێژەیە ڕوون و ئاسان دەرببڕێ، کەهەمووان توانای تێگەیشتن و درکیان هەبێ و دەستیان بەسەردا بشکێ؟ ئەو گرفتە نەک هەر من و ئێوەی لە پاخستووە، بەڵکو گەورەترین مێشکە فەلسەفیە جیهانیەکانیش هەردەم گیرۆدەی بوونە. ئەفلاتون بۆ تێکشکاندنی ئەو بەربەستە، فەلسەفەی خۆی لەچوارچێوەی گفتوگۆدا خستۆتەڕوو.

نیتچە وای دەزانی بەنوسین و داڕشتنی جوانترین و ناسکترین و بەهێزترین ئەو پەخشانانەی کە لە زمانی ئەڵمانیدا خستونییە سەر کاغەز، ئەو کێشەیەی چارەسەرکردوە، بەڵام ئەو خۆ بەزلزانیەی ئەو دواجار بەرەو شێتبوونی تەواوی برد. وتیگنشتاین هەوڵیدا ئەو پرسە بە لەبەرچاوگرتنی نوسینی کورت کورت و چەند دێڕی بۆ ئەم سەردەمەی تەلەفیزیۆن

چارەسەر بکات، هزرو ئێروانینەکانی خۆی بەشێوەی دێڕی دووسێ خەتی بخاتەڕوو، بەڵام ئەو شێوازەش شوێنی بۆ باس و بەڵگە کاری فەلسەفەی دەهێشتەوە. میتۆدی دیکارت بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، لە هەموان سادەترو ڕۆشنتربوو. ناوبراو لەپەخشانێکی شەفافدا کە لەنوسینی ژیاننامە دەچێ، ڕوندەکاتەوە کەچۆن دەکەوێتە بیرکردنەوەو لەو پڕۆسەیەدا، چ هزر گەلێکی جۆراو جۆر لەنێو مێشکی ئەودا سەر هەڵدەدەن، کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دیکارت، دەتوانین ئەزمون بکەین کە هزرێکی مەزن چۆن هزری فەلسەفەی ڕەسەن دێنێتە ئاراوە. دیکارت ڕەوتی بیرکردنەوەی خۆی هێندە بەباشی وێنادەکات، کەخوێنەر فریو دەخواو پێیوایە ئەمە کارێکی زۆر سادەیەو ئەو شێوازەی کە دەیخاتەڕوو، لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوەی خودی ئێمە هێندە جیاواز ناکەونە بەرچاو، ئەو خوێنەرانی فەلسەفەی خۆی هەنگاو بەهەنگاو بەشێوەیەکی ژیرانە، بەرەو ئەنجامگیر بەجێ مەبەستەکانی خۆی رادەکێشێ.دیکارت دەربڕینی هزرەکانی خۆی بەگەڕانەوە بۆ وڵاتی بەفراوی باڤاریا و ئەو وێنایەی کە لە زەینی ئەودا نەخشی بەستوە، دەستپێدەکات. ((زستان دەستی پێکردو من خۆم لە خاڵێکدا دۆزیەوە، کە هیچ هاودەمیەک سەرنجی منی بۆخۆی ڕانەدەکێشا لەوکاتەدا من لە دەست هەر چەشنە نیگەرانیەک، یان شەوق و زەوقێک ئاسودەو ئەمان بوو بەم پێیە بەدرێژای ڕۆژ لەئاگردانێکدا دەمبردە سەرو دەمتوانی لەگەڵ هزرەکانمدا تەنیابم.)) دوای ئەوە لە پەخشانێکی زۆر هێمنانەدا دەنوسێ، کەچۆن دەتوانێ بەسود وەرگرتن لەشێوازە بەردەوام و ئامانجدارەکان باوەڕبوونی ئێمە بەسەرجەم پێکهاتەی جیهانی دەروبەر سەراوبن بکات و تێکی هەڵبکات. هیچ شتێک بڕاوەو حەتمی نامێنێتەوە. هەموو جیهان تاکایەتی خودی ئێمەو تەنانەت بنچینەی بوونمان. تەنیا دەتوانین بەرامبەر بەیەک شت دڵنیابین گرنگ

نییە، من لەو هزرەی کەدەربارەی خۆم یان جیهانی دەوروبەرم لە  هزرمدا هەیە، تا چ ئەندازەیەک گومڕابوومە، تەنها یەک ڕاستی بوونی هەیە، کە نکۆڵی لێ ناکرێ:(من بیردەکەمەوە). هەرئەوڕاستیە بەتەنیا دەتوانێ بوونی من بسەلمێنێ، لەبەناوبانگترین چەمکی مێژووی فەلسەفەدا، دیکارت ئاوا ئەنجام گیری دەکات: (من بیردەکەمەوە، کە واتە من هەم). دوای سەلماندنی ئەو تاکە گوزارە دڵنیاو حەتمیە، دیکارت هەموو ئەوڕاستیانەی کە پێشتر گومانی هەبوو لەدروستبونیان لەسەر بنەمای ئەوگوزارەیە، کەسەر لەنوێ دادەڕێژرێتەوە.جیهان ڕاستیە ماتماتیکیەکان زستانی بەفراوی باڤاریا-گشتیان بەدڵنیایەکی سارد دەگەڕێنەوە، ئەم جارە دوای تێپەڕکردنی قۆناغی دورخراوەیی خۆیان بۆ سەرزەمینی گومان و دوودڵی، لەهەموو وەختێکی تر لەگومان نەهاتوو بوونە، چونکە لەسەر بنەمای ڕاستییەکی زۆر بێ چەندو چون گومان هەڵنەگری بنیات نراون.

دیکارت کە لەو نوسینەیدا زانی کردبوو، سەبارەت بەسەرجەم جیهان، گومان و دوو دڵبوونی خۆی ڕاگەیاندبوو بڕیاریدا کە بەبێ ناوهێنان چاپی بکات، هەروەها دیکارت زمانی فەڕەنسی بۆ ئەو کتێبەی هەڵبژارد، تاکو خوێنەرانی زیاتر بۆخۆی ڕابکێشێت.

ئەو خۆی لەهەر چەشنە بەرخوردێکی کڵێسا دەبواردو ئومێدەوار بوو، بە ڕاکێشانی ئەوکەسانەی کەحەزیان لە زانستە نوێیەکان دەکرد بەو ئامانجەی بگات. زۆر سەیرە ئەوئامادەکاریەی ئەو کاری خۆی کرد. خەڵک هەر زوو نوسەری (وتاری دەربارەی میتۆد) یان  ناسی، بەڵام سەرەتا زیاتر تێڕوانینە بیرکاری و زانستیەکانی ئەو کتێبە سەرنجی ڕاکێشان. بیرکاریزانەکان یەکەمجار سەرنجیان ڕاکێشراو دواتر تووڕەبوون.

بەتێڕوانینی زۆربەی ئێمە سەلمێنراوترین خاڵ سەبارەت بەبیرکاری ئەوەیە، کەچەمکە بیرکاریەکان، یان دروستن، یاخود نادروستن. ئەوچەشنە تێڕوانینە سادەو ساکارە یەکسەر کەسەکە لە ڕیزی بیرکاریزانان دەباتە دەرەوە.کاتێک کەسەیری داهێنەران و پێشەنگەکانی بیرکاری دەکەین دەبینین دابەشکردنی سادەی پرسەکان دروست و نادروستیان جێی خۆیان دەدەنە تێڕوانینیەکی هزرمەندانەو پڕجۆش و خرۆشانەتر. تا ئەو ڕوانگەیەش زیاتر لەگەڵ ڕاستیە حەتمی و لە نکۆڵنەهاتوەکان ڕووبەڕوو ببێتەوە ململانێش (بەهەڵکشانێکی ئەندازەیی!) زیاتر دەبێ. دوای خوێندنەوەی تێڕوانینە بیرکاریە تازەکانی دیکارت و دەست نیشانکردنی داهێنانە قوڵەکانیان سەرجەم بیرکاریزانە گەورەکانی سەردەم هەر زوو لولەی چەکەکانی خۆیان ڕووبەڕووی دیکارت کردەوە. گاسندی، ئینسۆن، فۆرما، و... یەک لەدوای یەک هاتنە ناو ململانێکە. مشتومڕی نێوان ئەوانە لە سەروی درکی مرۆڤەکانی زەوی بوو! ئەوکەسانەی کە لەو بارەیەوە بڕوایەکی دیکەیان هەیە، ڕەنگە چیرۆکێکی کۆنی دوایین پرسی فۆرما سودمەندو پەندئامێز بەدی بکەن. بەگوێرەی ئەوپرسە هیچ ژمارەیەکی دروست لەیەک بەسەرەوەت بوونی نییە، کەئەم گوزارشتەی خوارەوە دەربارەی دروستبێ:

**Xn + yn = zn**

فۆرما کەمێک بەر لە مردنی لەپەراوێزی ئەم فۆمۆڵەدا نوسی: ((من شێوازێکی سەرەنجڕاکێشم بۆ سەلماندنی ئەم پرسە دۆزیەوە، بەڵام بۆ نوسینەوەی ئەم لاپەڕەیە، بەشی ناکات و جێی نابێتەوە.)) سەرەڕای ئەوهەموو هەوڵە بەردەوامەی بەرجەستەترین بیرکاریزانانی سێ سەدەی ڕابردوو، هیچ کەس تا ئێستا لەوە سەرکەوتوو نەبوو، کەدروستی یان نادروستبونی دوایین پرسی فۆرما ساغکاتەوە.هەندێک پێیانوایە کەدرووست

نییە، بەڵام هەندێکی تر باوەڕیان بە دروستبوونی هەیە. هەندێ گەیشتوونەتە ئەوئەنجامەی کەفۆرما لەڕاستیدا خۆی هەڵکێشاوەو فشەی کردووە، تەنانەت ژمارەیەک هەن دەڵێن ئەو خۆی جورئەتی سەلماندنی نەبووە... بیرکاری بەدڵنیابوون دەستپیدەکات و لێرەداکۆتایی دێ، بەڵام فەلسەفە هەر لێرە دەستپێدەکات و هەر لێرە کۆتایی دێ.کاتێ دەوترێ فڵانە کەس دێڕێکی فەلسەفی هەیە دەتوانرێ دڵنیابین کەئەو فەیلەسوف نییە. دیکارت هەر زوو ئەوەی دۆزیەوە. دوای بیرکاریزانان نۆرەی فەیلەسوفەکان بوو کەپێ بخەنە ناومەیدانەوە. دیکارت هەرگیز کێشەی لەگەڵ کڵێسا پەیدا نەکرد، ئەگەر ئێوە گومان لەهەموو شتێک بکەن، جگە لەو ڕاستیەی کەبیردەکەنەوە، ئەی کەوایە خوا چیلێدێ. دیکارت بەڕاستی کەسێک بوو چانسی هەبوو، کەگرفتاری ڕقی کڵێسا نەبوو، بەڵام خۆشبەختانە دەستەکانی لەگۆشەو کەناراوە، داکۆکیان لێدەکردو خۆشبەختی زیاتر ئەوەبوو، کەئەو لەهۆڵەندا دەژیا، یان بەواتایەکی باشتر لەهۆڵەندا سەفەری دەکردو: لەساڵی (1638) بۆ جاری پانزەهەمین لەکاتی نیشتەجێبوونی لەوڵاتە یەگرتووەکانی هۆڵەندا، دیسانەوە گواستییەوەو ئەم جارە سەفەری کرد بۆ (ئامر سوفت،کە کەوتبووە قەراغی شاری زانکۆی (وتۆیمنت). لەو سەرو بەندەدا کچەکەی پێنج ساڵە بوو دیکارت دەیویست ڕەوانەی فەڕەنسای بکات، تاکو((خاتونێکی دابوو نەریت زانی))ی لێ دروست بکات، بەڵام لەناکاو فرانسیک نەخۆش کەوتوو مرد. ناخی دیکارت لێک هەڵوەشایەوە ئەمە تاڵترین زەبربوو، کە دیکارت لەدرێژی تەمەنی خۆیدا وێیکەوتبوو، بەوتەی نوسەری ژیاننامەی ئەو، واتا (ئادرین بایە)ە، دیکارت بەو هەموو بێ مێهریەی خۆیەوە لەتاو مەرگی کچەکەی گریا، کەنیشانەیدا خەمی حاڵ، دەتوانی هزری ئەدەبیەت لە هزری مرۆڤدا کپ بکاتەوە.

ئەو کارەساتە لەکاتێکدا ڕوویـدا، کە دیکارت خەریکی کتێبی (وردەکاریەکان– meditaticns) بوو. هەموان ئەم کتێبە بەشاکاری ئەو دەزانن. ئەگەر چی کتێبی (وردەکاریەکان) لەیەکەم خوێندنەوەدا ئەوەندەی (وتار دەربارەی میتۆد) سەرەنجراکێش نییە، بەڵام هەمان ناسگاری شێوازی ئەو کتێبەی هەیەو زمانەکەی نمونەیەکی تەواوی شێوە دەربڕینی هزرە ئەسبتراکتەکانە. (دیکارت بەبوێریەوە بانگەشەی ئـەوەی دەکـرد، کە نوسینی(وردەکاریەکان)ی بەو ئامانجە نووسیو، کەموتاڵای هزە ئەبستراکتەکان لای ئافرەتان بکاتە شتێکی وروژێنەر)، بەڵام ئەم جارە دیکارت ورتر هەنگاوی ناو دەستنوسی یەکەمی نوسینەکەی بۆ باوکە مۆرسان نارده پاریس، تا ئەو دابەشی بکات و ((ڕای ڕۆشنبیران ))ی لەسەر وەربگرێ. دیکارت دەیوسست پشت ڕاستکردنەوەی بیرمەندە بەرجەستەکان، هەروەها یەسوعیەکان بۆ نوسینە فەلسەفیە تازەکەی خۆی دەستەبەر بکات - کەلەخۆگری شرۆڤەیەکی درێژی هزرەکانی بوو کەپێشتر لە (وتار دەربارەی میتۆد) خرابوونەڕوو. لە کتێبی (وردەکاریەکان)، بەرنامەیەکی هەمەلایەنەتر بۆ گومان دەخاتەڕوو، ئەو وابیر دەکاتەوە کە سەرجەمی جیهان، تەنانەت ڕاستیەکانی زانستی ئەندازەیی و پاڵنۆ زستانیەکەی کە ئەو لەبەری کردووەو لەبەردەم ئاگر دانیشتووە گشتمان بەرهەمی ئامادەکاری بونەوەرێکی ناپەسەندو نادیارن، کە دەیەوێت ئەو فریو بدات .(دەرونسازان بەدڵنیاییەکی تەواوەوە ڕایانگەیاند، کەئەو کەسایەتییە نێگەتیڤە کەسێک نییە، جگەلە دادوەر ژواکیم دیکارت؟ ). جارێکی تر زەینی گوماناوی دیکارت، هەمان بنەمای لە نکۆڵی نەهاتووی پێشوو دەدۆزیەوەو بەگوێرەی ئەو بنەما بێ چەندو چوون و سەلمێنراوە، سەرجەم جیهان سەرلەنوێ بنیات دەنێنەوە، تا ئەو شوێنە دەچێنە پێش کە بوونی خواوەند بسەلمێنێ، ڕەنگ بێ بۆ ئەوە بێ خەیاڵی کڵێسا ئاسودە

بکاتْ، ئەو بەڵگانەی کە ئەو بۆ ئەو مەبەستە بەکاریان دەهێنێ، چوار سەدە پێشتر لەلایەن سێنتْ ئانسلم و سێنتْ تۆماس ئاکوێناس گەڵاڵە کرابوون و خرابوونەڕوو .

ئەگەرچی هزری گومانی دیکارتی، بەمانای وردی وشەوە داهێنانی دیکارتْ نەبوو، بەڵام لەودەمەدا تەواو بەداهێنانێکی ئەو دەژمێردرا- سێنتْ ئاگوستین نزیکەی دوانزە سەدە بەر لە دیکارتْ، شێوازە دەرەنجام گەلێکی هاوشێوەی ئەوەی خستبووە ڕوو، بەڵام چونکە لە هزری ئەودا ڕۆڵێکی تەوەریيان نەبوو تەواو لە بیرکران، بەڵام مایەی سەرەنجە کە کەمێک بەر لە خودی دیکارتیش فەیلەسوفێکی پرتوگالی بەناوی (فرانسیسکۆ سانچز) تەواو هەمان بەرنامەی گومانی فراوانی لە نوسراوی سەرسامکەری خۆی، (بۆچی ناشێ هیچ شتێک بزانین- quod nihil sescitur) پێناسەکرد. ئەو کتێبە لەساڵی (1581) بڵاوکرایەوە.

سانچز شانسی هەبوو کە ئەوکاتْ کتێبەکەی هێندە سەرەنجی نەکەوتە سەر، ئەگەرنا لەجیاتی ئەوەی لەتەمەنی هەفتاو سێ ساڵیدا لەشاری (تولوز) بەئارامی دنیا بەجێبێلێ، ڕەنگ بوو لەتەمەنی سی و یەک ساڵیدا وەک قارەمانێکی گەورەی ڕێگای فەلسەفە لەسێدارە بدرێتْ، دیکارتْ سەودای قارەمانێتی نەبوو، بەڵام بۆ بە نەناسراوی مانەوەش زۆر هەوڵی نەدەدا. هەرچەندە هەموو خەسڵەتە پێویستەکانی نەناسراو مانەوەی تیابوو (تەمبەڵیەکە بەتەنیا، بۆ ئەمە بەس بوو).

دیکارتْ دەیویستْ دەنگی بگاتە گوێی هەموان، بەڵام لەهەمانکاتدا حەزی لێبوو هزرەکانی لە هزری ئەوانی دیدا پەسندبن، ئەو تەواو گەیشتبوە ئەو باوەڕەی کەئەوەی دەیڵێ دروستە، بەڵام دەیویستْ کڵێساش لەو بارەیەوە ڕازی بکاتْ، بۆ هەمان مەبەستْ باوکە مۆرسان لەسەر داوای

دیکارت، ڕەش نوسە سەرەتاییەکانی کتێبی (وردەکاریەکان)ی بۆ کەسایەتییە بەرجەستەکانی ئەوروپا، وەک گاسندی هۆبزو ئاڕنۆڵد ناردو ئەوانیش بەخستنە ڕووی ڕەخنەگەلێک لەسەر تێڕوانینەکانی دیکارت، وەڵامی ئەو هەوڵەیان دایەوە. ئەو ڕەخنانە بوونەمایەی هەراسان بوونی دیکارت، داوای لێکرا وەڵامی خۆی بۆ ئەو ڕەخنانە بخاتە سەر کتێبەکەو بەم چەشنە دوا کۆپی (وردەکاریەکان) چاپکرا هەموو ڕەخنەکانی کەلێی گیرابوو و وەڵامەکانی دیکارتیشی لە خۆگرتبوو.

بەڵام هەر وەک چۆن پێشبینی دەکرا، بڵاوکردنەوەی کتێبی (وردەکاریەکان)ی دیکارت، هەراو زەنایەکی زۆری نایەوە. یەسوعیەکان بەدروستی دەستنیشانیان کرد کەگومانی دیکارتی پرسی (من بیردەکەمەوە کەواتا هەم) وەک کۆتایهێنان بەفەلسەفەی مەدرەسی (سکۆراتیش) و ڕێنوێنیەکانی (ئاکویناس)ە، بەڵام لەبەر شانسی ئەم جارە پانتایی مشتومڕەکە گەیشتە هۆڵەنداش. سەرۆکی زانکۆی(ئۆترێخت)، دیکارتی بەتاوانی نکۆڵیکردن لە خوا تاوانبارکرد. ئەو بەڕاشکاوی دیکارتی بە (فانینی) شوبهاندبوو، کەبەتۆمەتی خستنەڕووی بەئەنقەستی بەڵگەی لاوازو پشت ڕاستنەکراوە بۆ سەلماندنی بوونی خوا تاوانبارکرابوو. (فانینی بەهەمان تۆمەت ساڵی 1619 لەشاری تۆلۆزدا سوتێندرا و ڕەنگە لەهەمان جێگادا فەیلەسوفی پردوگاڵی پیرو گوماناویش لەتەگ ئاپۆڕەی خەڵکەکە تەماشای ئەوی کردبێ و لەژێر لێوەوە گوتبێتی ((ئەگەر خوا ڕەحمی نەدەکرد، بەهەمان ئەو بەڵایە بەسەر منیش دادەهات... ))

دوابەدوای پەلامای زارەکی سەرۆکی زانکۆی ئوترێخت دژی دیکارت، چەندین کەسایەتی ناسراوی دیکەی هۆڵەندیش، لە دژیدا هاتنە مەیدان و زەبری کاریگەریتریان لێداو تەنانەت بەهەڵە گەڕایەوە، لەئاین تۆمەت باریان

کرد. لەدەمەدا هەڵبەتە ئینکارکردنی خوا بەتاوانێکی گەورە دەژمێردرا، بەڵام هەڵگەڕانەوە بەتۆمەتێکی زۆر جدی تر دەژمێردرا: خۆشبەختانە باڵیۆزی فەرەنسا بەقازانجی دیکارت هاتە ناوەوەو دواجار کێشەکە خرایە لاوە، ئەگەر چی ئاماوەیەک دوای ئەوە بچوکترین ئاماژەکردنێکی باش، یان خراپ بەناوی دیکارت، یان بەرهەمەکانی لە قەڵەمڕەوی زانکۆی ئوترێخدا قەدەغە کرا، بەڵام دواتر دوای سکاڵای گروپی بیرکاری ئەو زانکۆیە، کە ئیدی وانەوتنەوەی وانە ئەندازەی پێ ئەنجام نەدەدرا، ئەم قەدەغەکردنە هەڵوەشێندرایەوە.

لەو کاتەدا دیکارت لەسەرانسەری ئەوروپا ناسرابوو و ناوبانگی ئەو لەسنورو پانتای بیرمەندان زیاتر ڕۆی بەچەشنێک کەتەنانەت بنەماڵە پاشاییەکانی ئەوروپاش بەرهەمەکانی ئەویان دەخوێندنەوە. کاتێک کە شا گەنجەکەی سوێد (کریستینا، یەکێک لەکتێبەکانی ئەوی خوێندبووەوە، هێندە کەوتبووە ژێرکاریگەری ئەوە، کەبۆ دەربار بانگێشتی کرد. دیکارت دەبوا بۆ وتنەوەی وانەی فەلسەفە بە شاژن، بچوبایە سنۆکهۆڵم. لەو کاتەدا ساڵنی بەدرێژی درەنگ لەخەو هەڵستان و بیرکردنەوە لەنێو خۆشی و ئاسایشدا، وردە وردە کارتێکردنی نێگەتیفی خۆی لەسەر دیکارت بەجێدەهێشت. ئەگەر چی تەمەنی تەنیا پەنجاو سێ ساڵ بوو، بەڵام چوار ساڵ بوو جێگۆرکێی نەکردبوو. لەم سەرو بەندەدا دیکارت پارچە زەویەکی بچوک لە(ئەگموند- بینن) کە کەوتۆتە بیست مایلی باکوری ئامستردام و نزیک دەریا بۆ نیشتەجێبوونی خۆی هەڵبژاردبوو، ئەو لەوێ هزرەکانی خۆی بەدانیشتن لە ژووری خوێندنەوەی هەشت دیـواری ماڵەکەی خۆی و تەماشاکردنی باخێکی جوانی دێرین پەیگیری دەکردن. هەندێ جار دیکارت دەچووە پاریس، تا بیروڕاکانی خۆی لەگەڵ هاوکارە دێرینەکانی خۆی وەکو

گاسندی، پاسکاڵ، هۆبزو ئاڕنۆڵد باس بکاتْ. بیرکردنەوە لەسەفەرێکی درێژ بۆ باکور (وەک دیکارتْ بە ((سەرزەمینی ورچەکان و ناو زنارو سەهۆڵ)) ئاوا باسی سویدی دەکرد، بەبڕوای ئەو سەفەرێکی هێندە دڵ خۆشکەر نەبوو، بەڵام شاژنە کریستینا ژنێکی بەهێزوخاوەن بڕیاربوو لە کاتێکدا کەتەمەنی هەر بیستْ و سێ ساڵ بوو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر وڵاتی خۆیدا هەبوو باڵای شاژن پێنج فوتْ (=152سانتی مەتر)زیاتر نەبوو، بەڵام شانەکانی پان بوون و وەک سەربازێک مەشق وڕاهێنانی کردبوو. دەڵێن دەیتوانی بێ ئەوەی هەستْ بەماندووبوون بکاتْ، ماوەی دە سەعاتی تەواو بەئەسپ غار بداتْ (بەرگەگرتنی ئەو ئەسپە مرۆڤ دەخاتەسەر سوڕمانەوە). ئەوکاتە کە کریستینا گەیشتە سەر تەختی پاشایەتی، بڕیاریدا کە پایتەختی خۆی واتە ستۆکهۆڵم کە بەهۆی زۆری ئاوەوە بە (هێنیز)ی باکور ناودەبرا بگوازێتەوە بۆ پاریسی باکورو بیکاتْ بەناوەندێکی فەرهەنگی و رۆشنبیری، بەڵام لەگەڵ هەموو هەوڵەکانیشی ستۆکهۆڵم هەر وا ستۆکۆڵم مایەوە، دیکارتْ بۆ شاژن بەشاژنێکی گەورە دەژمێردراو بڕیاریدا بەهەرنرخێک بێ لەدەستْ خۆی نەدا. شاژن بۆ بەهێزکردنی بانگهێشتی خۆی لە دیکارتْ کەشتێکی جەنگی لەگەڵ دەریا سالارێک بۆ هێنانی دیکارتْ ناردە هۆڵەندا، بەڵام دیکارتْ بۆچونە سوید نارەزایەتی دەربڕی هەرچەندە ئەوهەنگاوی بەو پەڕی ئەدەبەوە ئەنجام دا. نامەیەکی پڕ لە مەرایی دایە دەریاسالار و تیایدا نوسی ((شاژنی پایە بڵند لەهەموو مرۆڤێکی تر زیاتر سیمای خواوەند وێنادەکاتْ))، بەڵام داوای کرد کە ئەو لە((دەرکی پرشنگداری بوونی شکۆداری خۆی))ببەخشێ. کریستینا دوای خوێندنەوەی نامەکە توند پێی خۆی بەعەرزی دادا و ئـەوڕۆژە دەربـار ڕۆژێکی خراپی بەڕێکرد. ئەو چەندین سەعاتْ سەرقاڵی ئەسپ سواری بوو، ئینجا کەشتێکی تری

به مەبەستی هۆڵەندا بەڕێکرد. دیکارت کە لە باس ومشتومڕە زانستی و فەلسەفیەکاندا شکستی بەگەورەترین بیرمەندانی ئەوروپادابوو ناچار بوو ئەمجارە شکست قبوڵ بکات تەسلیم بێ. ساڵی 1649سواری کەشتیەک بوو بەرەو ستۆکهۆڵم وەڕێکەوت شاژنە کریستینا مەڕسیمێکی زۆر شکۆداری بۆ پێشوازیکردن لەدیکارت ئەنجامدا. دوای ئەو دیکارت دوو دانیشتنی وانەی تایبەتی بۆ شاژن ڕێکخست، بەڵام پێدەچێ کە شاژن گەیشتبێتە سەر ئەو ڕایەی کە لە خوێندنەوەی بەرهەمە فەلسەفیەکانی ئەو شتێکی زۆر دەست نەکەوێ و شاژن گەیشتە ئەوئەنجامەی کەکارگەلێکی گرنگتر هەن کەدەبێ ئەنجامیان بدات. دیکارت شەش هەفتەی تەواو بەبێ ئیشی بەڕێکرد تا زستانی سەختی سوید گەیشت زستانێک کە لەسەرماو سۆڵەدا لە شەست ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبوو. شەش مانگی تەواو شار کەوتە ژێر سەهۆڵبەندان، لەسەروبەندی نیوەڕۆوە هەواو تاریک و هەوری دادەهات و لەشوێنە لاپەڕگەکانی شاردا گورگ لە ژێر تیشکی ساردەکانی ڕۆشنایی جەمسەردا لورە لوریان دەکرد. کریستینا نیگەران بووەی توانستە قوڵەکانی دیکارت لەناو سەرمای پاینەختی ئەودا بەفیڕۆبڕوا ئەرکێکی تازەی خستە سەر شانی ئەوەوە. دیکارت ئەو ئەرکەی بەناڕەزایەتیەوە قبوڵ کرد خەریکی ڕێکخستنی هەندێک هۆنراوە بوو، بۆ ئەوە کە((لەدایکبوونی ئاشتی)) ناونرابوو، کەبڕیاربوو لەساڵ ڕۆژی لەدایک بوونی کریستینا بەڕێوەببرێ، ڕەنگبێ دیکارت ئاشنایەتییەکی تەواوی لەگەڵ مۆسیقادا هەبووبێ، چونکە لەگەڵ تەواو بوونی ئەوکارە، داوای لێکرا شانۆگەرییێکی کۆمیدی مۆزیکال دەربارەی دووشازادە بنوسێ، کەپێیانوابوو شوانن. (بەداخەوە لەهیچ یەک لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی دیکارت، نەمانتوانی ئاماژەیەک لەبارەی ئەو بەرهەمەی بدۆزینەوە، هەڵبەتە بێجگەلە قسەی خۆی لەو بارەیەوە کە

لەبەر دڵتەنگیەوە دەری  بڕیوەو وتویە((لەمانگە ساردەکانی زستان مێشکی مرۆڤ لەکار دەوەستێ.))

دواتر لە ناوەڕاستی  مانگی یەک کریستینا بڕیاریدا سەرلەنوێ دەست بەخوێندنی وانەی فەلسەفە بکاتەوە. دیکارت ئاگادارکرایەوە کە شاژن دەیەوێ لە هەفتەیەکدا سێ دانیشتنی  وانەی فەلسەفەی هەبێ و دانیشتنەکانیش هەمویان سەعات پێنجی بەیانی دەست پێبکەن! تەنانەت لەناو سوپاشدا دیکارت هەرگیز بەر لە سەعات یازدە لەخەو هەڵنەستابوو. مۆڵەتەکەی لەخەو هەستان  لە سەعاتی چواری بەیانی  لەزستانی  زۆر ساردی ئەسکەندەناڤیا ڕێکخستنی سەروسیمای خۆ بەو دودڵیە تایبەتییەی فەڕەنسیەکان، لەو سەعاتانەی کە تەنها هەر گورگەکانی بیابان بەئاگان و دوای ئەوەی سواربوون لە گالیسکە بەسەر شەقامە سەهۆڵگرتووەکان، کەوەک ئاسن سەخت و لوس بوون. ئەویش بەو سەرماوسۆڵە سەختەی جەمسەری باکور،... بۆ وێناکردنی هەستی دیکارت لەو ڕەوشە زۆر خۆماندوکردنی ناوێ. لەماوەی دووهەفتەدا سەرمایەکی ئەوتۆی خوارد کە لێی بووە هەوکردنی سیەکان و هەفتەیەک دواتر کەوتە وڕێنەو لە(11)ی بەفرامبەری ساڵی (1650) ماڵئاوای لە دنیا کرد. یەکێک لەبەرجەستە ترین نافەکانی ئەوروپا، بووە قوربانی هەوەسی شاهانە، دیکارت کەسێکی زۆر ئاینی، لەهەمانکاتدا کاسۆلیک بوو نەیدەتوانی لەوڵاتێکی پرۆستانی وەک سوید، لەهەمان ئەو جێیەدا بەخاک بسپێردرێ، کەهەموو مردوەکانی تری لێدەنێژرێ، بۆیە لە گۆڕستانی منداڵانی ئاوەشۆر نەکراودا بەخاکیان سپارد.

سێزدە ساڵ دوای مردنی، کڵێسای کاسۆلیک ڕێزی لە دیکارت ناو سەرجەم بەرهەمەکانی ئەوی لە لیستی بەرهەمە قەدەمەکانی کڵێسا دانا؟ (وە بەم چەشنە ئەوەی جێگیرکرد، کەئەو بەرهەمانە ساڵەهای ساڵە

هەروا لەبەردەستی خوێنەران بن؟) دواتر لەسەدەی هەڤدەدا تەرمەکەیان گواستەوە پاریس و لەوێ بەخاکیان سپاردەوە. لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسا پێشنیازکرا کە دیسان گۆڕەکەی هەڵبدەنەوە و لەگۆڕستانی(پانکتیون)، لەتەک بیرمەندانی دیکەی گەورەی فەرەنسی بەخاک بسپێردرێتەوە. ئەو پێشنیازە لەئەنجومەنی نەتەوەی خرایە دەنگدان لەهەنگاوێکی نائاسایدا، ئەندامانی ئەنجومەن بەهۆی تێڕوانینی زانستی خۆیان بەدوو دەستە دابەش بوون. دەستەی یەکەم تێڕوانینی میکانیکی دیکارتیان دەربارەی جیهان پەسەند دەکردوو، لەهەمبەردا دەستەی دووەم پشتیوانیان لەتیۆری نوێی ڕاکێشانی (نیوتن) دەکرد. دیکارت بۆ شیکردنەوەی پەیوەنیەکانی گەردون، تیۆری گەردەلولەکانی خستبووە ڕوو. بەپێی ئەو تیۆریە جوڵەی گەردیلەیەک کاریگەری بەسەر هەموو گەردیلەکانی گەردوندا هەیە. ئەو کاریگەریە بەهۆی کۆمەڵێک لە گەردەلولە تێکئاڵادەکان دێتەدی کە هەموو شتێک لەکۆمەڵەی خۆرەوە بگرە تا ئەستێرەکان، تا بچوکترین گەردیلەکانی گەردوون لەخۆ دەگرێ. (هەڵبەتە ئەم تێڕوانینیە سیستمێکی زۆر ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە، کەتەنها بیرکاری زانێک تواناى تێگەیشتنی دەبێ، بەڵام بەهەرحاڵ تێڕوانینی دیکارتی ئاماژە بەخاڵێکی گرنگی ڕەوتی تەواوکاری هزری مرۆڤ دەکات. تێڕوانینی دیکارت هاوشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ زنجیرە نەبچڕاوەکانی(dna)، هەروەها لەگەڵ تیۆری هەورە پێکەوە بەستراوەکان دەربارەی گەردیلە بەستراوەکان هەیە، هەروەها دیکارت لەمیانی شەنوکەوی درێژی خۆیدا، بەدوای هێزێکدا دەگەڕا کە بتوانێ پەیوەندی بەرامبەرانە لەنێوان هزر و جەستە بهێنێتە ئارا، شتێک لەچەشنی شەپۆلە ڕادیۆییەکان یا کارەبا بەبڕوای بیرمەندی تازە، (ژاندو ماندوویل)، ئەم پرسە ئەوە نیشان دەدا کە هزری مرۆڤ دەشێ بڵێین بەبێ گوێدانی ئامانجی خۆی، لەڕێڕەو گەلێکی

تێگەیشتنی دیاریکراودا هەنگاو دەنێ). ئەو کاتەی کەپرسی گۆڕینی شوێنی ناشتنی دیکارت لەئەنجومەنی نەتەوەی فەرەنسا خرایە دەنگدان، لایەنگرانی تیۆری نیوتن سەرکەوتنی دیکارتیەکان شکست بدەن. تیۆری ڕاکێشان لەو ڕۆژگارەدا، ڕەواجێکی زۆری هەبوو، بەم پێیە دیکارت نەیتوانی بچێتە گۆڕستانی گەورە پیاوان؟

راستی کەپێشتر لەچوار چێوەی یەزدانناسیدا بەدوایدا دەگەڕان، چووبووە نێو قەڵەمڕەوی دیموکراسیەوەو دیکارت لە هیچ یەک لەو دوانە شوێنێکی نەبوو. ئێستا ئارامگای دیکارت لەکڵێسای (سێند ژەرمەنەن دێپڕە)، لەناوەندی کارتیە لاتنی پاریسدا هەڵکەوتووە، ئەو جێیەی کە سێنت پیرۆزی، هزری گومان و بێدار بوونەوەی دەمەدەمی نیوەڕۆی ئەمڕۆکەش، بەشێوەیەکی وردی تێدا دەپارێزرێت.

**پاشکۆ**

بەرلەدەرکەوتنی دیکارت، فەلسەفە چووبووە ناو خەوێکی قوڵەوە. چاخی پاشکۆی نوێی فەلسەفە بەدیکارت دەست پێدەکات. لەوکاتە بەدواوە، ڕەسەنایەتی تاکو هەڵسەنگاندنی هۆشیاری مرۆڤ، گۆڕا بۆ پرسە بنچینەییەکانی فەلسەفە. ڕەوشی فەلسەفە تاماوەیەکی بەر لە ئەمڕۆش کەم تا زۆر هەر بەم شێوەیە مابوونەوە، تەنها لەگەڵ دەرکەوتنی فەلسفەی شیکاری بوو، کە ڕەسەنایەتی تاکو شیکردنەوەی زانیاری و هۆشیاری مرۆڤ جێی خۆیان دایە ڕەسەنایەتی چەمکەکان و شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان جارێکی تر، فەلسەفە چاوەڕوانی دەرکەوتنی دیکارتێکە، کەلەخەوی هەڵسێنێتەوە.

**لەنوسینەکانی دیکارت**

چەند ماوەیەک پێش ئێستا بۆ یەکەم جار بۆم دەرکەوت، زۆر باوەڕی نادروستم لەکاتی منداڵیمدا، وەک باوەڕو بیروڕای دروست وەرگرتبوون و تێبینیمکرد کەپێکهاتنی هزری من، کەتەواو لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە نادروستانە جێیگرتبوو، تا چ ڕێژەیەک متمانە پێنەکراوبوونە، بۆیە تێیگەیشتم ئەگەر مەبەستم بێ لەزانستدا دەستم بەدەرەنجامێکی پتەو پایەدار بگات، دەبێ جارێک بۆ هەتاهەتایە خۆم لەکۆتوبەندی هەموو ئەو بیروڕایانەی کە پێشتر قبوڵم کردبوون، ڕزگاربکەم و کاری خۆم لەسەر بنەمایەکی تەواو نوێوە دەستپێبکەمەوە.

**وردەکاریەکان، وردەکاری یەکەم**

**دێڕەیەکەمەکان**

* * *

ژمارەی زۆری یاساکان، زۆر جار بەربەستی بەردەم جێبەجێکردنی دادگەرین، کەوایە ئەو کاتە دەتوانین بەسەرکەوتووی حکومڕانی بەسەر وڵاتدا بکەین، کە یاساکان کەم بن و بەوپەڕی لێبڕاویەوە پیادەو چاودێری بکرێن، بەم شێوەیە گەیشتی ئەو ئەنجامەی کەلەجێی ئەو ژمارە زۆرەی یاساکانی پێکهێنەری لۆژیک چوارایاسای خوارەوە بەتەواوی بۆمەبەستی من بەسن، ئەومەرجەی بەشێوەیەکی لێبڕاو بڕیاردەرانە، لەهەموو قۆناغەکاندا کارو ئەرکەکانیان بەڕوونی ڕەچاوبکەم.

یاسای یەکەم، ئەوەی کەهەرگیز شتێک کە بەڕوونی لە دروستبوونی دڵنیانیم بەدروستی ئەدەمە قەڵەم، بە واتایەکی تر خۆ لەهەر گریمانەیەک و هزریەتێکی پێشینە ببوێرم و هیچ پرسێک، جگەلەوەی بەشێوەیەکی ڕوون و دیاریکراو لە هزری مندا ئاشکراو بەڵگەنەویستن، لەداوەریەکانی خۆم بەکاریان نەهێنم و کاریان پێنەکەم. یاسای دووەم بریتییە لە دابەشکردنی هەریەک لە پرسەکانی مایەی هەڵسەنگاندن بۆ زیاترین بەشی شیاو، کە بۆ بەدەستهێنانی ڕێگە چارەیەکی گونجاو پێویستن.

سێیەمین یاسا ئەوەیە، کە هزرەکانی خۆم لەڕێڕەوێکی ڕێکوپێکدا ڕێنوێنی بکەم، بە چەشنێک کەلە سادەترین و دڵنیاترین بابەتەکانەوە هەنگاوبنێم و دوای ئەوەی پێ بەپێ و وردە وردە مەعریفە گەلی ئاڵۆزتر بچم، لەو ڕێڕەوەدا تەنانەت ئەو پرسیارانە ناڕێژەیەک ڕێک بخەم کە پێدەچن هیچ چەشنە نزام و ڕێکخستنێکیان نیانییە.

دوایین یاساش ئەوەیە، کەهەمیشە بەش و لایەنەکانی پرسەکە بە

تەزرێکی وردو تەواوەوە بژمێرم و بەهەموو قۆناغەکاندا، بچمەوە تاکو دڵنیاببمەوە کە هیچ  شتێک لە بیرنەکراوە.

**وتار دەربارەی میتۆد، بەشی یەکەم.**

❋ ❋ ❋

زنجیرە درێژەکانی بەڵگەی سادەو ئاسان کە ئەندازەزانان بەکاریان دێنین و  بەهۆیانەوە دەگەنە ئاڵۆزترین  دەرەنجام، منیان هێنایە سەر ئەو بیرەی، کە هەموو  ئەو شتانەی کەدەتوانن ببنە پرسی مەعریفەی مرۆڤ، بەشێوەیەک لەشێوەکان پەیوەندیان لەگەڵ یەکدا هەیە،  تا ئەو دەمەی خۆ لە بیروڕای  نادروست لەبەرامبەر بیروڕای دروست بە دووربگرین و لە هزرەکانی خۆماندا ڕێوشوێنی پێویست، بۆ هەڵێنجانی ڕاستییەک لەناو ڕاستێکی تردا بپارێزین، هیچ مەعریفەتێک ناتوانێ لەتوانای دەرکی ئێمە بەدەر بێ و هیچ  ڕاستییەک ئەوەندە شاراوە نامێنێتەوە، کە ئێمە توانای کەشفکردن و دۆزینەوەیمان دەبێ. هەروا لەدیاری کردنی  ئەو بابەتانەی کە دەبوا کاری خۆمیان  لێوە دەست  پێبکەم،  ئەوەندە توشی گرفت دەبووم، چونکە لەسەرەتاوە لەسەر ئەو باوەڕەبووم،  کە ئەو بابەتانە  دەبێ بە سادەترین و ئاسانترین ڕاستی ناسرابن.

**وتار دەربارەی میتۆد، بەشی دووەم**

❋ ❋ ❋

لەو ڕووەوە کە حەزم لێبووە خۆم  تەواوەتی  بۆ گەڕان  بەدوای دۆزینەوەی  هەقیقەدا تەرخان بکەم پێویست بوو... هەرشتێک کەبچوکترین بواری گومانی  تێدا بەدی بکەم، بەشێوەیەکی ڕەها بە نادروستی  بژمێرم، تا

دواجار ئەوەم بۆ دەربکەوێ کە ئایا ڕاستی و حەقیقەتێک بۆ من دەمێنێتەوە، کەتەواو مایەی دڵنیایی و گومان هەڵنەگربێ، یان نا هەروا لەبەر ئەوە کەهەستەکانی ئێمە هەندێ جار ئێمە فریودەدەن، بڕیارمدا وایدابنێم کەهیچ شتێک بەڕاستی بەو شێوەیە نییە، کە هەستەکانمان نیشانمان دەدەن لەو ڕووەوە کەهەندێ لە ئێمە لەبەڵگەو پاساوکاریەکانمان توشی هەڵەدەبین، تەنانەت لە سادەترین پرسە ئەندازەییەکانیش، هەڵەو کێماسی لۆژیکی دەبین، من هەموو ئەو بەڵگەو پاساوکاریانەی کە پێشتر بۆ پرس و کێشە جیاجیاکان سودم لێوەردەگرتن، ئەوگریمانەیە دابنێم کە هەڵەن و دواجار کاتێ بینیم، دروست هەمان ئەو دەرکانەی کە لەکاتی بێداریدا هەستیان پێدەکەین، لەکاتی خەوتنیشدا کەلەحاڵەتی دەرککردنی هیچ شتێکدا نین، لە هزریندا شوێن دەگرن و نەقش دەبەستن دێمەسەر ئەوەی کەئەو گریمانەیە بکەم کە هەموو شتێک، تا ئێستا بە هزرماندا هاتووە، لە خەوێک بترازێ شتێک نەبووە، بەڵام یەکسەر تێبینی ئەوەمکرد کە لەکاتی پێداچوو بەو هزرانە بە هەڵەزانینی گشت بابەتەکان، بەهەرحاڵ زۆر پێویستە کەمن واتە بکەری بیرکردنەوە بوونم هەبێ و گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەو هەقیقەتەی، واتە ئەوەی (من بیردەکەمەوە، کەواتا من هەم)هێندە تەواو و گومان هەڵنەگرە، کەهیچ شک و گومانێک، تەنانەت لای بەدگومانترین تاکەکاندا بەخۆوە هەڵناگرێ، بۆیە گەیشتمە ئەو دەرەنجامە کە ئەو هەقیقەتە بەبێ کەمترین دوودڵیەوە، وەک یەکەم بنەمای ئەو فەلسەفەیە کەخەریکم دەیهێنمە کایە قبوڵ بکەم.

**وتار دەربارەی میتۆد، بەشی چوارەم.**

* * *

جیاوازییێکی گەورە لەنێوان زەین و جەستەدا هەیە، چونکە جەستە بەپێی ماهیەتی خۆی هەمیشە مایەی دابەشبوونە، لەکاتێکدا کە زەین بەهیچ شێوەیەک دابەشبوون هەڵناگرێ، چونکە کاتێ کەمن زەین وێنادەکەم، یان بەواتایەکی باشتر کاتێک کەخۆم تەواو وەک بوونەوەرێکی بیرکەرەوە وێنەدەکەم، هیچ چەشنە بەشێک لەبوونی خۆمدا دەست نیشان ناکەم و بەڕونی ئێدەگەم کەبوونەوەرێکی تەواو ئاسایی و یەک بەشم، ئەگەر چی پێدەچێ کەسەرجەم زەینی من، لەگەڵ سەرجەم جەستەی مندا یەکی گرتووە، بەڵام کاتێک قاچێک، دەستێک، یان هەر ئەندامێکی دیکەی جەستەی من لێبکرێتەوە، هەرگیز واهەست ناکەم کەبەشێک لە زەینی من کەم بۆتەوە.جگەلەوە هیچ یەک لەحاڵەتەکانی زەینی وەک ئیرادە، دەرک وێناکردن و شتی لەو جۆرە ناکرێ بە بەشەکانی هزر ناوزەدبکرێ، چونکە هەمیشە یەک هزری یەکگرتوو ئیرادە دەرک و وێنا دەکات، لەکاتێکدا کەپرسەکە لەبارەی بوونەوەرە مادی، یان دارایییەکانی تر پێچەوانەیە، چونکە ناتوانم وێنابکەم کە هیچ یەک لەو بونەوەرانە لە دابەشبوون نەهاتووە، بەم پێیە سەرجەمی ئەو بوونەوەرانە قابیلی دابەشبوون دەزانم.

**وردەکاریەکان، وردەکاری شەشەم.**

* * *

هەست لەهەموو شتێکی دیکە یەکسانانەتر لەناو بنیادەمەکان دابەشکراوە، چونکە هەمووان خۆیان بەئەندازەی تەواو بەخاوەنی ئەو هێزە دەدەنە قەڵەم، تەنانەت ئەوانەی کەگلەییان لە پشکەکانی دیکەی خۆیان هەیە، بەدەگمەن باس لەوە دەستهێنانی زیاتری هەست دەکەن. لەو ڕووەوە، دوورە کە هەموو مرۆڤەکان لەهەڵەدابن. واپێدەچێ کەهێزی

داوەریکردن لەنێوان ڕاستی و توانای دەستنیشانکردنی دروست لە نادروست کە بەدروستی ناومان ناوە راستی، یان عەقڵ لەسەر بنەمای سروشتەوە لە نێوان سەرجەم مرۆڤەکاندا، بەشێوەیەکی دادگەرانە دابەشکرابێ.لە ئەنجامدا جیاوازی تێڕوانینی ئێمە لەوەدانییە، کەئێمە لەپارسەنگی.هەبوونی هێزی عەقڵ لەگەڵ یەکتر جیاوازیمان هەیە، بەڵکو تەنیا لەوەدا سەرچاوە دەگرێ، کەئێمە هێزە هزریەکانی خۆمان لەئاڕاستەی جیاوازدا ڕێنوێنی دەکەین و هەمووومان بەشێوەیەکی یەکسان سەرنج نادەینە پرسێکی دیاریکراو. هەبوونی هزرێکی بەهێز بەس نییە، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە فێرببین چۆن ئەو هزرە بەئاڕاستەی دروست بخەینەگەڕ. بەهێزترین زەینەکان دەتوانن هەم بەئاڕاستەی گەورەترین پوچی و نزمیەکان هەنگاوبنێن و هەم بۆ بەدەستهێنانی مەزنترین شکۆمەندیەکان تێبکۆشن. ئەوکەسانەی کە لەسەرخۆ هەنگاو هەڵدەگرن، تا ئەو جێیەی لەڕێڕەوی دروستدا هەنگاو دەنێن زیاتر لەو کەسانەی کە بە پەلەپەل و هەڵپەوە هەنگاو داوێن لەڕێڕەودا دەچنە دەرەوە، پێشکەوتن بەدەست دێنن.

**وتار دەربارەی میتۆد، بەشی یەکەم**

# ماهیەتی نامۆبوون
# لە فەلسەفەی دیکارتدا

محەمەد سلێمان حەسەن
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئاوات محەمەد

رینیە دیکارت لەکۆتایی سەدەی شانزەو نیوەی سەدەی حەڤدەی زایینیدا ژیاوە، ئەو سەردەمەی بەچەندەها سیماو لەسەر چەند ئاستێک دەناسرێتەوە: ئابوری و کۆمەڵایەتی و فکری، دیکارت لەژێر سایەی رژێمێکی پاشایدا ژیاوە، کە مەشروعیەتی بوون و دەسەڵاتی بەسەر گەلەوە لەمافێکی خواوەندی وەردەگرێت، کەپێشتر پێیدراوە، لەبەرئەوەی باشترینە، ئەوە خوایە لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە ئەم دەسەڵاتە دەسپێنرێت، کەنیسە سیفەتی پاشای پێدەبەخشێت، سیستمی کۆمەڵایەتی لەژێر سایەی یاسای خواوەندیدا- سستمێکی کۆلاکی و کۆیلایەتی بووە، ئەو سیستمە وا تەماشای چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، وەک ئەوەی کاڵایەک بن و قابیلی ئاڵوگۆڕ بن لەبازاری کاردا، سیستمی مەعریفی بەسیما ئاینیەکەیەوە بووە کۆمەڵێک سروت و کەشی ئایینی، کەتەنها خزمەتی چینی دەسەڵات دەکات، بەدوور لەئایین وەک چەکگەلێکی مەعریفی لەراستای سیستمی مەعریفی هەمەکی، ئەم سیما سەرەکیانەی ئەو چەرخەی کەدیکارتی تێدا ژیاوە، دەتوانین، لە ڕووی تیۆریەوە لە بواری تێڕوانین لەوەی ماهیەت پێشبوون دەکەوێت لێکبدەینەوە، واتا خودبکەوێتە پێش بابەتییەوە، رۆحی پێش ماتریالی، هەقیقەت ئەوەتا لەماهیەتی شتەکاندا نەک بوونیان، جەوهەر شوێنی بوونی گرتەوە، دواتر دەق، یان یاسا شوێنی واقیعی گرتەوە، ئەم کێشەیەش بەگوێرەی فەلسەفەی ئەوروپی سەردەمەی دیکارت و پاش دیکارتیش نوێ نییە، بەڵکو کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفی ئەوروپی

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، هۆکارە شاراوەکانی پشت ئەم کێشمەکێشە بریتییەلە: دۆزینەوەی چاپ، کەوتنی قوستەنتینیە لەژێر دەستی تورکەکان، دەرکەوتنی ریفۆرمی ئایینی، دۆزینەوەی جیهانی نوێ (1492)، دۆزینەوەی رێگەی هند (1498)، دۆزینەوە زانستییەکانی کە لەڕووی جۆرو هێندەوە زیادی دەکرد، ئەم هۆکارانە پێکەوە بوونەوە هۆی کێشمەکێشێکی قوڵ لەژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگای ئەوروپییدا، لەبەرلەوە ئەو کۆمەڵگەیە لەڕووی فکرییەوە پێش زەمەنی خۆی کەوت، لەبەرئەوە ناونرا سەردەمی رۆشنگەری، سێ کارەکتەری گرنگ رۆڵێکی گەوەریان لەم ئافەدا بینی، ئەوانیش بیکۆن و گالیلۆ و دیکارت بوون.

یەکەم بیکۆن (F. Bacon– 1561– 1626) ئەو یەکەم کەس بوو زانستە سروشتییەکانی لەچۆنایەتییەوە بۆ هێندایەتی گواستەوە، زانستی راست بریتییە لەزانستی پراکتیکی، زانست پێویستی بەتێبینیکردن و تاقیکردنەوە هەیە، بەڵام بیکۆن تەنها لەبواری فکریدا مایەوە، لەبەرئەوە تەنها لەبواری فەلسەفەدا بوو، دووەم گالیلۆ (Galilee – 1564– 1642) هەموو چالاکییەکانی خۆی لەبواری پراکتیکیدا قەتیسدا، زۆرێک دۆزینەوەی هێنایە ئاراوە، خەڵکی فێری ئەوە کرد، چۆن بەهۆی تاقیکردنەوەوە خەڵک فێربن درک بەواقع بکەن، نەک بەشێوەی تیۆری، سێهەم دیکارت: ئەمیان توانی هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی پێکەوە کۆبکاتەوە، یەکەم کەس بوو میتۆدێکی دانا، وا دەکات مرۆڤ لەهەڵە مەعسوم بێت، بڕوای وابوو کە عەقڵ دەتوانێت کۆنترۆڵی ئاسمان بکات، کە عەقڵ تاکە پێوەری هەقیقەتە، یەکەم: لەو میتۆدەی دیکارتدا ئەو پرسیارەی پێشنیارکرد، ئەویش دیالۆگی بابەتی عەقڵ و گواستنەوە بوو لەو قۆناغەدا، بەم شێوەیە: ئەو هەڵەیەی خەڵک لەهەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیدا دەیکات، بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ئایا بۆ  عەقڵ، یان شێواز؟ وەڵامەکەی بەم شێوەیە بوو: لەمیتۆدەوە، لەبەرئەوە دیکارت ئەو میتۆدەی هێنایە ئاراوە، کەمرۆڤ بەهۆیەوە بەرەو هەقیقەت بچێت، بیانخاتە سەر ئەو بنەمایەی کەبریتییە لە: بنەمای یەکەم: رەتکردنەوەی رەهای شتێک وەک هەق، ئەگەر بەشێوەیەکی بەدیهی ئەوەی بۆ دەرئەکەوێت، کەوەک ئەوشتەیە مەبەست لەوەیە لەپەلەکردن و خۆبەستنەوە بەبیرو ڕای پێشترەوە، حوکمەکانم وا وەرنەگیرێت، تەنها ئەوە نەبێت  عەقڵم بەرۆشنیی تەواو دەینوێنێت،  هەروەها بەتەواوەتی جیابکرێتەوە بەئەندازەیەک هیچ گومانێکم نەمێنێت، ئێمە لێرەدا لەبەردەم بنەمای خوداین (Lemoi)بنەمای دووەم، هەموو ئەو گرفتانەی بەدوایدا دەگەڕێم بەش بکەم، چەندێک بتوانم ئەو گرفتانە بە باشترین شێوە چارەسەر بکەم، ئێمە لێرەدا لەبەردەم بنەمای شیکردنەوەداین (Analyse) بنەمای سێهەم: هەموو بیرکردمەوەکانم بەشێوەیەکی ریزبەندی بەڕێ بخەم، لەنزمەوە بۆ بەرز دەچم، لەئاسانترین و خۆشەدەسترینیان، تاکو ئاڵۆزترینیان بناسم،  دەبێت گریمانەی ئەوە بکەم کەسستمێک لەنێوان ئەو شتانەدا هەیە، کەلەنێوان یەکدا لەبنەمادا رێکناکەون، ئێمە لێرەدا لەبەردەم بنەمای هەڵهێنجانی دەرئەنجامداین (Deduction)بنەمای چوارەم: لەهەموو بارەکاندا هەستم بەئامارکردنی تەواو و پێداچوونەوەی گشتگیر، بگەمە ئەو باوەڕەی، هیچ شتێکم بەجێنەهێشتەوە، ئێمە لێرەدا لەگەڵ بنەمای ئامارداین (Enumeration) دووەم دەربارەی گومانی دیکارتی پاش دانانی میتۆد، دیکارت پرسی ئەو رێگەیە کامەیە دەمانگەیەنێتە هەقیقەت؟ وەڵام بەم شێوەیە بوو: گومانکردن لەو ڕێگاو میتۆدەی بۆ گەیشتن بەهەقیقەت دەیگرینەبەر، واتە لەهۆکارەوە بۆ مەبەست، بۆ گەیشتن لەمە  دەبێت گومانمان هەبێت لە: یەکەم- لاسایکردنەوە: گومانی لەسەرە. ئەوەی بۆ؟

لەبەرئەوەی لەماهیەتی خۆی نییە، لەخودی خۆی نییە، لەخودێکی ترە، لەسیستمی مەعریفی و بوونگەریەکەیدا سەربەخۆیی وەرناگرێت، هەروەها لاسایکردنەوە کەبەئامرازەکانی تر ئەنجام دەدرێت زۆرێک لەجەوهەری خۆی ون دەکات، لەچوارچێوەی هەقیقەتی رەهاوە دەردەچێت لەرێژەیی رەهادا، دیکارت بەم شێوەیە گوزارشتی لەم بۆچوونە کردوە (هیچ سودی نییە، ئەوەی لەسەرتاوە دەردەکەوێت لەخودی خۆیەتی- برێتییە لەگەڕانەوە بۆ کات و شوێن، بەڵام هەقیقەت هاوکات نییە و هاوشوێن نییە، ئەو سەرەتایەکی سەربەخۆییە لەخودی خۆی، کەلاساییکردنەوە ئەم سەرەتایە دەسڕێتەوە، لەبەرئەوە نەپەیوەستە و نەپەیوەست دەبێت بەرابردووەوە، ئەو برێتییە لەرەهای کراوە، دووەم تەن: دیکارت گومانی لەوە هەیە، تەنەکان بەو سیفەتەی قەبارەی ماتریالین یان بۆچی؟ لەبەرئەوەی تەنەکان گۆڕاون،

لەبەرئەوە هەقیقەت و ماهیەتی بوونیان دەگۆڕدرێت، لەبەرئەوە ناتوانین لەجوڵەو دەرئەنجامەکانی مادەوە بگەینە ئەوە، دیکارت دەڵێت (پاشان خۆی لەبەردەم تەنە ماتریالەکاندا بینییەوە، بینی ئێمە لەبەرامبەر ئەودا نێگەتیڤین، لەبەرئەوەی ئەو لەرزۆکەو هەقیقەت جێگیر، گەواهی هەست ناتوانن ئەمە بسەلمێنن، سێهەم عەقڵ: ئەمیان ئەو پێویستیەیە بۆ چەسپاندنی ئەو گریمانەیەی دەیەوێت، دواتر لەتوانایدا هەیە، بوونە واقعی و هزرییەکان بەشێوەی جیا پێکبهێنێت یان نا، لەبەرئەوە دەبێت هەقیقەتی عەقڵی و مەعریفەت بپشکێنرێت، تا بزانین چەند لەگەڵ واقع دەگونجێت و هاوجوتە لەگەڵیدا، جا ئەو واقعە واقعێکی بوونگەری بێت، یان هزری، دیکارت دەڵێت: فکر لەڕووی هزرییەوە دەتوانێت هەرچی بەخەیاڵیدا دێت، گریمانەی بکات بەبێ هیچ کۆت و بەند، یان رەخنەیەک لەو بوونەوەی دیسپلینی دەکات؟ کێ رێگەی لێدەگرێت کە گریمانەی ئەوە بکات، دوو کۆ

دوو دەکاتە پێنج؟ ئەوا بەم شێوەیە هەموو بوونەکان دادەڕمێن، لەلایەن خالقەوە هەموو ئەوانەی دەکەونە ژێرەوە، دەبنە جێگەی گومان، سێهەم- من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم، مادام گومان بەخودی خۆی، پێویستە بۆ گەیشتن بەهەقیقەت، کەواتە ئەوەی گومانی لێناکرێت بریتییە لەخودی گومان خۆی، تەنها گومانکردن لەگومان بۆ خۆی بریتییە لە لەناوبردنی، دواتر رەتکردنەوەی ئەو ئامرازانەی وادەکەن بەرو هەقیقەت بچین، گومان فکرە، من گومانم هەیە، واتە من بیردەکەمەوەو من بیر دەکەمەوە، واتە دۆزراوەیەکە ناتوانم گومانی لێبکەم، من پێویستم بەفکرە، تا گومان لەفکر بکەم، ئایا ئەگەر من نەبم، ئەتوانم بیر بکەمەوە، کەواتە من بیر دەکەمەوە من هەم، گومان وەک ماهیەتێکی فکری و بوونگەری و واقعی لەدوو هۆکار پێکدێت: خودی بەگومان بابەتی گومان لێکراو، گومان بەو سیفەتەی خودی گومانکەرە کارێکی پۆزەتیڤە، بریتییە لەسەلماندن، ئەمەش مانای وایە خودی گومانکەر لەگومان پارێزراوە، لەبەرئەوەی ئەو کرداری گومان دەکات، ئەگەر خودی گومانکەر خۆی بکاتە ئامانج، ئەوا ئەو خودە دەبێتە دوو خودی جیاواز، خودێکی بینراو کەگومان لەسەری هەیە، هەروەها خودێکی وێنایی کە گومانی لەسەرە.

ئەوەندە ماوە بڵێین کرۆکی ئەم کۆجیتەیە فکرو بوون پێکەوە، لەبەرئەوەیە ئەو رستە بەناوبانگەی دیکارت گوزارشتە لە زەین ڕوونی (Intuition) نەک پێوەر، زەین ڕوونی لەبزاوتی فکرییەوە نایەت، بەڵکو تێڕوانینی راستەوخۆیە، کۆجیتۆکەی دیکارت مانایوایە من لە بووندا بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم، وەک بیرکەرەوەیەک؟، ئەم فکرە لەسەر جەوهەریەتی فکر بوونیادنراوە، بەوەی فکری هەمیشەیی مانای هەمیشە بوونە، کەئەم پەیوەندیە لەنێوانیاندا سەپێنراوە، لەنێوان هەردوو لایەنی بوون و بیرکردنەوە.

چوارەم: سەبارەت بەدەروون، یان دڵنیایی یەکەم، ئەو دەروونە، یان منە چییە؟، کە گومانی لەهەموو شتێک هەیەو هەرگیزیش گومانی لەبارەوە نییە، فکر ماهیەتی جێگیری مرۆڤە، مادام مرۆڤ بیرناکاتەوە واتە مرۆڤ بوونی نییە، لێرەدا دیکارت مەبەستی بوون ئەمەیە: (ئەوەی هەموو هەبووەکانی من لەپێناو بوونی خۆیدا بەکاردەهێنێت، خود هیچ بوونێکی نییە، تەنها بەهۆی بوونی خۆیەوە نەبێت، فکر لای دیکارت دەکەوێتە دەروەی کات و شوێن، دواتر لەدەرەوەی گۆڕانە جێگیر لەفەلسەفی دیکارتدا لەجوڵەی جیابوونەوەی دوالیزمەیەکەوە نایەت، بەڵکو لەحاڵەتی پەیوەستبوونیان پێکەوە دێت، (لە دەروون و جەستە پێکەوە، کەبەدەروون فکر پێکدێت، ئەویش نەمرە دیکارت تەنها بەدوو جیاکەرەوەی ئەسڵێ دەروون باوەڕی هێناوە، درککردن و ئیرادە کەئەمان پێکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام چۆن پەیوەندی نێوان دەروون جەستە پێکدێت، ئەوا لەڕێگەی رژێنی سنەوبەرییەوە (Le. qlande Pineale) روودەدات، دیکارت ناوی لەمە ناوەرۆحی ئاژەڵیانە (Les Sprits Animaux) ئەمیش گەردیلەی ئۆرگانی چاکە؟ پلەی گەرمای زۆر بەرزە، لەڕێگەی دڵۆپاندنی خوێنەوە دەستدەکەوێت، بەڵام درککردن لەناو خوددا، ئەویان سەرچاوەی بیرکردنەوە بێگەردەکانە کە لەخولیا جیادەکرێنەوە، بیرکردنەوەی بێگەرد ئەو بیرکردنەوانەن، کەلەگەڵمان لەدایکدەبن، بەڵام ئەو ئەفکارانەی لەخولیاوە دێن، بریتین لەبیرکردنەوەی وەهمی، لەداهێنراوەکانی خەیاڵن، وەک چۆن بیکردنەوەی دەرەکی لەگەڵ بەریەککەوتنی بەمادە دروست دەبن، کە ڕوەکان وەک هەموو بیرکردنەوەکانمان وان، ئەو توانایانەن کەمرۆڤ دواتر پێویستی بەمەشقکردن هەیە، تاکو شێوەیەکی رۆشن وەربگرێت، دواتر (ئیرادە مەلەکوتی ئەسڵیە لەدەروونددا، ئەرکی ئەو هەڵسەنگاندنی

بیرکردنەوەکانە... کە بەشێوەی پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤ حوکمەکانی دەربکاتْ)، بەڵام لەم حاڵەتەدا پەیوەندی نێوان ئیدراک و ئیرادە چییە؟ دیکارتْ دەڵێتْ: ( کەس نییە هەڵە بکاتْ، مەگەر بەئیرادەی خۆی نەبێتْ، دواتر ئەم حاڵەتەو حوکمەکەی بریتییە لەکردەیەکی ئیرادی پەتی، نەک درکپێکراوەیی، ناکرێتْ فکر راستْ، یان هەڵە بێتْ، ئەو تەنها فکریەکە، بەڵام هەقیقەتْ لەئیرادەوە دێتْ)

پێنجەم: سەبارەتْ بەخوا، یان دڵنیایی دووەم، دیکارتْ لەو دەسپێکەوە ئەو قسەیە دەکاتْ، کە (مرۆڤ ناچارە بەپێی خوڵقێنراوەکەی، کە دەبێتْ تەسلیمی هەقیقەتْ بێتْ، ئەگەرنا ئەوا لایەنە مرۆڤایەتییەکەی دادەڕمێتْ، ئەو کاتْ مرۆڤبوونەکەی بەبێ بوونی هەقیقەتْ بوونی نابێتْ.

دیکارتْ وایدەبینی (کەمالی ناکۆتا) بریتییە لەبەداهیەتی رۆشنتی جیکەرەوە، بەم شێوەیە دڵنیایی دووەمی بەرەو خوا بوو (جیهان پێویستی بەگەواهی دەرەکی نییە، بەڵکو جیهانەو بۆخۆی بریتییە لەگەواهییەک بۆ خوا، ئەگەرنا ئەوە تێکدەشکێتْ و دەبێتە وڕێنەی خەونبینین، ئاسمان لێژاییەکی بەرەو زەوی وەرگرتوە، لەفیکرەی (کەمالی ناکۆتا)وە ئەم سێ بەڵگەیەی بۆ بوونی خوا هەڵهێنجاوە وەک ئەفرێنەری هەموو شتەکانی ئەم گەردونە: بەڵگەیی کەینونەیی و بەڵگەی بوونگەری و بەڵگەی دەسنیشانکردنەیی، لەو باوەڕەدام دیکارتْ بیەوێتْ بڵێتْ (بە تەنها فکر دەتوانێتْ باوەڕ بەمرۆڤ بهێنێتْ، کەهەقیقەتە ئاینیی و ئەخلاقییەکان قبوڵبکاتْ، کەوەک بنەمای شارستانی تەماشایدەکرد ئیمان هیچمان پێناکرێتْ، ئەگەر بەشێوەیەکی عەقڵانی رۆشنی نەکەینەوە، قەدیس پۆلس لەبەشی یەکەمی نامەکەیدا بۆ رۆمان نوسیویەتی: ئەوەی دەشێتْ دەربارەی خوا بیزانین، بۆ مرۆڤ بابەتێکی زۆر رۆشنە، لەبەرئەوەی خوا بەخودی خۆی وایکردوە رۆشن بێتْ) دیکارتْ بەردەوام

دەبێت، دەڵێت (دەشێت بەئاسن و دڵنیایی گەورە لەهەر شتێکی تری ئەم گەردونەدا خودا بناسین). شەشەم- لەجیهان، یان دڵنیایی سێهەمدا هەستی من بۆ جیهان، بەشێکە لەپێدراوەکانی خوا، خوا لەم جۆرە هەستانەدا دروست ناکرێت، ئەگەر بابەتێک نەبێت، ئەویش خوای راستگۆیە، کەواتە هەستکردنم بەجیهان ئیرادەی من نییە، بەڵکو ئیرادەی خوایە باوەڕ بەبوونی جیهان، پێویستی بەزانینی ماهیەتی هەیە، جیهان ماتریالە، مادەش سیفەتی درێژبوونەوە وەردەگرێت، مادە جەوهەرێکی سەربەخۆیە لە جەوهەری دەروون، ئەگەر بمانەوێت لەدرێژبوونەوە لەلای دیکارت تێبگەین، بریتییە لەمانای ئەبستکرات، نەک هەستی، کەبەکۆمەڵێک تایبەتمەندی دەناسرێتەوە، بریتین لە:

1- بۆشاییەکی نادیاریکراو، کەتەنها درێژبوونەوەیەکی تر دەوری داوە، کەواتە ئەو ناکۆتایە، دەتوانین هزرکردنی درێژبونەوەی دووەم و سێهەم تا ناکۆتا بکەین.

2- ئەو هاوگونجاوە، بۆ بەشەکان کەرت دەبێت.

3- بریتییە لەماتریال کەمادەی درێژەوە بوو لەبۆشاییدا بوونی نییە، تەنها لەبۆشایی مادە خۆیدا نەبێت.

4- ئەو پڕبوونەوەیە، جوڵەی تەنەکان بەشێوەیەکی بازنەیی شێدەکاتەوە، درێژبوونەوەی پەتیەتی مادەیەو جوڵەش پەتیەتی درێژبوونەوەیە، ئەویش ئەو تایبەتمەندیانەیە بەشەش بنەما جیادەکرێتەوە:-

1- هیچ جوڵەیەک نییە، تەنها بەفەرمانی خوا نەبێت، لەبەرئەوەی مادە لەبنەمادا وەستاوە

2- جوڵە ئەو ئاراستەیەی بەخودی خۆی وەریدەگرێت، خێراییەکەی بەپێی ئەو دەجوڵێتەوە.

3- جوڵە نەزیاد دەکات و نە کەم دەکـات، لەبەرئەوەی جوڵە بەفەرمانی خوایە و خواش ناگۆڕێت.

4- هەموو شتێک وەک خۆی دەمێنێتەوە، مادام شتێک نییە بیگۆڕێت.

5- هەموو تەنێک نایەوێت جوڵەکەی لەسەر یەک راستەهێڵ بمێنێتەوە.

6- ئەگەر تەنێکی جوڵاو بەتەنێکی لەخۆی لاوازتر گەیشت، ئەوا هێندەی ئەوەی تەنە لاوازەکە دەیدات، جوڵە ون دەکات.

7- دەربارەی ئەخلاقی دیکارتیانە: توێژەرەوان ئەخلاقی دیکارتیان بۆ سێ بەش دابەشکردووە: کاتی و زانستی و تەواو.

1- ئەخلاقی کاتی: ئەو ئەخلاقە ئەزمونییەیە، کەمرۆڤ هاندەدات ئەرکەکانی خۆی تەواو بکات، برتییە لەکاری ماقوڵ (Raisonnable) نەک کاری عەقڵانی (Rationel)ئەم ئەخلاقە کاتییە سێ تا چوار حوکم لەخۆ دەگرێت: ا- حیکمەتی یەکەم: دیکارت لەبەشی سێهەمی وتارەکەیدا دەڵێت: حیکمەتی یەکەم لەسەر ئەوە وەستاوە، کەملکەچی یاساکانی وڵاتەکەم بم، هەروەها نەریت و ئەو ئایینەی خوا پێبەخشیووم و لەمنداڵییەوە لەسەری پەروەردە بووم، هەروەها بەکاروبارەکانی ترەوە پەیوەست بم، بەتایبەتی بەو بیروڕایانەی زۆر میانڕەون و کەمتر زیادەڕۆن، ئەوانەی لەبواری کارکردندا لەسەریان رێکدەکەوم، لەو کاتەوە ئەوەم بۆ دەرکەوتووە، کەهیچ کێشێک بۆ بیرکردنەوەی تایبەتی خۆم دانەنێم، ئەویش لەو خواستەوەی هەموویان بکەمە شوێنی تاقیکردنەوە لەوە باشتر نییە، کار بەرێنمایی رای ئەو کەسانە بکەم کەئاقڵێنترین کەسانن، کە دەبێت لەسەر ئەو هەڵەیە بڕۆم، کەلەناویاندا دەژیم، ئەوەم بۆدەرکەوت لای فارس و چینییەکان وەک ئێمە خاوەن عەقڵیان هەیە، هەروەها ئەوەم بۆ دەرکەوت، بۆئەوەی لەسەر هەقیقەتی بیرکردنەوەیان بووەستم، دەبێت تەماشای ئەوە

بکەم، ئەوان چی دەکەن، نەک ئەوەی چی دەڵێن، لەبەرئەوەی گەندەڵی ئەخلاقمان کەمترە لەوانەی، کەئەوەی باوەڕیان پێیەتی بیڵێن، لەبەرئەوەی زۆربەیان ئەوەیان بیردەچێتەوە کەباوەڕیان بەچییە، ئەو فکرەی کەئەو شتەی پێ دەناسین، جیاوازترە لەو فکرەی دەزانین کەئێمە ئەو شتەی پێ دەناسین، لەبەرئەوەی ئەم دوو فکرە زۆرجار بەبێ ئەویتریان دێت، لەناو ئەو فکرە قبوڵکراوانەدا، ئەوەیانم هەڵبژارد کەزیاتر میانڕەوە، لەبەرئەوەی ئاسانتر توانای جێبەجێکردنی هەیە، باشتریشە مادام زیادەڕۆیی خراپە، من هەمیشە ڕێگەی ڕاست دەگرمە بەر، ئەگەر بشکەومە هەڵەوە- وەک ئەوەی لایەنی یەکێکیان بگرم، کەئەو ڕێیەی پێویستە بیگرمەبەر، بریتیە لەڕێگەی ئەویتر.

ب- حیکمەتی دووەم: دیکارت لەبەشی سێهەمی و تارەکەیدا دەڵێت: (حیکمەتی دووەمم لەسەر ئەوە وەستاوە، چەند بتوانم لەکارەکانمدا عەزم و جەزمم هەبێت، دەست بەو رایانەوە بگرم، کەزۆرترین گومانی لەسەر، پاش ئەوەی لێی نزیک دەکەومەوە، وەک ئەوەی بەتەواوەتی دڵنیابم، لەم کارەمدا وەک موسافیران وام... کەدەبێت بەرەو یەک ئاراستە بڕۆن.

ج- حیکمەتی سێهەم: دیکارت لەبەشی سێهەمی وتارەکەیدا دەڵێت: ( دەبێت هەمیشە بەسەر خۆمدا سەربکەوم، نەک بەسەر بەختمدا، دەبێت خواستەکانی خۆم بگۆڕم، نەک سیستمی گەردون بگۆڕم، لەکۆی ئەمانەدا دەبێت لەسەر ئەوە رابێم، کەباوەڕم وابێت هیچ شتێک لەناو دەستی ئێمەدا نییە، تەنها بیرکردنەوەکانمان نەبێت، ئێمە تەواو لەوە دەستەوەستانین، کە ئەو شتانەی لـەدەروەی ئێمەوەن، بەدەستیان بهێنین، ئەویش پاش ئەوەی تەواوی وزەی خۆمانی تێدا بەکاردەهێنین، ئەمە واهاتە پێش چاوم، کەدەکرێت لەئایندەدا شتێک بەدەستبهێنم، کەئێستا ناتوانم بەدەستیبهێنم، هەروەها بەسە بۆئەوەی رازی بم بەوەی کەمنی تێدام).

د- حیكمەتی چوارەم: دیكارت دەڵێت، پاشان لە دەرئەنجامی ئەو ئەخلاقەوە ئەمەی ویست، كەسەرقاڵی هەمەجۆر مرۆڤ لەم ژیانەدا، بۆ هەڵبژاردنی باشترینە لەوانەیە بمەوێت دەربارەی سەرقاڵی ئەوی تر شتێك بڵێم ئەوا وادەبینم كەباشترین شت ئەوەیە، كەلەسەر ئەو كارەی كەرێگەیم گرتووە بەردەوام بم، هەموو ژیانم بۆ رۆشنبیركردنی عەقڵی تەرخان بكەم، چەند بتوانم لەزانینی حەقیقەتدا پێشبكەوم، ئەویش بەپێی ئەو میتۆدەی خۆم بۆ خۆم داناوە.

2- ئەخلاقیەتی زانستی: بریتییە لەئەخلاقیەتێكی پۆزەتیڤی، لەدەرەوەی زەمان و شوێن، وادانراوە كەلەبەردەم هەموو مرۆڤێكدا بێت، ئەم ئەخلاقە زانستییە پشتی بەچی بەستووە، بەپێی تیۆری دیكارت (مەبەستی فەلسەفە دەبێت، بۆ خۆشنودی مرۆڤ بێت) دیكارت بەشێوەیەكی پۆزەتیڤ تەماشای جەستەی كردوە، دەڵێت (بەدبەختیمان بەهۆی ئەوەوەیە، دواتر دەڵێت شادمانیمان بەهۆی ئەوەیەوە)، ئەخلاقی زانستی وەك دیكارت تەماشای دەكات، وەك یاسای تەندروست وایە، كەمرۆڤ دەتوانێت كۆنترۆڵی حەزەكانی بكات و خۆی لێ رزگار بكات، سۆزی بەرەو شادمانی داواكراو ئاراستە بكات)

3- ئەخلاقی كۆتایی: دەبێت هەموو مرۆڤێك بەئەخلاقی كۆتاییەوە پەیوەست بێت، دیكارت لەنامەیەكیدا بۆ شازادە ئەلیزابێس لە (4/ ئاب 1645)دا نوسیویەتی، دەڵێت سێ بنەمای دیاریكردووە كەبریتین لە:

ا- دەبێت چەند دەتوانین هەمیشە عەقڵمان بەكاربهێنین، دەبێت بزانین چ كارێك دەكەین و چی رەتدەكەینەوە، ئەویش لەهەموو بارو دۆخەكانی ژیاندا.

ب- دەبێت نیەتێكی جێگیر لەگەڵ خۆمان ببەستین، بۆ جێبەجێكردنی

هەموو ئەو شتانەی عەقڵ ئامۆژگاریمان دەکات، نابێت لەو رێنماییانەدا مەیلی خولیاکانمان هەبێت.

ج- دەبێت چەند دەتوانین، کەئەو ڕێگایەی لەبەر رۆشنایی عەقڵ دەیگرینە بەر، ئەو خێرانەی لێمان رادەبوورن، لەبەردەست ئێمەدا نییە، کەواتە نابێت بیری لێبکەینەوە و خواستمان بۆی نەبێت،

**هەشتەم ماهیەتی مرۆڤ لەفەلسەفەی دیکارتدا:**

دیکارت جەخت لەوە دەکاتەوە، دەبێت عەقڵ بەپێویست لەگەڵ خودا پێکەوە بژین، ئەمەش برێتییە لەماهیەتی مرۆڤ، جیهانی هەستەکان جیهانێکی هەڵخەڵەتێنەرە، پێدراوەکانی ئەو ئەزمونە نایەقینە، کەلەبەشی چوارەمی وتارەکەیدا دەنوسێت (لەمەوە ئەوە فێربووم، کەجەوهەری هەموو ماهیەتێک، یان سروشتێک تەنها لەسەر فکر دامـەزراوە، بۆ بوونی خۆی پێویستی بەهیچ شوێنێک نییە، پەیوەست نییە، بەهیچ شتێکی ماتریالییەوە، بەو مانایەی من «واتە ئەو خودەی کەمن تێیدا منم، بەتەواوەتی لەجەستە جیکراوەیە، کەمەعریفەتمان بۆ ئەمە ئاسانترە، ئەگەر بوون جەستە بەتاڵ بکاتەوە، ئەوا خود بەتەواوەتی هەبووە) بەڕای دیکارت دیالێکتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوا، یان لەنێوان ئەنتۆلۆژی، لەبواری ئەنتۆلۆژی مرۆییەوە نابێت، بەڵکو لەبواری میتافیزیکی هەبوون لەناو ئەم ئەنتۆلۆژییەدا، لەبەشی چوارەمی وتارەکەیدا دەڵێت: ( ئەوەم بۆ دەرکەوت ئەوەم لەکوێوە بۆ دێت، کەبیر لەشتێک بکەمەوە، کە لە من کامڵترە، بەشێوەیەکی بەدیهی زانیم ئەمە بۆ بوونی سروشت دەگەڕێتەوە، کەلەحەقیقەتدا کامڵترە، ماوەتەوە بڵێم ئەو لەڕێگەی سروشتەوە بەمن گەیشتووە، لەڕاستیدا لەبەرئەوەی ئەو لەمن کامڵترە، بەخودی خۆی هەموو ئەو کامڵیەتانەی کەم وێنای دەکەم هەیەتی، ئەگەر بمەوێت ئەمە بەیک وشە دەربخەم: مەبەست لەم سروشتە برێتییە

لەخوا)، لەم تێڕوانینەدا دیکارت پاڵمان پێوە دەنێت بۆ ڕەتکردنەوەی عەقڵی بابەتی بەرەو عەقڵی خودی، دواتر بەرەو یەکگەریەتی و تاکگەریەتی حەقیقەت، کەملکەچی کۆ عەقڵی نییە، دیکارت لەتێڕامانی چوارەمدا لەم بارەیەوە دەڵێت: (تەنها ئیرادە ئەزموون دەکەم، ئەمە ئەوەندە لام گەورەیە، هیچ شتێک لەو بە بەرفراوانتر نازانم و لەویش بەرفراوانتر نییە، بە ڕێژەیەک ئەو واملێدەکات، بزانم من وێنەیەکی خوا، یان هاوشێوەیەکیم هەڵگرتووە، ئەمە وای لەدیکارت کرد، بەخشندەیی بخاتەسەرو هەموو شتێکەوە، وەک بەهایەکی پێوەری تەماشای بکات، ئەمەش لەکتێبی خولیاکانی دەروونداجەختی لێوە دەکاتەوە، دەڵێت (لەو باوەڕەدام بەخشندەیی وا لەمرۆڤ دەکات، ڕێز لەخۆی بگرێت، تادوا پلە ڕێز لەخۆی بگرێت، بەشێوەیەکی بەڵگەدارانە، لەبەشێکدا کار بەوە دەکات، هیچ شتێک تایبەت نییە بەوەوە، تەنها ئەو هەڵسوکەوتە ئازادە نەبێت، کەبەئیرادەی خۆی دەیکات، لەبەرچی پێویستە لۆمە بکرێت هەر لەبەرئەوە نییە، ئەو بەباشترین یان خراپترین شێوە هەڵسوکەوتی پێدەکات، لەبەشێکی تریدا، لەخودی خۆیدا هەست بەناجێگیری دەکات، هەمیشە هەوڵدەدات کەباش هەڵسوکەوتی پێ بکات، واتە پێویستی بەئیرادە نییە، بۆئەوەی دەستبکات بەجێبەجێکردنی هەموو ئەو شتانەی کەوەک باشترین شت دەیبینێت، ئەمەش مانای وایە دەبێت ڕێگەی چاکەکاری بگرێتە بەر).

کەواتە مەعریفەی عەقڵی و لایەنی ئیرادەی ئازادی هەڵبژاردن، دژی یەک نین، لەبەرئەوەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بیرکەرەوە، وەک دیکارت لەبەشی چوارەمی وتارەکەیدا دەڵێت: (شتێکە گومانی هەیە، وێنا دەکات، جەخت دەکاتەوە، بیردەکاتەوە، دەیەوێت و نایەوێت، هەروەها ئەندێشە دەکات و هەستدەکات).

# بیۆگرافیای ژیانی دیکارت

د.کەریم موجتەهیدی

لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

لە (31)ی مارسی ساڵی (1596) رینیە دیکارت لە گوندێکی بچوک بەناوی لاها، لە دەوروبەری شاری تورێن لەدایکبووە. (ئەمڕۆکە بەم ناوچەیە دەوترێت لاهای ـ دیکارت). باوکی بە ناوی ژوئاسیم دیکارت، راوێژکار بووە لە پارلەمانی شاری رێن لە بەریتانیا (ساڵی 1960 کۆچی دواییکردوە). ناوی دایکی ژان بروشار بووە، کە لە (13)ی مەی (1597) و ساڵێک پاش لە دایکبوونی کوڕەکەی دەمرێت.

– ساڵی(1597 ـ 1606): نەنکی (دایکی دایکی) بەیارمەتیی دایەنێک بەخێوکردنی رینیە دیکارتی گرتوتە ئەستۆ. دیکارت تا کۆتایی تەمەنی دایەنی خۆی لەبیر ناکات و موچەیەکی وەک مانگانە پێدەدا، هەروەها پاش مردنیشی بە ئەرکی میراتگرانی خۆی زانیوە، کە ئەم کارە بکەن.

– ساڵی(1606 ـ 1614): لەم قۆناغەدا دیکارت چوەتە خوێندنگەی یەسوعیی لافلێش (1). لە ساڵی (1606)دا ئەرکی بەڕێوەبەری ئەم خوێندنگەیە لەئەستۆی یەکێک لە خزمانی دیکارت واتە شارلێ بووە، بەهۆی لاوازیی جەستەیی دیکارتەوە فرمانی بە خوێندنگەکە داوە، بەشێوەی تایبەتیی ئاگایان لێی بێ و هەر بەم بۆنەیەوە مۆڵەتی پێدرا زیاتر پشوو بدات. دیکارت، لە ماوەی ژیانیدا خۆی بە قەرزداری ئەو مامۆستایانە دەزانی، کە لەم خوێندنگایەدا بەشێوەی بنەڕەتی پەروەردەیەکی باشکراوە، بەتایبەتی لە وانەکانی بیرکاریی کە بە پێی بەرنامەی ناسراوی کلاڤیوس(2) گوتراونەتەوە و لە گۆڕانی فکریی دیکارتدا زۆر گرنگبوون، پاشان رەخنەکانی دیکارت

زیاتر لە وانەو ڕێکخستنی ئیداری خوێندنگا بووە، نەک ئەو کەسانەی لە لافلێش وانەیان دەگوتەوە.

– ساڵی(1616): لە (9)ەوە هەتا (10)ی مانگی یانزەی هەمان ساڵدا، دیکارت لە زانینگەی پواتیێ بەڵگەنامەی فەرمی لە بەشی ماف وەردەگرێ، ئەم زانینگەیە لەم بەشەدا ناوبانگێکی زۆری هەبووە.

– ساڵی (1614) ـ کۆتایی ساڵی(1617): بەگشتی لەم قۆناغەدا زانیارییەکی ئەوتۆمان لە سەر ژیانی دیکارت نییە، دەڵێن لەو سەردەمەدا ئەو زیاتر پێی خۆشبووە تێکەڵاوی خەڵکی بێت، بچێتە میوانی و کۆڕو کۆبوونەوەکان و بەوەرزشی باوی ئەو سەردەمە، وەک یاری شمشێرو سواری و شتی لەم چەشنە سەرقاڵبووە.

– ساڵی(1618): لەسەرەتای ئەم ساڵەدا، دیکارت چوەتە شاری بێرێدا لە هۆڵەنداو لەوێ لە ناوەندێکدا کە لەژێر چاودێریی موریس دوناسەو(3) شازادەی پرۆتستانی ئەورانژ کەپەروەردەیەکی سەربازیی هەبووە بەشداری دەکات، لەسەرەتادا ژیانی ناو ئەو ناوەندە سەربازییە زۆر شەکەتهێنەر بووە، بەڵام دواتر بەهۆی ئاشنابوونی دیکارت لەگەڵ ئیسحاق بیکمەن(4) زۆر شت لەو شوێنە فێردەبێ. باسوخواس و هاریکاریی ئەو دوانە لەگەڵ یەکتر لەبواری بیرکاری و مۆسیقا و ڕەنگە حاڵەتی دەروونی و ڕۆحیدا، زۆر بەسوود و کاریگەربووە.

پاش دوانزە ساڵ بەهۆی ئەوەی کە بیکمەن هەوڵدەدا تەواوی بیرو بۆچوون و دۆزینەوەکانی دیکارت بکات بەهی خۆی، ناکۆکییەک لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدا، کە هەڵبەت دیکارتیش لە نامەکانی خۆیدا، بەخراپە باسی بیکمەن دەکات. سەرەڕای ئەمانە ئەو دوانە پاش ماوەیەک لەگەڵ یەکتر ئاشت دەبنەوە و دیسان چەشنێک هاوکاریی فکری و زانستی لە ناوانیاندا

ساز دەبێنەوە، بەجۆرێ کە بیکمەن لە ساڵی (1634)دا کتێبی بەناوبانگی گالیلۆ بۆ دیکارت دەنێرێت، کتێبێکی کە ساڵێک لەمەوبەر بەشێوەی فەرمی شەرمەزارکرانەکەی راگەیاندرا بوو.

– ساڵی(1619): دیکارت لە مانگی ئاپریلی ئەو ساڵە لە هۆڵەندەوە دەچێ بۆ دانیمارک و ئەڵمان. وردەکاتریی ژیانی ئەو لەم قۆناغەدا بۆ ئێمە روون نییە، رەنگە ئەو لێکۆڵینەوەی لەسەر گروپی خاچی گوڵی سوور(5) کردوە. دیکارت دواجار دەچێتە ناو سوپای کاسۆلیکی دوک باڤیەر. دەگێڕنەوە کە دیکارت لە شەوی دەیەم و یازدەیەمی مانگی یانزەی ئەو ساڵەدا، سێ خەون دەبینێ، کە زۆریان کار لە هەستیداکردووە و بە بۆچوونی خۆشی بەهۆی ئەو خەونانەوە بنەمای زانستێکی لەرادەبەدەر بۆ ئەو کەشف دەبێ و ئاراستەی بڕیارەکان و کارەکانی دواتری ئەو دەردەکەوێ. ئەو نەزر دەکات کە بچێت بۆ زیارەتی کەنیسەی مریەم لۆرێت (6).

– ساڵی(1620): دیکارت بەڵێنە سەربازییەکانی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە. سەرەڕای ئەمە رەنگە لەشەڕی شاخی سپی(7)دا (لە پراگ) بەشداریی کردبێ، شەڕێکی کە بە هۆیەوە فرێدریکی پێنجەم(8) پاشای بوهێم کە پشتیوانی لە پرۆتستانەکان کردوە، تاج و تەختی بەخت بووە، ئەگەر هەیە دیکارت پێش هەڵگیرسانی شەڕ سوپای بەجێ هێشتووە و بەشداریی تێدا نەکردووە. شایانی باسە کە فرێدریکی پێنجەم باوکی شازادە خاتون ئێلیزابێت بووە، ئێلیزابێت لە ساڵی (1643)ەوە وەک چاکترین دۆستی دیکارت دەرکەوت.

– ساڵی(162 ـ 1621): سەبارەت بەم قۆناغە زانیارییەکی وەها بەدەستەوە نییە، هەر ئەوندە دەزانین کە دیکارت زیاتر لە سەفەرکردندا بووە.

– ساڵی (1622 ـ 1623): لەم ساڵنەدا دیکارت لە فەرەنسا نێشتەجێ دەبـێ و موڵکە بە میراث پێگەیشتووەکانی خۆی دەفرۆشێت، هەتا سەربەخۆیی دارایی و هێمنی و ئاسودەیی خۆی دابینبکات، بەگشتی دیکارت لە ژیانیدا دارایییەکی باشی هەبووە. هەڵبەت زانیاری ورد لەسەر داهات و بژێوی ئەو بەدەستەوە نییە، ئەگەر هەیە کە لە بانکەکانی هۆڵەندەدا پارەی خەواندبێ. ساڵی (1647) ناوی بۆ وەرگرتنی مانگانەی هەمیشەیی لە دەربار تۆمار دەکرێ، بەڵام دیکارت هیچ کات بەکردەوە مانگانەکەی وەرنەگرت. تەنانەت لەو ماوە کورتەی کە لە سوپادا بووە نە موچەی وەرگرتووە، نە یارمەتی مانگانە.

– ساڵی(1623 ـ 1625): لەم ساڵنەدا دیکارت لە ئیتاڵیا چووە بۆ سەیرو سەفەر.

– ساڵی(1625 ـ 1628): ئەو لە فەرەنسا و بەتایبەتیی لە پاریس نیشتەجێ بووە.

– ساڵی(1628): دیکارت لەم ساڵەدا سەرقاڵی نوسینی دەقی لاتینی کتێبی قواعد بووە، بەڵام نەیتوانیوە تەواوی بکات و لە سەردەمی ژیانی نوسەردا چاپ و بڵاونەبۆتەوە. یەکەمجار لە ساڵی (1701)دا، واتە (51)ساڵ پاش مردنی فەیلسوف چاپیان کردووە. دیکارت لە وەرزی پاییزی هەمان ساڵەدا دەچێ بۆ هۆڵەندە و تا ساڵی (1649)لـەوێ دەژی، ئەو بێجگەلە پێنج ساڵی کۆتایی ژیانی نەبێ زۆربەی جاران شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی دەگۆڕیوە.

– ساڵی(1633): لە مانگی یانزەی ئەم ساڵەدا دیکارت ئاگادار دەبێ، کە نوسینەکەی گالیلۆ لە مانگی ژووەندا شەرمەزارکراوە، لەبەرئەوە کە نامایلکەی جیهان بە زمانی فەرەنسا تەواودەکات، خۆی لە چاپکردنی دەبوێرێ.

ئەم نامایلکەیەو دەقی فەرەنسایی نامایلکەی مرۆڤ لە ساڵی (1664)دا واتە چواردە ساڵ پاش مردنی فەیلسوف چاپ و بڵاوبووەتەوە.

- ساڵی(1637): لە ژووەنی ئەم ساڵەدا، نامایلکەی پەیڤ لە رەوشتدا بە زمانی فەرەنسا لە شاری لیدن، بە بێ ناوی نوسەر چاپدەکرێ، هەروەها لەگەڵ چەند نامایلکەیەکیش سەبارەت بە زانستی بینین و نێزەکیەکان و هەندەسە. زیاتر سەرنج بەم سێ نوسینەی دوایی دەدرێ، کە هەڵبەت کەوتنە بەر رەخنەی زانایانێکی وەک رۆبێرڤال(9) و فێرما(10) کە باوکی پاسکاڵیش لەگەڵی هاوڕابووە، بەپێی گرێبەستێکی کە، سەبارەت بەم بەرهەمە، لەگەڵ بڵاوکەرەوە نوسرابوو، هەموو مافەکانی نوسەر بە خۆڕایی درابوو بە بڵاوکەرەوەی کتێبەکە و بەگشتی دووسەد بەرگ لەم کتێبە چاپکراوە.

- ساڵی(1640): لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەم ساڵەدا ژۆئاشیم دیکارت باوکی دیکارت دەمرێ.

- ساڵی(1641): چاپی دەقی لاتینیی تێڕامانەکان. چاپی یەکەم شەش رەخنەو وەڵامی تێدایە، بەپێی خوێندنەوەی دەستنوسەکە نوسراوەتەوە، لەگەڵ دەقی سەرەکی چاپکراوە.

وەرگێڕانی فەرەنسایی دەقی تێڕامانەکان لە ئەستۆی کەسێک بووە، بە ناوی لویین(11) و رەخنەکان و وەڵامەکانی دیکارت لە لایەن کلێرسێلیە(12) وەرگێڕدراوەتەوە، کە بە گشتی ساڵی (1647) لە پاریس چاپ و بڵاوبووەتەوە. خودی دیکارت چاوی بە دەقە فەرەنسیەکە کەوتووە، لەبەرئەمە بەشێک لە خاڵە فکرییەکانی تایبەت بە خۆی وردتر روونکردوەتەوە. بە بۆچوونی بایە(13) دەقی فەرەنسییەکە بە تەواویی جێمتمانەیە.

- ساڵی(1641 تا 1645): لەم قۆناغەدا فکرو ئەندێشەی دیکارت بە تەواوی مشتومڕی لەسەر دەکرێ و لە دیسامبری (1641)، لە شاری ئوترێشت(14) کەسێک بە ناوی ڤۆتیوس(15) کە مامۆستای زانینگەیە و چەندین ساڵ دژی بیروبۆچوونی دیکارت بوو بەفەرمی بەبێ دینیشی تاوانبار دەکات.

لە (17)ی مارسی (1642)، زانینگە ئەو شتە شەرمەزار دەکات، کە پێی دەڵێ فەلسەفەی نوێ (بەبێ ئاماژەکردن  بە ناوی فیلسوف). ناکۆکی هەروا درێژەی دەبێ، هەتا ساڵی (1643) شەرمەزارکردنێکی دیکە، توشی فەلسەفەی دیکارت دەکەن، کە ئەمجارەیان لەوە دەچێ زۆر مەترسیدارتر بووبێت. هەڵبەت بە ناوبژیوانی دۆستانی دیکارت و باڵیۆزی فەرەنسا لە هۆڵەندە، لە هەڕەشەکان کەمتر دەبێتەوە.  لە ساڵی (1645)مشتومڕەکان بە گرژیەکی زیاترەوە دەست پێدەکەنەوە، هەتا ئەوەی لە (12)ی مانگی شەشدا، زانینگە بڵاوکرنەوەی هەموو چەشنە نوسینێکی چاک، یان خراپ سەبارەت بە بۆچوونی دیکارت یاساغ دەکات.

- ساڵی(1643): لەم ساڵە بەدواوە دیکارت، لەگەڵ شازادە خاتون ئێلیزابێت، کچی  پاشای پێشووی بوهێم.

- کەلە ساڵی (1627)بـووەتـە پەنابەر لە وڵاتی هۆڵەندە، نامە دەگۆڕێنەوە، ئەم نامە گۆڕینەوەیە هەتا دوایین هەفتەی ژیانی دیکارت درێژی هەبووە.

- ساڵی(1644): لە مانگی پێنج تا مانگی دەی ئەم ساڵە، دیکارت لە فەرەنسا بووە لە ئامستردام کتێبی بنەماکانی فەلسەفە بەزمانی لاتینی لە غیابی دیکارتدا بڵاودەبێتەوە. رێکەوتی چاپ، ٧/١٠ و کتێبەکە پێشکەشی شازادە خاتون کراوە.

دەقی فەرەنسایی ئەم کتێبە لە مانگی (1645/٥) لەلایەن قەشەیەک بەناوی پیکۆ(16)وە وەرگێڕدراوە، بەڵام چاو پێداخشاندنەوەی دیکارت ماوەیەکی زۆری پێچووە، هەربۆیە دەقی فەرەنسایی ئەم بەرهەمە لەساڵی (1647) لە پاریس چاپ و بڵاوبووەتەوە. لە سەرەتای ئەم چاپەدا نوسراوەیەک لە دیکارت لەژێر سەردێڕی نامەی نوسەر بۆ وەرگێڕ چاپکراوە، کە لەو ڕێکەوتەوە تا بە ئێستا بە بەرایی دیکارت لەسەر کتێبی بنەماکانی فەلسەفە زانراوە.

– ساڵی(1645 و 1646): دیکارت بەخواستی شازادە خاتون ئێلیزابێت، تەواوی وەرزی زستانی بۆ نوسینی نامایلکەی ئاڵوگۆڕە ناخییەکان تەرخانکردوە.

– ساڵی(1647): لە مانگی چواردا لە لیدن دیکارت بە پلاژین(17) تاوانبار دەکەن. ئەم تاوانە لەلایەن کەسێکەوە بەناوی هانری لێرەی(18) بووە و شکاتی لێکردوە. ئەم جارەش باڵیۆزی فەرەنسا هانا دەبات بۆ شازادە ئورانژ، هەتا بەر بەقوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان بگرێ. لەئاکامدا زانین گە لە ئوتی ئەو ساڵەدا، هەر چەشنە راو بۆچوونێک سەبارەت بە دیکارت قەدەغە دەکات. لە مانگی شەش و یانزەدا دیکارت، بۆ دووەم جار چووە بۆ فەرەنسا.

لەم ماوەیەدا پاش ناکۆکییەکەی کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەگەڵ هۆبز و گاساندیدا بوویەتی، لەگەڵیان ئاشت دەبێتەوە و سەردانی پاسکالیش دەکات، لە مانگی دیسەمبر دیسانەوە لەگەڵ ڕێژیوس تێکدەچێ، لەئاکامدا زانینگەی شاری لیدن لە ساڵی (1648)دا رازی دەبێ، کە کورسییەکی بەتاڵی مامۆستایەتی بدات بە دیکارت.

– ساڵی(1648): لەمانگی پێنجەوە تا مانگی ١٠، دیکارت سێهەمین و

دوایین سەفەری بۆ فەرەنسا دەکات، کە لەبەر ئاژاوە سیاسییەکانی ناسراو بە فرۆند زۆر کورت بووە. هەمان ساڵ مانگی نۆ مێرسێن کۆچی دوایی دەکات، دیکارت هەشت ساڵ لە مێرسێن گەنجتر بووە، لە خوێندنگەی لافلێش لەگەڵی ئاشنابوو، لە راستیدا لە تەواوی تەمەنیدا دۆست و هاوڕێی بووە و نامەی بۆ نوسیوە. کاتێ دیکارت دەچێ بۆ هۆڵەندە، بە کردەوە ئەو وەک نوێنەری خۆی لە پاریس دادەنێ. (بایە) بە رەخنەگرتن لە مێرسێن کوتویەتی کە: ئەو توانستێکی تایبەتیی هەبووە بۆ سازکردنی ناکۆکی و درێژەپێدانی لە ناو زاناکاندا. لەم ساڵەدا دیکارت چاو بە نامایلکەی مرۆڤدا دەخشێنێتەوە و تەواوی دەکات.

- ساڵی(1649): لە مانگی شوباتی ئەم ساڵەدا کریستیەن مەلەکەی سوید دیکارت بانگهێشتدەکات، بۆئەوەی لە سوید بمێنێتەوە. دیکارت لە سەرەتادا زۆر دوو دڵ دەبێ، بەڵام لەئاکامدا لە مانگی ١٠ دەچێت بۆ ستۆکهۆڵم. لە مانگی یانزەی ئەم ساڵەدا لە پاریس دەقی نامایلکەی ئاڵوگۆڕە ناخییەکان چاپ و بڵاودەبێتەوە.

- ساڵی(1650): دیکارت لە (11) شوباتی ئەم ساڵەدا لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی دەکات. نوسین و بەڵگەنامەکانی کۆ دەکرێنەوە و دەدەرێ بە کلێرسێلیە و ئەویش هاوپێچ، لەگەڵ نامەکان لەسێ بەرگدا چاپیان دەکات، (لە ساڵەکانی 1657 و 1659 و 1667).

- ساڵی(1691): لەم ساڵەدا کتێبی ژیانی دیکارت لە دوو بەرگدا لەلایەن ئادرین بایەوە چاپدەکرێ.

**پەراوێزەکان:**

1. la Fleche

2. Clavius (1537 ـ 1612): زانای بیرکاری، خەڵکی ئەڵمان کە زیاتر لە رۆما ژیاوە .

3. Maurice J de Nassau (1567 ـ 1695): شازادە پرۆتستان ئورانژ. ئەو پاش باوکی بەدەسەڵات گەیشت و لە شەڕە جۆراوجۆرەکان لێوەشاوەیی زۆری لە خۆی نیشاندا و بە شانازیی زۆر گەیشت، کە لە ئاکامدا لەساڵی 1600 شەڕی نیوپوردا تێک شکا.

4. Beeckmann (lsaac) (1588 ـ 1637): زانای بیرکاری و فیزیک، خەڵکی هۆلەند.

5. Rose Croix

6. Lorette

7. Montagne J Blanche

8. Frederic V (1596 ـ 1632): ئەو لە سەرتادا وەک "نوێنەری پالاتن" بووە و پاش ساڵی 1619 هەتا 1620 بووەتە پاشای بوهێم. لە ژێر کاریگەریی ژنەکەی لایەنگریی لە پرۆتستانەکان کردو لە شەڕەکانی سی ساڵەدا لە ساڵی 1620، لە شەڕی "شاخی شپی"دا دۆڕا و هانای برد بۆ (Provinces unies) کە لەو سەردەمدا بە باکووری بلژیک دەکوترا.

9. Roberval (1707 ـ 1632): رەخنەگر و ناسێنەری دیکارت.

10. (Fermat (p.) (1601 – 1665

11. Luynes

12. Clercelier (Claude) (1614 ـ 1684): فەیلسوفی فەرەنسایی کە هاندەر و دۆستی دیکارت بووە، بیروڕا گۆڕینەوەی زۆر گرنگی لەگەڵ

دیکارتدا هەبووە. ناوبراو پاش مردنی دیکارت، بەشێک لە بەرهەمەکانی ئەوی وەک نامایلکەی مرۆڤ و جیهان و.. }چاپکردوە (1677).

13. Baillet (p. Adrien) : لەو کەسانە بووە، کە لە دەیەی کۆتایی سەدەی هەڤدەیەمدا دیکارتیان ناساند.

14. Utreecht

15. Voetius (Voet) (1589 ـ 1676): پەیڤداری پرۆتستان لە هۆلەند و مامۆستای زمانە پیرۆزە رۆژهەڵاتییەکان و زۆر نەیاری دیکارت بوو.

16. Picot

17. Pelagien: سەر بە رێبازی پێلاژ، داهێنەری ناسراوی مەسیحی لە سەدەی پێنجەمی زایینی کە ئیمانی تەنیا دەگەڕاندەوە، بۆ ئیرادەی شەخسیی مرۆڤ.

18. Henri Le Ray (1632 ـ 1707): بە رێژیوس ناسرابوو، لە سەرەتادا لە خوێندکارانی دیکارت بوو، پاشان دژایەتیی لەگەڵ کرد. ئەو بەشێک لە باسەکانی دیکارتی بە شێوەی سادە نووسیوەتەوە.

**سەرچاوە:**

دکارت و فلسفەی او، تالیف: دکتر کریم مجتهدی، چاپ اول: 1382، انتشارات امیرکبیر.

# ((بیر دەکەمەوە کەواتە هەم))

## چاوخشاندنێك بە فەلسەفەی دیکارتدا

لەفارسییەوە: مەهدی سامانپور

رینیه دیکارت، جگەلەوەی  فەیلەسوف بوو یەکێک لە ماتماتیکزانو فیزیکزانە گەورەکانی چاخی رۆشنگەریش بوو، بەشێوەیەک کە بەباوکی ئەندازەی شیکاریش ناوزەد کراوە. دیکارت لە31ی ئازاری (1596) لەفەرەنسا هاتوەتە دنیاو دوای قۆناغی خوێندنی هەشت ساڵەی لەتەمەنی بیست ساڵیدا روویکردوەتە گەڕانو دوای ئەوەش وەک خۆی دەڵێ هەوڵیدا بەدوای زانستو ژیری دابگەڕێ.. لەو رووەوە چووەتە ریزەکانی سوپای هۆڵەنداوەو چۆتە جەنگو بەم شێوەیە سەردەمێکی تەمەنی خۆی لەبەشە جیاجیاکانی ئەوروپا بردوەتە سەر. ساڵی (1629) دیسان دەچێتەوە هۆڵەنداو نزیکەی بیست ساڵ لەوێ و لەرەوشێکی ئارامدا خەریکی لێکۆڵینەوە دەبێ. لێکۆڵینەوەکانی دیکارت زیاتر ئەزمونو رامانی تایبەتی خۆی بوون، ئەو کەمتر سوودی لە کتێبو بابەتی نوسراو وەردەگرت، ئەمە دەمانخاتەوە یادی سوکرات کە لەکۆلانەکانی ئەسینا پیاسەی دەکرد، لەگەڵ هەموو کەسدا دەکەوتە باسکردنی فەلسەفەو هەرگیز شتێکی نوسراوی لەدوای خۆی جێنەهێشت.

دیکارت لە  ١٠ی (1649) لەسەر بانگهێشتی شاژنی سوید بۆ فێرکردنی فەلسەفەی خۆی، چووە دەرباری شاژنی ناوبراو لەستۆکهۆڵم، بەڵام هەلومەرجی ئاووهەوا، هەروەها ئەو شێوەژیانەی کە دیکارت پێیەوە راهاتبوو ئەوی تووشی نەخۆشی هەوکردنی سیەکانکردو لە(11)شوباتی (1650) هەر لەوێدا کۆچی دواییکرد.

ئەو سەردەمەی کە سوکراتی تیدا دەژیا بەسەردەمی (گومان)یش ناودەبراو ئاشکرایە (گومان) نەک هەر باوەڕی ئایینی لاواز دەکاتو دەیخاتە شلەژانەوە، بەڵکو ئاسایشو ئارامی ژیانیش دەشێوێنێ، دیکارتیش کە باوەڕی بە ئایینی مەسیحیەت هەبوو وەک خۆی دەڵێ:" بوونی خوایی وەک پرسە بیرکاریەکان، بەپرسێکی بێ چەندو چوون دەزانی، بۆ نەهێشتنی گوماندارىو رزگارکردنی باوەڕو زانست لەدەستی (گومان) فەلسەفەیەکی نوێی داهێنا، بۆیە ئەویان بەباوکی فەلسەفەی نوێش ناو بردوە".

ئەو وەک ئەرشمیدس کەپێیوابوو: (بۆئەوەی بتوانێت گۆی زەوی هەڵگرێو بیگوازێتەوە شوێنێکی تر، تەنها پێویستی بەخاڵێکی جێگیرو سەقامگرتوو هەبوو)، بەدوای خاڵێکی جێگیردا دەگەڕا، تاکو پاڵی پێوەبدات. لەو رووەوە دیکارت دەڵێ: (لەسەرەتادا دەبێ گومان لەهەموو شتێک بکەیت.) ئەو نەیدەویست هەنگاوی یەکەمو پایەی ساختمانەکە لەشوێنێکی ناجێگیرو سست دابنێو لەدرێژەی ئەو گومانەیدا زیاتر دەچێتە پێشو دەڵێ: (تەنانەت ناتوانین متمانە بەهەستەکانیشمان بکەین، بۆی هەیە هەستەکانیشمان فریومان بدەن)، بەڵام لەو میانەدا ئەوەی کە بۆ ئەو ساغبووەوەو بێ چەندوچوون بوو هەمان ئەو گومانکردنەی ئەو بوو. ئەو گومانە تاکە شتێک بوو کەئەو دڵنیایی پێ هەبوو و تۆ کاتێک گومان دەکەیت، بەمسۆگەری بیردەکەیتەوە، کەبیردەکەیتەوە مسۆگەر بیرت لە بوونەوەرێک کردوەتەوە، یان بەوتەی خۆی:(بیردەکەمەوە، کەواتەهەم).

ئەو دەڵێ: (کاتێ من بڕیاردەدەم کە شتێک هەیە ئەوە، ئەو کاتەیە کە ئەو شتە دەبینم، هەڵبەتە پێویستە خودی خۆشم کە ئەو شتە دەبینم بوونم هەبێ، چونکە رەنگە ئەوەی دەیبینم لەراستیدا ئەو شتە نەبێ، هەروەها بۆی هەیە تەنانەت چاویشم نەبێ کە شتێک ببینێ، بەڵام مەحاڵە

کاتێ دەبینم، یان بیردەکەمەوە کە دەبینم (جیاوازی تیا نییە) بوونم نەبێ)

دیکارت ئەو خاڵە جێگیرەی بەدەستهێنابوو لەدرێژەی باسکردن لەو خاڵە زیاتر دەچێتە پێشو دەکەوێتە هەوڵی سەلماندنی خواوەند، نەفس، دەرخستنی ماهیەتی هەڵە، دەرخستنی ماهیەتی مادەو سەلماندنی جیهانی دەرەکی، کە ئەمانە هەمووی لە نوسراوی (رامانەکان)ی ئەودا کۆکراونەتەوە.

کتێبی رامانەکان نەک باشترین بەرهەمی دیکارتە، بەڵکو بە باشترین و گرنگترین بەرهەمی سەدەی حەڤدە دەژمێردرێ.

بوونی خواوەند لەدیدی دیکارت هەروەک (هەرکەس بیری کردەوە، کەواتە هەیە)ی خۆی بێگومان بوو. ئەو دەڵێ: (وێناکردنی بوونی کامڵ لە هەمووماندا هەیەو پێویستی وەها وێناکردنێک ئەوەیە، کە دەبێ بوونێکی کامڵا، بوونی هەبێ، چونکە ئەگەر بوونی کامڵ نەدەبوو، جگەلەوە ئەگەر ئەو بوونە کامڵە نەبایە، وێناکردنەکەی بە زەینماندا نەدەهات! بەوتەی دیکارت وێناکردنی خواوەند، لەزاتی مرۆڤ دایە ئەو وێناکردنە لەو کاتەی دێینە دنیاوە، وەکو نیشانەیەک کە دروستکەرێک لەسەر ئەو شتەی کە دروستی دەکات دادەنێ، ئاوا لەئێمەدا نەخشی بەستووە، چونکە وێناکردنی کامڵ لەمرۆڤی بێکامڵ مەیسەر نییە“

# سەرگوزشتەی ژیانی دیکارت

**لە ئینگلیزییەوە : شاسوار کەمال مەحمود**

**سەرەتا:**

رێنیە دیکارت (1596-3/31 - 1650/2/11) فەیلەسوف و بیرکاریزان و زانا و نوسەری فەڕەنسی بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرن ناسراوە. تا ئێستاش کارەکانی دەخوێندرێن و لێکۆڵینەوەمان لەسەر دەکرێت. کتێبی(Meditations on First Philosophy) تا ئێستاش پرۆگرامی خوێندنی زۆربەی بەشە فەلسەفیەکانی زانکۆکانی جیهانە، هەروەها دیکارت کاریگەری زۆری لەسەر زانستی بیرکاری هەیە و بەباوکی ئەندازەی شیکاری دادەنرێت، یەکێکە لە پایە گرنگەکانی شۆڕشی زانستی. دیکارت هەمیشە بیروبۆچونی لەسەر بابەتەکان دەردەبڕیوە، دوور لە بیروڕای فەلسوفەکانی پێش خۆی لەکتێبی (Passions of the Soul)دا دەڵێت "بۆچوونەکانم لەسەر بابەتەکان دەنوسم، بەشێوەیەک کەس پێشتر لەسەر ئەو بابەتەی نەنوسی بێت". دیکارت پایەیەکی دیاری تەوژمی عەقلانیەتی سەدەی حەڤدەی ئەوروپایە، کە پاشتر لەلایەن (سپینۆزا، هۆبز، لۆک)ەوە بەردەوام بوو و گەشەی پێدرا. گرنگترین وتەی دیکارت بریتییە لەوەی (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم).

## ژیانی دیکارت:

دیکارت لەناوچەی (La Haye en Touraine)ی فەڕەنسا لە دایکبووە. کاتێک تەمەنی یەک ساڵ دەبێت دایکی دەمرێت و دواتر لە ژێر چاودێری باوکی (کە ئەندام پەرلەمان دەبێت) گەورە دەبێت و خوێندن تەواو دەکات، لە ساڵی (1616) بڕوانامەی زانکۆ لە یاسادا بە دەست دەهێنێ، ئەمەش وەک بەدیهێنانی خۆزگەیەکی باوکی کەحەزی دەکرد ببێت بە پارێزەر.

لە یەکێک لە نوسراوەکانیدا دەڵێت: «بە تەواوەتی واز لە خوێندنەوەی نامەو پەڕتوکەکان دەهێنم، تەواوی گەنجێتیم بەسەر دەبەم لە سەردانیکردنی دادگاکان، تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵک، کۆکردنەوەی ئەزمون خۆم تاقیدەکەمەوە بەو شێوەیەی سامانەکەم هاوکاریم دەکات، بۆئەوەی سوودی لێوەربگرم». لەساڵی (1618) دا پەیوەندی دەکات بە سوپای هۆڵەندا و لەو ماوەیەدا چاوی دەکەوێت بە ئیسحاق بێکام و پێکەوە باس لە کەوتنە خوارەوەی تەنە قورسەکان دەکەن. لەساڵی (1620) لە جەنگێکی نزیک براگ بەشداردەبێت. لەساڵی (1622) دا دەگەڕێتەوە فەڕەنسا و ژیانی خۆی لە پاریس و هەندێک بەشی ئەوروپا بەسەردەبات و دەستدەکات، بە فرۆشتنی ئەو موڵک و سامانەی هەیەتی و بەشداری لەکاری (گرێ بەست) کردندا دەکات، لەم کارەیەدا قازانجێکی ئەوتۆ دەکات کە بەشی تەواوی ژیانی دەکات، پاشان دەچێتەوە هۆڵەندا و لە زانکۆ بیرکاری دەخوێنێت. لەوماوەیەدا دەبێت کە پەیوەندی لەگەڵ ئیسحاق بیکام تێکدەچێت، لەبەرئەوەی ئیسحاق، دیکارت تاوانبار دەکات بەدزینی بیروبۆچوون و زانیاریەکانی. هەر لەوماوەیدا لەگەڵ ئافرەتێک پەیوەندی دەبەستێت و منداڵێکی لێی دەبێت بەناوی (Francine)

لەماوەی مانەوەی لە هۆڵەندا بەردەوام شوێنی نیشتەجێبوونی دەگۆڕێ، لە چەند شوێنێکی جیاواز ژیانی بەسەر دەبات. سەرەڕای ئەو هەموو جوڵە بەردەوامەی لە هۆڵەندا دەیکرد، بەڵام لەو ماوەیدا زۆرترین و باشرین کارەکانی نوسیوە. لەوێ شۆڕشی فەلسەفی و بیرکاری دەستپێکرد. لەساڵی (1633)دا ئەو کاتەی کڵێسای کاسۆلیکی رۆمانی گالیلۆیان ناچارکرد، لە بیروبۆچوونەکانی دەربارەی گەردوون پەشیمان ببێتەوە، دیکارت چاپکردنی کتێبەکەی بەناوی (Treatise on the World) راگرت. لەو کتێبەدا دیکارت باس لە چوار یاسای هزر دەکات و دەڵێت:" زانیاریەکانمان لەسەر بناعەیەکی پتەو خۆیان رادەگرن"، دواتر دیکارت بەردەوام دەبێت لە نوسین وچاپکردنی پەڕتوکە فەلسەفی و بیرکاریەکانی، پاشان لەلایەن پاشای فەرەنساوە خەڵات دەکرێت. لەساڵی (1650)دا لە ستۆکهۆڵم، لەسوید کە وەک مامۆستا بانگهێشتکرابوو، کۆچی دوایی دەکات. بەڕای لێکۆڵەرەوان هۆکاری مردنەکەی دەگەڕێنەوە بۆ هیلاکی و ماندووبونی زۆر لەوماوەیەی کە لە سوید بووە. لەساڵی (1663) کتێبەکانی دیکارت لەلایەن پاپای فاتیکانەوە خرانە لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکانەوە.

**کارە فەلسەفیەکانی:**

دیکارت هەمیشە بەیەکەم بیریار دانراوە کە چارچێوەی فەلسەفی بۆ زانستی سروشتی داناوە. لەکتێبی (Discourse on the Method)دا هەوڵدەدات بگاتە کۆمەڵێک بناغە، کە وەک راستی بناسرێن بەبێشک و گومان. بۆ گەیشتن بەمە کاری لەسەر میتۆدی (methodological skepticism)کرد بەوەی هەندێک شت قابیلی شک و گومان نین، دواتر ئەم بۆچوونەوەی سەرلەنوێ دارِشتەوە، بۆئەوەی ببێتە بناغەی زانیاری

تەواو .بەشێوەیەکی سەرەتایی دیکارت دەگاتە یەک بناغە ئەویش بریتە لە "هزر بوونی هەیە، بیر ناتوانرێت لەمن دابڕنرێت،کەواتە من هەم» بە شێوەیەکی  بەربڵاو ئەم وتەیە بەم شێوەیە ناسراوە (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم). دیکارت پێیوایە ئەگەر گومان لە بیرمان بکەین، ئەوا دەبێت گومان لە بوونیشمان بکەین.دیکارت گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی، کەوا دڵنیایە لە بوونی خۆی، چونکە بیردەکاتەوە، بەڵام بە چ شێوازێک ؟ ئەو پێیوایە پشت بەستن بە هەستەکان، جێگای باوەڕ نییە، بۆیە تەنها شتێک کە شک و گومان هەڵناگرێت بیرکردنەوەیە لە شتەکان. دیکارت بە شێوەیەک پێناسەی هزر»بیرکردنەوە» دەکات بەوەی:(ئەو شتەی لە مندا رووددەدات، دەست بەجێ هۆشیارم بەرامبەری، کەواتە بیرکردنەوە بریتییە لەو چالاکیەی کە کەسێک دەست بەجێ هۆشیارە لەوەی روودەدات). ئەو پێیوایە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە وشتەکان دەبێت بیرمان بەکاربهێنین، نەک هەستەکانمان ئەو دەڵێت:( هەندێک شت کەلە رێگای چاوەکانمەوە دەیبینم لە راستیدا من بڕیار لەو شتانە دەدەم لە رێگەی بیرمەوە).

لە سۆنگەی ئەم تێگەیشتنەوە، دیکارت پێیوایە زانیاری عەقڵی مەحاڵە لەناو ببرێت و بناغەیەکیشە، کە دەتوانرێت زانیاریەکانی دیکەی لەسەر دابنرێن.ئەو بناغەیەش بریتیە لە بیرکردنەوە.

**دوالیزم:**

لە کتێبی (The Description of the و  Passions of the Soul Human Body) دیکارت پێیوایە کە جەستەی مرۆڤ وەک مەکینە (ئامێر) وایە کە تایبەتمەندی مادی هەیە و ملکەچی یاسا فیزیکیەکانە، بەڵام بیر بە پێچەوانەی جەستەوە تایبەتمەندی مادی نییە، ملکەچی یاسا فیزیکیەکانیش

نابێت. بە بۆچوونی دیکارت تەنها مرۆڤ خاوەنی بیرەو کارلێک لەگەڵ جەستەی دەکات، لەرێگەی بیریشیەوە کۆنترۆڵی جەستەی دەکات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا جەستەش کاریگەری لە سەر بیرو عەقڵ دادەنێت، هەروەها پێشیوایە لەبەر ئەوەی ئاژەڵەکان خاوەنی بیرنین، بۆیە هەست بە ئێش و ئازار ناکەن.

**سەرچاوە:**

Wikipedia، the free encyclopedia

# دیکارت گومان و دڵنیایی

**لەفارسییەوە: ناسر حەقپەرست**

هەمووان دیکارت بەدامەزرێنەری فەلسەفەی نوێ دەزانن. دیکارت لە پاش سەدەکانی ناوەڕاست، یەکەم فەیلەسوفی گەورەیە، کە هاورێ لەگەڵ سپێنۆزا، لایبینیتز سەر بەقوتابخانەی عەقڵگەرایین. قوتابخانەیەک کەلەسەر ئەو بڕوایەبوو: بڕوای تەواومان بەو داتایانە هەبێت، کە هەستەکان پێشکەشمانی دەکەن. ناسینی راستەقینەو یەقین تەنیا لەرێگەی عەقڵەوە ئیمکانی هەیە.

**بابەت سەرەکییەکانی دیکارت**

دیکارت لەسەرەتادا لەگەڵ دوو بابەتی سەرەکیدا رووبەروو بۆتەوە:

**مەعریفەی دڵنیایی(یەقین)**

دیکارت لەسەرەتای گەنجی گەلێ بایەخی بە بەماتماتیک دەدا. ئەمەش بەو هۆیەوە بوو، کە پێیوابوو ماتماتیک خاوەن سیستمێکی تەواو و دڵنیاکەرەوەیە، لەحاڵێکدا کەزۆربەی بەشەکانی تری زانیاری، بەتاییەت فەلسەفە بەم شێوەیە نەبوو.

زیاتر لە هەرشتێک سەرەنجی دەدایە فەلسەفە، چونکە فەلسەفەی بە بنەمای مەعریفەی مرۆیی دادەنا و گەر فەلسەفە بەیەقین نەدەگەیشت، نەدەکرا باوەڕ بەهیچ شتێک بکەیت. لەوکاتدا بەشێکی زۆر لەبیرمەندان توشی گومانی رەهای فەلسەفی هاتبوون و دەیانوت: ناکرێ لەهیچ بابەتێکدا بەیەقین بگەین.

دیکارت باوەڕی بەم تیۆرەنەبوو و دەیویست بەهەر شێوەیەک بێت، یەقین بەرێنە ناو فەلسەفەو زانستەوە. هەر بەم هۆیەوە کەوتە شوێن ئەم بیرۆکەیە کە فەلسەفەو هەموو زانستە مرۆییەکان، بەشێوەیەکی وەها تایبەت ئاوێنەبوونیات بکات،  کە وەک ماتماتیک خاوەن یەقین بێت.

## پەیوەندی جەستەو رۆح

لەسەردەمی دیکارت (سەدەی 17 .ز) فیزیک و دواتریش میکانیک، تا ئاستێکی زۆر پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی. یەکێک لە بابەت بەرچاوەکانی فیزیکی نوێ ئەوە بوو، کە مادە خاوەن چ شوناسێکە؟ چ شتێک دەبێتە هۆی ئەنجامە مادی و سروشتییەکان؟ واتەچ شتێک دەبێتەهۆی جوڵەو رووداوەسروشتییەکانی (وەک: باران، سوڕانەوەی هەسارەکان، سەوزبوونی رووک، بومەلەرزەو .....)؟

لەوکاتدا تێڕوانینی مادی و میکانیکی سەبارەت سروشت، برەوێکی زۆری لەنێوان خەڵک و بیرمەنداندا هەبوو. روانگەیەک کەهۆکاری هەموو جوڵەو رووداوەکانی جیهانی بەخودی جیهانو مادەی ئەوەوە گرێ دەدا، نەوەک بابەتی نامادی و میتافیزیک. دەیوت: هەموو شتێک لەدونیادا بەشێوەی ئۆتۆماتیک و بەپێی یاساکانی فیزیک کار دەکات، بەڵام لێرەدا پرسیارێکی سەرەکی لە گۆڕێدا بوو، کە لەگەڵ تاوتوێکردنی مادی لەسروشت ناکۆک بوو: هۆکاری جوڵەکان و کرداری ئێمە مرۆڤەکان چییە؟ ئەم هۆکارە لەدوو حاڵەت بەدەر نییە: یان جەستەو لەشمانە، یان شتێکی تر بێجگەلە ئێمە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا درک بەوەدەکەین، جەستەمان کە مادەی ئێمەیە، لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدایەو خۆمان هۆکاری کردارو ئاکاری خۆمانین، بەڵام ئەم خۆمانە چییە؟ ئایا مەبەست لەو خۆمانە، رۆحی ئێمەیە؟ بەڵام

ڕۆحی مرۆڤ چییە؟ چ پەیوەندییەک لەنێوان ڕۆح و جەستەی مرۆڤ دا هەیە؟ ڕۆحی مرۆڤ بەشێوەیەکی دیاریکراو بابەتێکی مادی نییە: کەواتە، ئایا بابەتیەکی نامادی کاریگەری لەسەر مادەدا دەنێت؟ ئەم کردارە چۆن دەبێت؟ ئەم پرسیارانە بیرو زەینی دیکارتی بەخۆیەوە خەریک کردبوو.

**شێوازی گومانی دیکارت**

دیکارت لەسەرەتادا بۆ دەستڕاگەیشتن بەمەعریفەی یەقین لەخۆی پرسی: ئایا لەراستیدا بنەمایەک بوونی هەیە، تا بتوانم گشت زانیاری و فەلسەفەی لەسەر بونیات بنێم و جێگای گومان نەبێت؟ چارەی دیکارت بۆ ئەم مەبەستە بریتی بوو لەوەی کەلەهەر شتێک گومان بکات. ئەو دەیویست هەموو شتێک لەسەرەتا بەدەست پێ بکات و هەر بەم هۆیەش بەپێویستی دەزانی کەبەهەموو زانیارییەکانی خۆی لە هەستپێکراوەکان (محسوسات)و مەعقولات و بیستراوەکاندا بچێتەوە.

بەم شێوەیە، گومانی ناوداری خۆی کەدواتر بەگومانی شێوە دیکارتی ناوی دەرکرد دەسپێکرد. ئەم گومانەی لەهەرشتێکی تر لا باشتر بوو، تا ئەوجێیەی گومانی کرد لەجیهانی دەرەوەو وتی: بەچیدا بزانم لەخەودا نیم؟ ڕەنگە بەو جۆرە نەبێت کەمن هەستدەکەم، یان بیردەکەمەوە یاخود پێیان وتووم، هەموو ئەوانە وەک ئەوەی لەدونیای خەودا دەیبینم، تەواو خەیاڵ بن. لەبنەڕەتدا ڕەنگەشەیتانێکی خراپەکار فریوم دەدات و بەم جۆرە جیهانم نیشاندەدات؟

بەم جۆرە دیکارت گومانی لەهەر شتێک کردو هیچ بنەمایەکی باوەڕپێکراوی نەهێشتەوە، بەڵام لەئاکامدا بەو ڕەسەنایەتیە گومان هەڵنەگرە گەیشت، کە بەشوێنییەوە بوو. ئەم بنچینەیەش ئەوەبوو:

من دەتوانم گومان لەهەر شتێک بکەم، بەڵام ناتوانم دوودڵ بم بەنیسبەت ئەو واقیعەوەکەگومان دەکەم، بەم پێیە گومانکردنی من بابەتیەکی بەئاشکرا و یەقینە. لەوجێگەشەوە کەیگومان، خۆی جۆرێک لەئەندێشەو فیکرە، کەواتە واقعییەت ئەوەیە کەمن بیر دەکەمەوە، چونکە گومان دەکەم، خاوەن فیکرم، چونکە بیردەکەمەوە کەواتە: کەسێکم هەم کە بیردەکەمەوە، بەم شێوەیە پەی بە بنەمایەکی گومان هەڵنەگر برا، کەجێگەی دوو دڵی نەبوو. دیکارت ئەم تیۆرە بەم جۆرە دەردەبرێت: فەلسەفەی دیکارت من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم. دیکارت بە ئامانجەکەی خۆی گەیشتبوو، فەلسەفەکەشی هەر لەسەر ئەم بنەمایە بونیاتنا.

**بوونی خودا**

دیکارت لە پاش ئەم ئەنجامە، لەخۆی پرسی: ئایا شتێکی تر هەیە کە تا ئەم رادەیە لەدڵنیایی تێدابێت و بکرێ بەدڵنیایی درکی بکەیت؟ وەڵامەکەی بەم پرسیارە ئیجابی بوو. دیکارت دەری بڕی کە وێنا کردنێکی روون و دیاری لەبوونێکی تەواو لەزەینی دا هەیە کەهەمان خودایەو ئەم وێنایە هەمیشە هەبووە. ئەو بەم ئاکامەگەیشت کە وێنای بوونێکی تەواو و توانای رەها، ناتوانێ بەرهەم و وەبەرهێنراوی زەینی ئەو بێت، چونکە ئەو بوونەوەرێکی بەرتەسک و سەقەتەو توانای نییە، بوونێکی تەواو و بێپایان لەبوونەوەرێکی سەقەت و بەرتەسکەوەسەرچاوە بگرێت، لەراستیدا ئەگەر بوونێکی تەواو و کامڵ لەگۆڕێدا نەبوایە، ئێمەش وەها وێنایەکمان نەدەبوو.

واتە ئەوەی کەپێمانوایە بوونێکی تەواو هەیە دەبێ لە هەمانبوون، یان بەواتایەکی تر لەخوداوە سەرچاوەی گرتبێت، کەوایەخوا هەیە.

**دیکارت هەبوونی خودا بەدوو هۆکار دەسەلمێنێت.**

وێنای خودا لەزانی ئێمەدایە. خودا ئەم وێنایەی بەرلەوەی بێینە ژیانەوە تێدا دروستکردوین. هەڵبەت بەشێکی زۆر لەفەیلسوفان دواتر رەخنەی زۆریان لەم جۆرەبەڵگانەی دیکارت گرت، بە ئایدیالیزمیان ناساند.

**بوونی جیهانی دەرەوە(هەستی دەرەوە)**

دیکارت دواتر فەلسەفەکەی لەسەر ئەم دوو بنەمایە، بوونی خۆیی و خودا بونیاتنا. وتی: من لەدونیای دەرەوە درک بە کۆمەڵێک بابەت دەکەم کەمادی نین، کەواتەبەعەقل درککراون نەک بەهەست. وەک درێژە کێشانی(پانتایی، درێژایی و قوڵایی). هەرشتێکی مادی درێژەی هەیە. وەها پێناسەیەک کەبەعەقڵ درک دەکرێن، بەرادەی ئەم واقعییەتەی کەمن هەم، روون و بەرچاوە، کەواتە ئەم بابەتانەش خاوەن یەقینن. دیکارت لەدرێژەدا بۆ سەلماندنی دونیای دەرەوە، لەوێنای بوونەوەرێکی تەواو و کامڵ، واتە خودا کەڵک وەردەگرێ.

**بەم شێوەیە:**

کاتێک عەقڵ شتێکی بەشێوەی روون و جیاواز ناسی، ئەم ناسینەپێویستە تەواو راست بێت، چونکە خودا نەمن فریو دەدات، نە بەرەواشی دەزانێ لەبابەت جیهان و چییەتی ئەو، فریو بخۆم. فریوکاری لە ناتەواوی و ناتەوانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە هەرچییەک بەعەقڵی خۆمان درکی کەین، بەدڵنیاییەوە دروستە و یەکێکیش لەو دیاردانەی بەعەقڵ پەی پێ دەبەین، بوونی جیهانی دەرەوەیە.

### سێ بنەماکەی دیکارت

کەواتە دیکارت تا ئێرە پەی بەسێ جەوهەری تەواو دڵنیا (یەقین) بردوە، کە بەوتەی ئەو ناکرێ بەهیچ شێوەیەک گومانیان لێ بکەیت.

1- بوونەوەرێکی خاوەن ئەندێشەیەو بوونی هەیە.

2- خودا بوونی هەیە.

3- دونیای دەرەوەش بەڕاستی بوونی هەیە.

بەبڕوای ئەو، بنەمای هەموو بوونەوەرەکان و ئەوەی کە لە دونیادا بوونی هەیە، دەکرێ بەدوو بابەتی بنەماییەوە پێناسە بکرێت. هەموو شتێک لەو دوو جەوهەرە پێکهاتووە، بەواتایەکی تر دوو جۆربوونی تەواو جیا هەیە، کەهەرکامیان خاوەن پێناسەی خۆیانن:

1- جەوهەری رەهەند و درێژەکێشان. (هەستی دەرەوە)

2- جەوهەری ئەندێشەو فیکر. (هەستی دەروونی)

هەناسەو ئەندێشە، هۆشیارییەکی پوختە، جێگەیەک لەهەوادا ناگرێت، ناکرێت بەسەر شتگەلێکی بچوکتردا دابەشی بکەیت، بەڵام مادە رەهەند یان درێژەکێشانێکی تەواوەو خاوەن شوێنە، هەربۆیە دەکرێت بەسەر بەشگەلێکی چکۆلەتردا دابەشیکەیت، وێرای ئەوەش کە مادە خاوەن هۆشیاری نییە.

بەم شێوەیە لەروانگەی ئەودا، هەستی(بوون)و خوڵقاندن دوو بەشی تەواون، جیاو سەربەخۆ لەیەک دابەشکراوە. بەم هۆیە دیکارت بەدوالیزم(dualist) ناو دەبەن، واتە کەسێک کەقائیل بەدابڕانێکی قوڵە لەنێوان هەستی ئەندێشەو هەستی مادە.

جێگای سەرەنجە کەبەبڕوای ئەو لەنێوان ئەم دوو جەوهەرە لە جەستەی مرۆڤ لەرێگەی ئەندامێکی تایبەت لەسەردا کەبەلووی سنەوبەریی

ناوی دەباث، پەیوەندییەکی قوڵ هەیە.

لەروانگەی ئەوەوە بەشێوەی گشتی سێ جەوهەر بوونی هەیە: هەناسە، جەستە، خودا.

دیکارث ئەم سیانە بەجەوهەر ناودەباث، چونکە هەریەکەیان ثایبەث بەزاثی خۆیەثی و هەرکامەیان پێناسەیەکی بنەڕەثیان هەیە، کەثایبەث بەخۆیانە.

بەم شێوەیە: هەناسە= فیکر

جەستە= رەهەند

خودا= کامڵ

**سەرچاوە:**

سایث روشد

# فەلسەفە لە دیدی دیکارتدا

ئا/ لاوەند عەلی

لەراستیدا بەدەرکەوتنی دیکارت لەدنیای بیرییدا، فەلسەفە لەگۆشەگیری رزگاری بوو، بەوەی توانی فەلسەفەیەکی مۆدێرن و گونجاو بۆ سەردەمێکی نوێ بهێنێتە گۆڕێ، واتە رەسەنایەتی تاک ولێکۆڵینەوەی هۆشیاری مرۆڤ، بووبە بابەتیەکی سەرەکی فەلسەفەو فەلسەفەی شیکاریش، بوویە لقێکی بەهێز لە باسەکانی دیکارتدا.

پێش دیکارت چ لە یۆنانی کۆن و چ لەفەلسەفەی سەدەی ناوەڕاستدا کەئاینی مەسیحی کاریگەری بێ سنورو گونجاوی لەسەری هەبوو، باس و خواست لەسەر مرۆڤ و عەقڵ و ناسینی ئەم دوو پێشنیارە بوو، بەکەمێک سەرنجدان لەبەرهەمی فەیلەسوفانی وەک ئەفلاتون و ئەرستۆ لەیۆنانی کۆن دواتریش لای قەشە فرانسیس، تۆماس ئاکویناس، ئەفلوتین... دەتوانرێت ئەوە هەڵبهێنجرێت کە ئەم باسە (عەقڵ و مرۆڤ) لە مێژووی فەلسەفەی کلاسیکیدا، جێگەیەکی گرنگ و تایبەتمەندیەکی باشی بەخۆیەوە پەیوەستکردبوو، لێکۆڵینەوەکانی سوقرات و بیرو بۆچونەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ گەواهی ئەم حاڵەتەن، دوا بەدوای ئەمیش لەگەڵ بەردەرکەوتن و جێگیربوونی ئاینی مەسیحی حکومەتی ئیسکولاستیک (مەدرەسی) لە دایکبوو، بەپێچەوانەی ئەوەی کەوێنا دەکرێت، عەقڵ و مرۆڤ و رەخنەسازی ئەم دوانە ئێستا یەکێکە لەگرنگترین باس و لێکۆڵینەوەی فەلسەفەو حیکمەت، بەڵام ئـەوەی بووەتە جیاوازی لە نێوان سەردەمی نوێ و سەردەمی کلاسیکیدا، هەست و بەیەکگەیشتن و هەستکردنی ئەم چەمکانەیە لە

زەیندا، لە فەلسەفەی کلاسیکدا بەشێوەیەکی گشتی کە سەردەمی یۆنانی کۆن و دەرکەوتنی مەسیح تا ناوەڕاستی سەدەی (16) لەخۆ دەگرێت، ئەم چەمکانە واتایەکی تایبەتیان هەبوو، واتایەک کە لەوانەیە بۆ خەڵکی ئەمڕۆ لەگەڵ ئاستی واتایی تایبەتی خود، کەمێک دور لەواقع و هەلومەرجی عەمەلی ژیان بخاتەڕوو، عەقڵی کلاسیکی تاکە عەقڵێک بوو کە بنەمای جیهان و بوونی چەسپاند، عەقڵێک کە دورستکەری جیهان و (بوونی حەقیقی و بوونی راستی)و عەقڵێک کە دەبێت بەرەو ئەمەو دەرکردنی ئەمەوە هەنگاو بنێت، چونکە لە خودی خۆیدا جوانەو ئێمە بەرەو عەقڵ هەنگاو دەنێت و ئەو بەداهێنەرو مامۆستای پێکهێنەری رۆحی جیهان دەزانێت.

(عەقڵ) یەکەم یاسادانەر، یان بەواتایەکی جوانتر خودی یاسا بوونە، بەم پێیەش عەقڵ بونێکە کە هەموو بووەکانی تێدایە، هەروەها مرۆڤ واتایەکی گشتی و گشتگیری هەیە، واتە مرۆڤ سەیری (جۆری) خۆی دەکات.

مرۆڤ (ئاژەڵێکی ناتق) بوو، نەک مرۆڤێکی هۆکارساز، یان مرۆڤێکی سامانساز، مرۆڤی کلاسیک وەک تاک ناناسرێت، توانای ناسێنەری ئەم مرۆڤە لەوەدایە، کە مرۆڤێکی تێکەڵەو لە چەند شتێک پێکهاتووە، بەبێ گومان دەبێت ناسینێکی کەم و نەزۆکی هەبێت، چونکە بەهۆی لاوەکی دەتوانرێ سەرقاڵی ناسینی بەشێکی بچوکی تر بێت، ئەوەی لە مرۆڤی کلاسیکدا باسی هەبێت، گەوهەری بوونیەتی ئەو بوو، تاکیەتی و خود، شیاوی گۆڕینی مرۆڤی پێشنیارکراو نەبوو، دیدێک کە لە بارەی ئەم (جۆرە) مرۆڤیەوە بوونی هەبێت، یەکێتی جۆری مرۆڤە، لەوەی کە خوا (لە هەر تاکێک لەتاکەکانی ئادەمی ئامادەبوونی هەیە) پێناسە دەکرێت، بە بەڵگەی ئەمەش یەک بوونی زاتی بەردەوام گەوهەری مرۆیی تاک دەخاتە

ڕوو، هەروەها ئەوەی گرنگی هەیە هەر ئەو گەوهەرە جێگیرو ئاساییە بوو، بەڵام باسی مەعریفەت لەم دەورانـەدا (عەقڵ و مرۆڤ) هەوڵێک بوو بۆ ناسینی ئەم گەوهەرە جێگیرو زاتی ئیلاهیە بەپێی ئەم گریمانەش ئـەوەی دەبێتە هۆی ناساندنی واقـع، کارێکی ئاسایی و نەمرو عەقڵی یەکەمی ناکۆتاییە، نەک شتێکی تر، بەهەرحاڵ ئەگەر شتی تر لەم نێوەندەدا بناسێت، پێویستی بەهۆکارێک دەبوو لەپێناو گەیشتن بەو ناسینە کۆتایی و خوازراوە، بەپێی ئەم تێڕوانینیە، بەهۆی بوون ناسین و مەعریفەت ناسینی تایبەتەوەیە، کەرەوشی پەتی پەیدا دەکات، بەوەی واتا لە ڕوانگەی نیگای گشتی و یەکپارچەوە دەبەخشێتە ئەو، لەم ڕوانگە گشتگیرییە جیهانیەوە شتەکان هەمیشە قوربانی گیانی گشتی و ڕاستی بوون دەبن، دەبێت سەرنج لەوەش بدرێت کەهەر ئەم زەمینەی چەمکە، تایبەتی مرۆڤی کلاسیکیە، بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و مێژووی تایبەتی هەیە، واتە پێشینەیەکی مێژووی و کۆمەڵایەتی تایبەتی هێناوەتە ئاراوە، ئەم تێڕوانینەش کە لەوانە خودی ئەو تێروانینەش بێت، بەو شێوەی کە دیارخەرە زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژووی پەتی هێناوەتە ئاراوە، کەسانی وەک (کلپر، گالیلو، دیکارت، هیوم) لەم زەمینە کۆمەڵایەتی و مێژوییە تایبەتەدا سەریانهەڵداوە.

خواکانی ئەفسانە یۆنانییەکان، خوایانی شێوە مرۆڤ بوون، کە هەمیشە لەگەڵ یەکتردا دەجەنگان و هەڵدەهاتن و هەتا لەپێناو ئافرەتی جواندا، دەکەوتنە کێشمەکێش و هەندێ جاریش ڕیسوا دەکران، ئەم خوا زۆربوونەو سیفاتی شێوە مرۆڤبوونەی ئەمانە، بوونە زەمینەسازی سکاڵاکردنی یۆنانیەکان.

بەهۆی مامەڵە لەگەڵکردنی یۆنان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کۆن و لەئامێزی حکومەتی ئەوکاتەدا، بیری هاوکاریکردن لە زیادبووندا بوو، ئەم

پرۆسە مێژووییە تا دەرکەوتنی مەسیح درێژەی هەبوو، ئەگەرچی دەورانی کپکردندا سەری هەڵدا لەگەڵ گەشەو بونیادنانی کڵێساکاندا هەبوو، چونکە قەشەکان بەئیلاهیات و زاهیدێکی ئەندێشە ئامێزەوە سەرقاڵبوون، لێرەشەوە بوونە هۆی بەردەوام بوونی بیری فەلسەفی لە رۆژئاوادا، لەپاڵ ئەمەشدا ئاشنابوونی رۆژئاوا لەگەڵ فەلسەفەی ئیسلامیدا، هەرچەندە ئەوەندە لێی نامۆ نەبوون و بوونێکی ناوخۆیی ئەمەیان لەلای خۆیان دروستکرد، ئەمەش هۆکاربوو کە فەلسەفەی رۆژئاوا، تایبەتمەندیە تایبەتیەکانی خۆی دوبارە بەدەست بهێنێتەوە، گەشەو سەرهەڵدانی ئەم حاڵەتەش لە بەرهەمی ئەندێشمەندانی وەک (دیکارت، لایب نیتس)دا دەبینرێت.

لەسەردەم و هەلومەرجی سەدەکانی ناوەڕاستدا رێنیسانس رویدا، لەگەڵ ئەم روداوە گەورەشدا ئەحساسی فەلسەفەی مۆدێرن دروست بوو، لەم خولگەیەشدا(دیکارت) سەرنجی لە کرۆکی بیرکردنەوەدا وەک کارێکی سروشتی ئەو ئاشکراکردنەی کە دیکارت قسەی لەسەر دەکات، شتێک نەبوو جگەلە عەقڵ، واتە عەقڵی ئاسایی و گشتییەک کە بنەمای سەردەمی رۆشنگەری بنیادنا، بەڵام کاتی گەیشتنی بە (منی بیرمەند) تەنها زەمینەیەکی مێژویی و چەمکی باسی لێوە دەکراو باسی دەخیل نەبوو، جگەلەمەش رەوشی تایبەتمەند کە دیکارت سودی لێوەرگرتووە لەم رێرەوەدا زۆر کاری لەواقع کردوە.

دیکارت گەورەترین ئامانجی خۆی لە بەدەستهێنانی بنچینەی دڵنیایی دەزانێت، کە شیاوی گومان نەکردنە، بەڵام لەپێناو گەیشتن بەم بنچینە دڵنیاییەی خۆی، لە گومانەوە دەستی پێکرد، دیکارت لەپێناو ئەوەی بتوانێت وێناکردنێکی ئاشکراو روونی بۆ کارەکان هەبێت، سەرەتا لەتەواوی ئەو کارانەی کە کەمێک ئاڵۆزو نەزانراو و گوماناویی بوون، گومانی کردووە

دیكارت هەموو شتێكی روون و جیاواز بەكارێكی دڵنیایی دەزانێت، لەو باوەڕدا بوو كە گەیشتن بەم كارە دڵنیاییە، تەنها لە رێـرەوی گوماندا بەدەست دێت، گومانی دیكارت لەرەگەز، گومانێك نەبووە كە لە مێژووی فەلسەفەدا بەردەوامی هەبێت، دیكارت گومان بەهۆكاری گەیشتنە یەقین دەزانێت، لەبەرامبەر ئەمەشدا دەتوانرێت بوترێ گومانی دیكارت مەبنایەكی رەوشناسی هەیە، نەك مەبنایەكی مەعریفەتناسی، یان بوونناسی، لە پێناو گەیشتن بەبنچینەی یەقین و چارەسەركردنی بابەتكانی ناساندنی خود، لەدوای پێشنیازی رژێمێكی زانیاری و رەوشی ئەندازیاریەوە بوو، حساب و ئەندازیاری لای دیكارت، تەنها كاری دڵنیایی و شیاوی پشت پێ بەستنبوون، لەبەرامبەر ئەمەشدا دیكارت بەداوی زانیاریەكی تایبەتمەندیەوە بوو، لەگەڵ رەوشی یەكسان و زمانی یەك لایەنەدا بگونجێت، كە تەنها لەرێگەی بینەری سروشتی و لەلای مرۆڤ، ئامادەبوونی هەبێت، ئەوەی لای دیكارت گرنگی هەیە، رەوشی كارو لێكۆڵینەوە بوو، دیكارت لە زانستدا جیاوازی ڕاو بۆچوون بەجیاوازی پێكهاتەی زەینی تاك نازانێت، بەڵكو رەوشەكانی بەجیاوازی فۆرمەكان دەزانێ، دیكارت لەو باوەڕەدا بوو، كە عەقڵ لەلای مرۆڤەكان بەشێوەیەكی یەكسان دابەشكراوە، ئەوەی دەبێتە هۆی جۆراوجۆری بیروڕاو تێڕوانینەكان، رەوشە جۆر بەجۆرەكانە، تاكەكان لە رێگەی گەیشتن بەراستی سود لەمانە وەردەگرن، بەڵام لەو روانگەوە كەحەق و حەقیقەت لە یەك شت زیاتر نین، دواتر تەنها یەكێك لەڕاكان دەكرێت دروست بێت و ئەوەی دیاریكراوە ئەوەیە، كەسانێك دەگەنە حەقیقەت كەرەوشی دڵنیایی و تاكی بەكاربهێنرێت، لێرەشەوە تەواوی تاكەكان لەرێگەی چاكەوە دور دەكەونەوە، ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی كەمرۆڤەكان بتوانن حەقیقەت بەشێوەیەكی روون و جیاواز دەرك پێبكەن، ئەوەیە كە تەواوی بریار دراوە پێشوەختەكان و

لاری بیرکردنەوەکانی رابردوو بخەنە لاوە، لە رێگەی گەیشتن بەحەقیقەتدا زەین دەبێت تەواو بنچینە لاوازەکانی رابردوو بخاتە لاوەو هەوڵبدات، لە رێگەی دوبارە بنیادنانەوەو پێشنیازەوە، دەزگایەکی زانیاری دڵنیابەخشی دروست بکات لەپێناو گەیشتن بە سستمێکی دڵنیایی و بەهێز، کە لە تەواوی زانیاریە شاراوەو نادروستەکاندا، خاوەنی روونی جیاوازی بێت، بەبێگومان لەژێر سایەی چوار دەستوری تایبەتییەوە، رەوشیناسین پیادە دەبێت، ئەمەش بەو مەرجەی کە راپەڕاندن و بەردەوامی کارکردن، هەمیشە لە دەستوری کاری خۆماندا جێبەجێ بکەین، ئەم چوار پایە لەلای دیکارت بەم شێوەیە:

1. هیچ کاتێک هیچ شتێک بەحەقیقەت نەزانین، جگەلەوەی کە دروستێتی لەسەر ئێمە بەدیهی بێت.

2. هەر یەکێک لەو کێشانەی کەلەرێگەی خوێندنەوە بەدەستی دەهێنین، تا ئەتوانین بەئەندازەیەک کە بۆ چارەسەرکردن ئاسانە، بیکەین بەچەند بەشێکەوە.

3. بیرەکانی خودیش بەتەرتیپ و لەسادەترین شتەوە پۆلێن بکەین، بەو پێیەی کە زانست لەگەڵیاندا، ئاسانتربێت دەست پێبکەین، تاوەکو کەم کەم بگەینە زانیاریە تێکەڵ و کەڵەکەبوەکان، هەروەها دەبێت ئەم رێکخستنە بۆ ئەو کارانەی کەسەرەتاو کۆتاییان نییە، پۆلێنکردن فەرز بکەین.

4- لەهەر دەستورو پایەیەکی رابـردوودا، ژمارەی ئەو کارانەی کەلێکۆڵینەوەو بەدواداچونی بۆ کراوە، بەکاملی بخەینەڕوو، بە بڕوای دیکارت هەر کەسێک ئەم دەستورانە لەتەواوی قۆناغەکانی ژیانی خۆیدا جێبەجێ بکات، بەشێوەیەکی ورد سودیان لێوەربگرێت، دڵنیایی لەدورترین کاریدا بەدەستدێت.

بەڵام پەیڕەوکردنی چەند بنچینەیەکی ئاکاری، لەپێناو لانەدان

لەرێڕەوی راست و دروستدا، زۆر پێویستن، ئەم بنچینانەش بەگشتی بریتین:

1. پابەندبوون بەیاساو دابونەریتی بەردەوامی ئاینی رەسمی و بڵاو

2. سەقامگیربوون لەسەر کارو ئەنجامی تێڕوانینەکان.

3. زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر دەروون و قەناعەت بوون لەخواست و قبوڵکردنی واقیعەتدا.

ئەگەر کەسێک ئەم دەستورانە لەپاڵ ئەم بنچینە ئاکاریانەدا رەچاو بکات، بەبێگومان دەگاتە حەقیقەت و تەنها لەرێگەی رەچاوکردنی ئەم بنچینانەوەیە کە دەتوانرێ بگوترێ، کەسێک ئاگای لەکارێکە، بەواتایەکی وردتر (زانست لەتەواویەتی خۆیدا، ناسینەو ناسینێکی حەقیقی و بەدیهی) لەهەنگاوی یەکەمدا وەک زانست بەبیرکاری و ئەندازەوە سەرقاڵبوو، لەم حاڵەتەشدا تەنها بەڵگەو پێوانە هۆکاری چەسپاندنی کارە، بەو واتایەی کە (بەڵگە بریتییە لە چەمکێکی ناگوماناوی پەیوەست بە زەینێکی رۆشن و جێبەجێکەر، کە تەنها لە رووناکی عەقڵەوە بەدەست دێت)، کە تەنها لەبەڵگەیەکی سروشتیدا، پێوانەو واتا دەگۆڕێت، ئەم پێوانەش رەوشێکە (کە دەتوانین بەهۆیەوە تـەواوی هەڵێنجراوە زەرورەکـانـی واقیعیەت بەدەستبهێنین، کە لەگەڵ یەقیندا ناسراون) بەکارهێنانی پێوانەکاری عەقڵی، واتە بەتواناترین هۆکارێک، کە سەرچاوەی تەواوی هێزەکانی تری مرۆڤە، عەقڵێک کەلەسەر بنەمای رەوش کار بکات، لێرەشەوە بێگومان دەگاتە حەقیقەتی تەواو، ئەوەیش کە لە کۆتاییدا بایەخی هەیە، رەوشە.

بەم شێوەیە دەتوانرێ بوترێ کەشت و باسەکانی جیهان بەسەر دە گروپدا دابەش دەبن:

1. سادەو ئاسایی.

2. ئاڵۆزو تێکەڵ.

ئێمەش دەبێت لەبنچینەی ئاسایی و سادەوە دەست پێبکەین، بنچینەیەک کەلەتەواوی بنچینەکانی تر یەقین بوونی هەیە، ئاوەکو بتوانین تێگەیشتن و وێناکردن و هەستەکان بەرەوکاری ئاڵۆزتر بەرین، بەمەش (هەموو مەعریفەتی مرۆڤەکان بریتین لە دەرکپێکردنی جیاواز بەرەو رێکخستنی شتە تێکەڵبووەکان، ئەم مەعریفەتە مرۆییە خاوەنی بەشی جیاوازە، کەدەتوانرێت بەم شێوەیە بژمێرێت:

1. کاری سروشتی.

2. کاری ئەزمونی.

3. کارێک کە لە رێگەی گفتوگۆوە بەدەست دێت، ئەگەر ئەم بنچینانە لەپێناو گەیشتن بەراستی و حەقیقەت بەسبن، دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت، کە ئێمە لەحاڵەتی هەڵەداین، واتە کەمێک بێئاگایی، ئێمە دەخاتە هەڵەوە.

بەگشتی لەروانگەی بەرهەمەکانی دیکارتەوە ئەوە دەخرێتەڕوو، کە (بە دەستهێنراوە زانستیەکان، بریتین لە هەرەمێک لەبزوەکان، بەشێوەیەک کە گشتیترین بنچینە لەسەر ئەم هەرەمەوەیە) بەهۆی ئەم رەوشەوە بوو، کە دیکارت سەرقاڵی ئەندێشەکاری بوو (منی ئەندێشە)ی لەسەر قوچەکی هەرەمەکەو بەشێوەیەکی گشتی لەسەر فەلسەفە دانابوو.

1- رۆژنامەی همشهری (3339-3340)

2-اسس الفلسفیە، دیکارت. احمد مطر .

3- دیکارت و عقل، د. کبیسی.

# ڕێنێ دیکارت

پێشڕەو محەمەد

## ژیننامە

دیکارت مرۆڤێکی دەروونگەرا و تا ئاستێک نهێنیئامێز و گۆشەگیر بوو، و دروشمەکەیشی ئەمە بوو: ((ئەو کەسە باش دەژییێت، کە باش خۆی شاردبێتەوە)). دیکارت بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە، لە قۆناغی ژیانیدا لە هۆلاند چەندین جار شوێنی نیشتەجێبوونی گۆڕی. لە 1629دا رستەیەکی نووسی، کە دەتوانین ئەوە بە نهێنی ژیانی ئەو بزانین: ((بڕیارمدا لە پشتی تابلۆکەوە خۆم بشارمەوە، تا ببیستم خەڵکی سەبارەت بەو چ دەبێژن)). لە نزیکەی 1619–1620، یەکێک لە ساڵە گرنگەکانی ژیانی ئەو، دیکارت لە دەفتەری یادداشتە تایبەتییەکانی خۆیدا ئەوەی نووسی:

هونەرمەندەکان، کە فێرکراون هیچ جۆرە نائارامییەک لەسەر دەموچاویان دەرنەکەوێت، ئەوا ماسک دەبەستن. منیش هەمان کار دەکەم. لەبەرئەوەی لەم ئۆپێرایەدا، کە جیهانە تەماشاکارێک بووم، بەڵام ئێستا هاتووەتە سەرم ماسکەکە لاببەم و بچمە سەر تەخت.

رێنێ دیکارت فەیلەسوف، ماتماتیکزان و فیزیکزانی مەزنی نوێسەردەم، لە رۆژی 31ی مارسی 1596 لە شارۆچکەی لاهای پارێزگای تۆرێنی فەرەنسا هاتە جیهانەوە. ئەو تەمەنی سێزدە ساڵن بوو، کە دایکی کۆچی دوایی کرد و هاوکات باوکی دادوەر و راوێژکاری پارلەمانی ئینگلاند بوو.

دیکارت لە ساڵی 1606دا، ئەو کاتەی منداڵێکی دە ساڵن بوو، چووە نێو فێرگەی لا فلێش La Flecheەوە. ئەم فێرگەیە گروپێکی کریستیانیتیان بە ناوی ژۆزڤیتەکان دروستکردبوو و لەوێدا زانستە تازەکانیان لەتەک فێرکارییە کریستانیتییەکاندا دەخوێندرا. دیکارت دوای هەشت ساڵ خوێندن لەم فێرگەیەدا، فێری ئەدەبیات، لۆجیک، ماتماتیک و مێتافیزیک بوو. لە ساڵی 1611، دیکارت لە گۆتارە دانیشتنێکدا، کە تایبەتمەند بوو بە دۆزینەوەی چەند ئەستێرەیەکی بەربڵاو لە دەوروبەری هەسارەی ژوپیتەر، سوودی لە دۆزینەوەکانی گالیلیۆ وەرگرت. ئەم گوتاربێژییە کاریگەرییەکی زۆری دەروونی لەسەر ئەو بەجێهێشت.

دوای تەواوبوون و دەرچوون لە لا فلێش، بۆ ماوەیەک خەریکی خوێندنی ماف و پزیشکی بوو، بەڵام دواتر بڕیاریدا خەریکی گەشت و گەڕان بێت و ئەو جۆرە زانستە فێرببێت، کە بۆ ژیان سوودمەندە. بەم هۆیەوە بۆ ماوەیەک چووە نێو سوپای هۆڵاندییەوە. دیکارت ئەو ماوەیەی لە نێو سوپای هۆڵاندا بوو، لەتەک ماتماتیکدا دەکەوتە خەریکگەرییەوە. لە بەهاری ساڵی 1619، لە هۆڵانداوە رۆیشتە دانیمارک و ئەڵمانیا، و چووە نێو سوپای ماکسیمایلیان، بەڵام زستان گەیشت و لە گوندی نیوبۆرگ لە کەناری رووباری دانوب، بە هۆشێکی ئارام و کاتێکی زۆرەوە، خۆی خەریککرد بۆ لێکۆڵینەوە لە ماتماتیک و چەند ئەرگیومێنتێکی تازەی هێنانە ئارا، کە زۆر گرنگ و تازەو لە پێشکەوتنی ماتماتیکدا کاریگەریی خۆیان هەبوو.

دوای ماوەیەک دیکارت هەوڵیدا هەموو زانستەکان یەکبخات، لە شەوی دەیەمی نۆڤەمبەری 1619دا سێ خەونی بینین. ئەم خەونانە بە ئەندازەیەک ئەویان خۆشحاڵکرد، کە بڕیاریدا سەردانی گۆڕی مادۆنا بکات

له ئیتالیا، ئەو دوای چوار ساڵ سەردانەکەی کرد. له 1619 بەدواوە، چەند ساڵێک بە وڵاتانی ئەوروپادا گەڕا و بۆ ماوەیەکیش له پاریس نیشتەجێ بوو، بەڵام ژیانی ئەوێی بەدڵ نەبوو، لە ساڵی 1628 جارێکی دیکە گەڕایەوە هۆڵاند و لەو وڵاتەدا تا ساڵی 1649 بە تەنهایی و دوور لە هەر قەیرانێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، تەواوی کاتەکانی خۆی تەرخانکرد بۆ توێژینەوەکانی لە بارەی زانست و فەلسەفە. توێژینەوەکانی ئەو زێتر ئەزمونی و لێهزرینی تاکەکەسی بوون و کەمتر سودی لە کتێبەکان وەردەگرت.

لە سێپتێمبەری 1949دا لەسەر بانگهێشتنی کریستینای شاژنی سوێد، بۆ ئەوەی وانەی فەلسەفەی بۆ بڵێتەوە، ڕۆیشتە ستۆکهۆلم، بەڵام زستانی ساردی ئەم وڵاتە ئەسکەندەناڤیا لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە هەموو ڕۆژێک سەعات پێنجی بەیانیان دەبا ڕۆیشتبا بۆ دەرباری شاژن، ئەمانە کاریگەرییان لەسەر دیکارت بەجێهێشت، چونکە لەتەک ئەم ئاو و هەوایەدا نەدەگونجاو سەرەنجام بە نەخۆشی پێنۆمێنیا کۆچی دوایی کرد.

## پرسە سەرەکییەکانی دیکارت

### دیکارت لە سەرەتا لەتەک دوو پرسدا ڕووبەڕوو بوو:

### زانینی جەخت

دیکارت لە سەرەتای گەنجێتیدا زۆر خوازیاری ماتماتیک بوو. ئەمەش بەو هۆیەی دەیبینی ماتماتیک هەڵگری سیستمێکی تەواو جەختە، لە کاتێکدا دیسپلینە زانستییەکانی دیکەو بە تایبەت فەلسەفە بەمجۆرە نین، بەڵام دواتر هزری ئەو بەر لە هەر شتێک ئاراستەی فەلسەفە بوو، لەبەر ئەوەی فەلسەفەی بە بناغەی زانینی مرۆیی دەزانی، ئەگەر فەلسەفەش جەختێتی نەبێت، ئەوا ناشێت متمانە بە هیچ زانستێک بکرێت.

لەو رۆژگـارەدا زۆرێـک لە هزرڤانان گومانگەراییەکی رەهای فەلسەفەییان وەرگرتبوو و دەیانوت: لە هیچ بابەتێکدا ناتوانین بە جەختێتی بگەین. دیکارت ئەمەی پەسەند نەکرد و گەرەکیبوو بەهەر شێوەیەک بێت جەختێتی بخاتە نێو فەلسەفە و زانستەوە.

لەبەر ئەوە، بەم لێهزرینە گەیشت، بۆئەوەی فەلسەفەو تەواوی زانستە مرۆییەکان بە مێتۆدێکی تایبەت لەتەک یەکتریدا ئاوێتە بکات، بەشێوەیەک بناغەی برێژێت، کە وەکو ماتماتیک تەواو جەخت بن.

## پەیوەندی جەستە و دەروون

لە رۆژگـاری دیکارت (سـەدەی حەڤدەهەم) فیزیک و بەدوایدا میکانیک، تا ئاستێکی زۆر پێشخرابوون. یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی ئەم فیزیکە نوێیە، برێتی بوو لەوەی جەوهەری ئەستوو چییە؟ چ شتێک دەبێتە هۆی پرۆسیسە ئەستوویی و سروشتییەکان؟ چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی بزوتن و رووداوە جیاوازە سروشتییەکان (وەک داباریں، خولانەوەی ئەستێرەکان، روانی گیاکان، زەمین لەرزە و هتد...) روودەن؟

لەو رۆژگـارەدا تێڕوانینی میکانیکی و ماتریالی بۆ سروشت، کاریگەرییەکی زۆری لە ناو خەڵکی و هزرڤاناندا هەبوو. ئەو تێڕوانینەی هۆکاری هەموو بزووتن و رووداوەکانی جیهانی لە ناو خودی جیهان و ماتەریالەکەی دەزانی، نەک شتێکی ناماتریالی و میتافیزیکی. واتا دەیانوت: هەموو شتێک لە جیهاندا، بە شێوەیەکی ئۆتۆمات و بەپێی یاسا فیزیکییەکان کار دەکات.

بەڵام لێرەشدا پرسیارێکی سەرەکی لەئارادا بوو، هۆکاری کردار و بزووتنەکانی ئێمەی مرۆڤەکان چین؟ ئەم دوو هۆکارە لە دوو دۆخی دەرەکی بەولاوە هیچی دیکەنین: یان جەستەی خۆمانە، یان شتێکی دیکەی جگەلەوەیە. ئێمە بە شێوەیەکی روون تێدەگەین جەستەی ئێمە، کە ماتریالی ئێمەیە، لە ژێر فەرمانی ئێمەدایە و ئێمە خۆمان هۆکاری رەفتارو کردارەکانمانین، بەڵام ئەمە خۆی چییە؟ ئایا مەبەست لەم خودە، دەروونی ئێمەیە؟ بەڵام دەروونی مرۆیی چییە؟ چ پەیوەندییەک لە نێوان دەروون و جەستەی مرۆڤدا بوونی هەیە؟ دەروونی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاشکرا شتێکی ماتریالی نییە، کەواتە ئایا شتێکی نا ماتریالی کاریگەری لەسەر ماتریال دادەنێت؟ ئەم شتە چۆن شیاوە؟

ئەم پرسیارانە هۆشی دیکارتییان مژوول کردبوو.

**فەلسەفەی دیکارت**

هەمووان دیکارت بە دامەزرێنەی فەلسەفەی نوێکات دەزانن (فەلسەفەی دوای قۆناغی رێنیسانس). ئەو یەکەم فەیلەسوفی مەزنی دوای قۆناغی سەدەکانی نێڤینە، کە لەتەک فەیلەسوفانی وەکو سپینۆزا و گۆتفرێد لایبنیز فێرگەی راسیۆنالیزم (ئاوەزگەرایی) پێکدەهێنن. ئەو فێرگەیەی باوەڕییەکەی بریتیی بوو: ((ناتوانین باوەڕ سێنسەکانی مرۆڤ بکەین، بەڵکو تەنها بە ئاوەز، کە زانینی حەقیقیی و جەخت دەخاتەوە)).

بیۆگرافیای ئەرستۆ

سالنامەی ڕووداوە گرنگە فەلسەفیەکان

| سال | زانیاری |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی پێش زایین | دەستپێکی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بە ئەندێشەی (تالس مەلاتی). |
| کۆتایی سەدەی شەشەمی پ.ز | مەرگی فیساگۆرس. |
| ٣٩٩پ.ز | سوقرات لە ئەسینا بەمەرگ مەحکوم دەکرێ. |
| ٣٨٧ پ.ز | ئەفلاتون ئەکادیمیای خۆی کە بەیەکەمین زانکۆ دەژمێردرێ لەئەسینا بنیاتدەنێ. |
| ٣٣٥ پ.ز | ئەرستۆ خوێندنگەی لیسیۆم لە ئەسینا دادەمەزرێنێ کە دەبێتە هەڤڕکی ئەکادیمیا. |
| ٣٢٤ی زایینی | ئیمپراتۆر (کونستانتین) پایتەختی ئیمپراتۆریای ڕۆم بۆ شاری بیزانس دەگوازێتەوە |
| ٤٠٠ زایینی | (سنت ئاگوستین) کتێبی (دانپیانان)ی خۆی دەنووسێ، فەلسەفە لە نێو یەزدانناسی مەسیحیدا دەتوێتەوە. |
| ٤١٠زایینی | ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆم بەدەستی بەربەرەکان. |
| ٥٢٩زایینی | داخستنی ئەکادیمیای ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستین)، نیشانەی کۆتایهێنانی سەردەمی حکومەتی یۆنانی و دەستپێکی چاخی تاریکی. |
| ناوەراستەکانی | (تۆماس ئاکویناس) هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر ئەرستۆ |

| | |
|---|---|
| سێزدە | |
| ١٤٥٣ زایینی | رووخانی بیزانس بەدەستی تورکەکان، کۆتایهێنانی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریای بیزانس. |
| ١٤٩٢ زایینی | (کریستۆف کۆلۆمب) دەگاتە ئەمریکا، چاخی نوێگەری لەشاری فلورانس و ژیاندنەوەی دووبارەی تەعالیمەکانی یۆنانی. *١٥٤٣زایینی: (کۆپەرنیک) کتێبی دەربارەی خولادنەوەی تەنە ئاسمانیەکان بڵاودەکاتەوە و لەرووی بیرکاریەوە سەلماندی کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسورێتەوە. |
| ١٦٣٣زایینی | کلێسا (گالیلە)ی ناچارکرد کە بە فەرمی تێوری تەوەرە بیبوونی خۆر نکوڵی بکات. |
| ١٦٤١زایینی | (دیکارت)، کتێبی (تێرامان)ی خۆی بڵاودەکاتەوە دەستپێکی قۆناغی فەلسەفەی مۆدێرن. |
| ١٦٧٧زایینی | کتێبی(ئاکار)ی ئەسپێنوزا دوای مردنی خۆی مۆڵەتی بڵاوکردنەوە وەردەگرێ. |
| ١٦٨٧زایینی | نیوتن کتێبی (بنەماکان) بڵاو دەکاتەوە وتیایدا لەسەر پێناسەکردنی چەمکی (کێشکردن) رادەوەستێ. |
| ١٦٨٩زایینی | جۆن لۆک(نوسراوی دەربارەی دەرکی مرۆڤ) بەچاپ دەگەیەنێ دەستپێکی قۆناغی فەلسەفەی ئەزمونگەرایی. |
| ١٧١٠زایینی | (برکلی) کتێبی (بنەماکانی زانستی مرۆڤ) بڵاو دەکاتەوەو ئەزمونگەرایی بەرەو سنور گەلی نوێ دەکێشێ. |
| ١٧١٦زایینی | مردنی لایبنتیس. |
| ٤٠- ١٧٣٩زایینی | هیوم(نوسراوی دەربارەی سروشتی مرۆڤ) بڵاو دەکاتەوە و ئەزموونگەرایی، تا قەڵەمڕەوە لۆژیکیەکەی بۆ پێشەوە دەبات. |

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون به ئەریك فرۆم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون به قوتابخانەیفرانكفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون به بزوتنەوەی فیمینیزم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون به كریشنا مۆرتی | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون به سكیۆلاریزم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون به سیمۆن دیبۆڤوار | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون به ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون به یۆرگن هابرمانس | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون به درێدا | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەكری ئیسلامییەكانی كوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | كتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێكانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |